# ماڵێک لەناو زەریا
# ماڵێک لە تەنیشت بیابان



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

دلاوەر قەرەداغی

# ماڵێک لەناو زەریا
# ماڵێک لە تەنیشت بیابان

کۆی شیعرەکان

١٩٩١-٢٠٠٥



ناوی کتێب: ماڵێک لەناو زەریا ماڵێک لە تەنیشت بیابان – کۆی شیعرەکان
شیعری: دلاوەر قەرەداغی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٣٥٨
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: هەندرێن شێرزاد
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٥
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٧٥)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

# شیعری کۆڵان!

جاری وا هەیە شاعیرێکی تەقلیدی شتە گەورەکان هێندە بچووک دەکاتەوە بەزەحمەت هەستیان پێ دەکرێ، کەچی شاعیری بەهرەمەند شتە بچووکەکانیش بەبایەخێکی بێ وێنە دەردەخا تا ئەو ئەندازەی ترسی ئەوەمان لێ بنیشێ: ئەرێ دنیا جێگەی ئەو هەموو شتانەی تێدا دەبێتەوە؟ ئایا بەرتەسک نییە بۆ نواندیان؟

دلاوەر قەرەداغی لەو جۆرە شاعیرانەی تەرزی دواییە، هەرجارەو کە شیعرێکی دەخوێنمەوە یەکسەر بۆنی ئەو شتە بچووکانە بەدەمارە قووڵەکانی ناخدا شۆڕ دەبێتەوە. ئەو جۆرە بۆنانە وەکی بۆنی ئەو شەتڵە ڕەیحانانەیە کە ئێواران لەسەر دیواریماڵە هەژارەکانی چوارباخ کۆڵان پڕ دەکا لە نەشئە و دڵنیایی دەنگ و ئاوازیشیان لە جریووەی چۆلەکەکانی باخچەی گشتی دەچێ و لێم تێک دەچێ؛ ئەرێ ئەوە سلێمانییە یا شیعری دلاوەرە بەدەستمەوە؟ وەکی دی دلاوەر لە شوانێکی قەدپاڵی گلەزەردە دەچێ تا ئێوارە چاوی هەر لە شارەوەبێ تا تاریک دانێ نایێتەوە ئاوایی، بێ و چی بکا؟ ئەو کە لەو شوێنە چەپەک و ئارامانە سەرچاوەی ئیلهام مسۆگەر بکا چی داوە لە قەرەباڵغی و هەرای ئەسحابە سپی و سەرکارێز؟!

لە شیعری دلاوەردا هێمنی و دڵنیایی دوو توخمی سەرەکی دەربڕینن، زمانی شیعریی ئەو هاوچەشنی گەڵایە لە وادەی پشکووتندا، واتە پرۆسەیەکی زەحمەتە بەڵام مەحاڵ نییە. شیعر نووسین دەرکردنی پەڕوباڵە لە جەستەی بیرکردنەوەدا، وەکی سڵاوکردن سادە و بێ گرێیە بەڵام قووڵە و پڕ مانا و هێمایە بۆ ناسکترین پەیوەندی نێوان مرۆڤایەتی. ترسم هەیە کەسێک مەزەندەی خراپ بکا و وابزانێ نووسینی ئەو تەرزە شیعرانە ئاسانن و توانا و کارامەیی گەرەک نییە، ئەوەیان تەواو نادروستە، وەکی چۆن هاتنی بەیانی بۆ خۆر کارێکی ئاسانە کەچی ئەستێرە قودرەتی ئەو جۆرە کارانەیان نییە، لەگەڵ جیاوازی ئەوەی شیعر کردار نییە، هێزی جوڵاندنە لە ناوەوە. هەموو ئەستێرەکان خڕ ببنەوە توانای دەرکەوتنی بەیانییەکی درۆزنیشیان نییە!

من لە نەوەد و سێوە دلاوەر دەناسم و دوور و نزیک ئاگاداری ئەزموونی ئەو شاعیرە بەهرەمەندەم و دڵم بەو جۆرە بەردەوامبوونەی خۆشە و شاگەشکە دەبم کە شاعیرێکی کورد



لە وێستگەیەکدا گیر ناخوا و پەل بۆ وێستگەی باڵاتر و گرنگتر دەکووتێ. هیوام وایە ئەو کۆی شیعرە وێستگەی ناوەندی ئەزموونی بێ و لەمەودوا بەرهەمەکانی فرەتر و هەمەڕەنگترین.

شیعری تازەی کوردی هەنگاوی باش بڕیووە، کەموکوڕیشی زۆرە بەڵام مادامەکی دەستێک هەیە خەمی سەرەکی گوڵبژێر کردنە ئومێدی گۆڕان لەئارادایە. دلاوەر هەوڵی زۆری داوە باخچەی بەرهەمەکانی ڕازاوەبن بەگوڵی جودا، ئەو گوڵانەی خۆی لە گەشتە بناریبەکانیدا دۆزیوویەتەوە و هێناویەتی. ئەوەش خاڵێکی بنەڕەتییە لە ئەزموونی هەر شاعیرێکدا و سەرکەوتوویی و پێچەوانەی لە هەر ئەزموونێکدا بەپێوانەی ئەو جودابییە دەپیورێ.

دلاوەر بەزەحمەت لە منداڵی ڕزگاری دەبێ هەر بۆیەشە لە پێشەوە ناوم نا شیعری کۆڵان، مەبەستیشم لەو دەستەواژەیە شتێکی تەواو جووایە لە شیعری گەڕەک! کە ئەوەی دوایی تەسک کردنەوەی ئاسۆی شیعر و لە قاڵبدانیەتی، کەچی کۆڵان یەکەم وێستگەی نیشتمانە بۆ جیهان و گوناهە شاعیر دەستەبەرداری بێ.

ماوەی چەند ساڵێکە دلاوەر لە وڵاتی سویید دەژی کەچی هەست دەکەم شیعرەکانی هەر لە سلێمانیدا نووسراون، ئەو جۆر وابەستبوونە بەشوێنەوە دووسەرەیە، ئەگەر زاڵبوونی شیعریەت لای ئەو هێز و گوڕەی نەبووایە پشتی ئەزموونی شاعیری دەچەماندەوە و دەربڕینی بەرەو دووبارەبوونەوە و خۆخواردنەوە پەلکێش دەکرد. ئەگەرچی لە هەندێ قەسیەدەدا ئەو خاڵەش دەرکەوتووە بەڵام حاڵەتێکی گشتی و بەردەوام نییە و دڵنیام دلاوەر لە نزیکترین فرسەتدا بەسەر ئەو کۆسپەش باز دەدا.

«ماڵێک لەناو زەریا ماڵێک لە تەنیشت بیابان» یەکێکە لە کۆشیعرە جوانەکان و یەکەمین جۆگەیە بەرەو زێی گەورە و دەریای بی پایان، لەو پرۆسەیەدا من دۆزینەوەی ئاوەکەم بەلاوە گرنگە، کە شاعیر سەرچاوەی ئاوی دۆزییەوە ئیتر پێویست ناکا دوودڵ بێ لەوەی هەر دەگا بەزەریا!!

دڵشاد عەبدوڵڵا

# له بری پێشەکی

*بۆ دلاوەر قەرەداغی*

*ئازاد صوبحی*

لەبەر کورد ڕێ نییە بڕۆین
لەبەر کورد ڕێ هەیە بمرین
سەیری نەخشەکانی ناو دەستت بکە
بزانە چەند (شۆڕش) دەبینی
چەند پەیکەر دەبینی
سەیری قەبرەکەت بکە و بەئارەزووی سنوورەکانی مردن بژمێرە
نا... بگەڕێوە بۆ ئاوە ڕووت و قووتەکەت... بۆ ماڵەکەت
تۆی مناڵ نەتتوانی لەناو ئەم بەردانە یاری بکەیت
تۆ ماڵێکت هەبوو لەناو دەریا ، ماڵێکیش لە تەنیشت بیابان
ئەگەر هەناسەیەک لە ئاسمانیش وەرگریت هێشتا بیابان
نزیکترە
زەحمەتە لە فیزیای بیابان بگەیت
زەحمەتە لە باخچەی ئەم ئەندازیارانە گوڵ بدۆزیتەوە
زەحمەتە لە هەندەسەی ئەم گوڵانە پەپوولەیەک بڕوێت
زەحمەتە ئەم مامۆستا بەردینە لە ئاو بگات
هاوڕێم... پەپوولەیەک لەسەر قەڵەمەکەتە
ئاگاداری بە



هیچ ڕێگایەک نەماوە تاریکی نەبێت
هیچ سنوورێک نەماوە تاریکی نەبێت
ئەم مامۆستایە قەڵەمەکەت نابینێ
کوان پەپوولەکانت؟ کوان کوردەکانت؟
تۆش هەموو تاریکییەکانت بکەرەوە... با دوواهەمین دەرگاشت
لێ بزر نەبێت
دەرگاکەت جوانە.. وەک ماڵەکەت پڕە لە ئاو.. پڕە لە بێدەنگی
تۆ هێندە ڕووتیت قسەت پێ ناکرێت، یەک ئاوێنەت هەیە
ئافەرین.. ئافەرین کە توانیت ڕۆژێک بەکوردی باسی سەفەر بکەیت
ئافەرین.. کە توانیت شەوێک لە ڕۆما باسی عەشق بکەیت
تۆم بینی لەگەڵ حاجی قادری کۆیی ڕاکشابوون و بەبێدەنگی لەسەر
سەقفی کاتدرائییەک خەونتان دەنووسی.. ئەو لەودیوی زەمەن
تۆ لەم دیوی ژیان.. بەڵام هاوڕێم... ئەمە تابووتێکە بە
کوردی لەسەری نووسراوە:
لەبەر ڕووتیت ڕێ نییە بڕۆیت!

# ئەو گوندە

*بۆ تابلۆی (پێکەنین)ی هونەرمەند جەزا بەکر*

لەو گوندە
خۆر لە خۆرهەڵاتەوە هەڵدێ و
لە خۆرئاواوە ئاوادەبێ
لەو گوندە
قەدەر پیاوێکە گەنم ڕەنگ
نیوەڕوان بەفیکە لێدانەوە
بەژێر سێبەری دارهەنارەکاندا
ڕەت دەبێ
لەو گوندە،
لە هەر جێگەپێیەکدا قسەیەک ڕوواوە
لەسەر پەلکی هەر درەختێک
چرای جریوەیەک هەڵکراوە
خەڵکی ئەو گوندە
نە گوێ لە هەواڵەکان دەگرن و
نە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکان دەخوێننەوە
کەچی لە هەڵبژاردنا
دەنگ بۆ کوکوختییە لیبراڵەکان دەدەن
خەڵکی ئەو گوندە
هیچ لە زەڕب و دابەشکردن و و لێ دەرکردن نازانن
کەچی بەهەناسە



ساڵڕۆژی پشکوتنی گوڵە قەرسیلییەکان
حیساب دەکەن
بە بۆن... بەپیر دیداری گوڵ ئەستێرەوە دەچن
خەڵکی ئەو گوندە
کە دەبنە میوانی گەردەلوول
ورد و درشت
گیرفانەکانیان پڕدەکەن لە سێبەر و هەور و
هەتاو
کەچی لەو سەرەوە
بە باوەشی ئەستێرەوە دێنەوە
خەڵکی ئەو گوندە
بە سڵاو خۆیان دەکەن بەماڵدا و
بە سڵاو لە ماڵ دەچنە دەر
لەو گوندە،
شەوانە ئەستێرەکان دەبنە ئاو
دەتکێنە زاری نوقڵێنی پێکەنینەوە
لەو گوندە
شنەبا کۆچەرەکان
لە ئامێزی تریفەدا خۆیان دەکوژن
لە ئامێزی باڕێزەدا
هەناسە دەدەن و دەڕوێن و
سەوز دەبن
لەو گوندە
گوناه پێی شورەیی نییە
ڕووت و قووت بەدوای ئارەزوودا ڕاکات
کەچی حەقیقەت پێی شەرمە
لە کونی دەرگاوە تەماشای
خۆ ڕووتکردنەوەی گومان کات

کەچی تینوێتی پێی شەرمە
گوێ بۆ چرپەی تەڕ و بڕی خۆشەویستی
هەڵخات
لەو گوندە
ماسییەکان هەر لە یەکەمین بینینەوە
عاشقی قووڵایی دەبن
لەوسەرەوە لەسەر نووکی پێ
بە هێڵە خەتەرناک و خۆشەکانی
خنکان و تەنگەنەفەسبووندا دێنەوە
لەو گوندە
کەس تاقیبی فڕینی پاسارییەکان ناکا
بۆ نموونە:
هیچ کانییەک بەشیعرێک ناڵێ
ئەمڕۆ لە کوێ بوویت؟
لەو گوندە
باخەوانێک دەناسم
سیمای لە هەور و
دەستەکانیشی لە گزنگ
کە دەنوێ:
پەمەیی... پەمەیی دەچێتەوە
کە دەڕوا:
درەخت و پەپوولە و شیعری
ئەو دونیایەی دێنە سەیر
لەو گوندە
بوومەتە هاوڕێی ئاوێنەیەک
عومرێکە
خۆی لە زەریادا تەماشا دەکا!

سلێمانی ١٩٩٣



## تا هەناسە بڕکا قووڵایی

ژیان چ بێباک
قاچی ناوەتە سەر قاچ و
لە بانیژەی ماڵی قومرییەکانەوە
لە پیاسەی نابەڵەدی ئێمە دەڕوانێ
مەرگ چ نیگەران
سیگار بەسیگار دادەگیرسێنێ و
لە قاوشە ڕەنگ هەڵبزڕکاوەکانی تەنیاییدا
وڕێنەکانی ئێمە دەنووسێتەوە
تا چاو بڕکا کەنار
هەر هێندەی گوناه
یەخەی پاڵتۆ مۆرەکەی ڕێک دەخا و
دەستێک بەخۆیدا دێنێ
پەپوولە پاکیزەکان
لە عیشقی کافرترین گوڵەوە دەئاڵێن
گوێ بگرە پەپوولە
ئەوەی گوڵە هێرۆ لەژێر لێوەوە دەیڵێ
گۆرانییە... نەک گلەیی
ئەوەی باخەوان دەیخوێنێتەوە
سورەتی یاسینە نەک شیعر
ئەوەی پشتی دارستانی چەماندۆتەوە

عیشقە نەک سێبەر
خۆزگە زەریا
لە بەرپێکردنی ئەو هەموو میوانە دەبۆوە
ئەوسا دەبینی چۆن
ڕۆحی باخچە لە بەدبینیی باخەوان
پاک دەکاتەوە
هەر هێندەی زەریا دەوری چۆڵ بێ
دەسیسەکانی ئاگر
تووڕ هەڵدەداتە ئۆقیانووس
نامە بەمین چێنراوەکان
لە تەیرەن ئەبابیلەکان دەسەنێتەوە
(نەهەنگیش بەو زەبەلاحییەی خۆی
زەندەقی لە تەنیایی چووە!)
دەشێ ئەو کەنارانە هەمووی درۆ بن
تەنها وێنەیەک بن بۆ جوانی
جوانییەک بن بۆ تەفرەدان
تەفرەیەک بن بۆ خۆشی
خۆشییەک بن
بۆ ڕێگە دووردرێژەکانی مردن
تا هەناسە بڕکا قوولایی
گوێ بگرە برادەر
ئەوەی دەبارێ
ئاگرە نەک باران
ئەوەی دەوەرێ
چاوە نەک گەڵا
جەنگ بەدەستی ئەنقەست
لاسکی گوڵەکانی قرتاند
دەخیلەی پاشەکەوتی ڕیشۆڵەکانی دزی



پاسارییەکانی فێری جگەرەکێشان کرد
بە قەرز سەرو گۆچانێکی بۆ دارهەرمێکان کڕی
ئاسکەکانی فێری قومار کرد
ژەنگی بەعیشق هەڵێنا
یەک بەیەکی لیمۆکانی خوارد و
ئاو زایە دەمی پیرەمێردەکانەوە
گوتیان: ئەوە ئێمە لە ئێستاوە
کڵاوەکانمان پڕدەکەین لە ساماڵ
هەر ئەو پیرەمێردانەش بوون
سەریان لە گوێ کەنار دەلەرزی
کەچی باڵای ژیانیان بەشانە چکۆڵەکانی
گیرفانیان دەپێوا
دەشیانگوت:
ئادەی مناڵینە
ڕێگە بۆ تەنیایی چۆڵکەن
ئەم هەموو ڕۆشناییە چییە... چی؟
خەمتان نەبێ
تا سنووری تەریق بوونەوە
بۆ خوازبێنیکردنی چیمەن دەڕۆین
کچەکانیش گوتیان:
ڕاوەماسی بدەن بەئێمە و
شەڕی نەهەنگیش پیرۆز بەخۆتان!
ئینجا ئێمە
سەرو بەمشتێ تریفە و لەتێ ئەستێرەوە
گەڕاینەوە ماڵ و گوتمان:
ئادەی دڵمان خۆش کە
بەیان!
تا باڵ بڕکا فڕین

که ڕۆیشتی
تینوێتی تۆز لێنیشتووی
سەر ڕەفەکانی منالّیت بیرنەچێ
دەشێ ئەو کاتە
من خەریکی چنینەوەی خۆم بم
سەرگەرمی قەدکردنی ئەو منارانە بم
کە لەگەڵ تەمەنا بەرزتربوونەوە
پێدەچێ پیا ڕانەگەین
لەسەر لمی گەرمی کەنار
بەدیار نوقومبوونی خۆمانەوە
پێکێ هاژە نۆش کەین
لە یەکەمین خنکان و
دووایەمین خۆفرێدانە بوون بگەین
پیا ڕانەگەین
بە دووربینە سکرابەکانی دوای جەنگ
ڕووتیی ماسییەکان بێنینە پێش
لەسەر دەستی ئاو
بچینە سەر تەریقەتی قووڵاّیی!
تا ئاسمان حەزکا شینایی
ئای نیشتیمان لەو خواری خوارەوە
هەر دەڵێی گوندنشینێکی ساویلکەیە و
یەکەمین جارە
بە بەرچنەیەک ترێوە دەگاتە شار
گەورەکان نەیانبینی
منالّەکان بینییان
کاتێ ئەوان
پێشەکی (کتێبی شیعر)ەکەی ئەرستۆیان
دەدڕاند



مام زۆراب
دەنک دەنک مێوژی دەکردە زاری زەریاوە
(شیلان)(*) یش هاتەوە و
مۆسیقای بۆ لێداین
بەڵام حەیفێ ڕوومان نەهات بکەوینە سەما!

بڵێی هەموو ئەوانە
بۆ سەرەخۆشیکردن لە باخەوان هاتبن؟
ئەگینا کراسی خاڵخاڵی گۆرانییان نەدەپۆشی
بەو هەموو ئینجانە شەوبۆیەوە نەدەهاتن
ئەو هەموو ئەسپەیان لەگەڵ خۆیانا نەدەهێنا و
نەیاندەگوت:
هۆ ئەی باخەوان... باخەوانی جەربەزە
گەر ئێمەت دەوێ
ئەوا سەری ئەو کوپەڵە شەرابانە هەڵدەرەوە و
پڕمان کە لە سێو
منالّەکانیش نەیاندەگوت:
هۆ باخەوان... باخەوانی بێ وەفا
تۆ ئێمەت خۆش ناوێ!

تا گمە بڕکا
ژیان!

سلێمانی ١٩٩٥

(*) شیلان: مەبەست لە هونەرمەند (شیلان)ی بالیست و موزیک ژەنە.

# منالێ كه لەوێ هاتەوە وایگوت

ئەنفال لە ڕێی چوونە ژوواندا ڕایگرتین
گیرفانەکانمان گەڕا، نامەکانی دڕاند، وێنەکانی سووتاند
گۆرانییەکانی لەسەر دەنگمان کلۆم دا
ئەنفال بەیانی باشی مەکتەب و
ئێوارەباشی گەڕەک و
شەوباشی ماڵە لۆکەییەکانی دزی
ئەنفال ناوەخت خۆی کرد بەژوورا
ئێمە نانمان دەخوارد
خوانێک لە خۆشەویستی کۆی کردبووینەوە
ئێوارانێک لە دڵنیایی خۆی هەڵدەسوو
لە برینەکانی دوێنێ
شەوانێک لە میهر لەودیو پەنجەرەکانەوە
فیکەی دەکێشا
ناکاو... چراکان کوژانەوە
ئێوارە دای لە شەقەی باڵ و فڕی
شەو زریکاندی و
خۆر دوا ماڵئاوایی لە سنەوبەرە سەوزەکانی
بنارگوند کرد
وای ئەنفال... داری بەسەر بەرد و
منالی بەسەر گڕوگاڵ و



درەختی بەسەر جریوە و
ئاسمانی بەسەر ئەستێرە و
گوندی بەسەر شاخ و
ڕووباری بەسەر هاژەوە نەهێشت
وای ئەنفال... درەختەکانی فریودا
خۆی بۆ ڕاوکردنی مانگ نایەوە
هەنگەکانی ژەهرخوارد کرد
ڕێ و بانەکانی بەمین کێڵا
دەستی نایە بینی گوڵەگەنم
ئەنفال گوتی: چ نییە منالینە
سەفەرێکەو دێنەوە
ئەنفال گوتی: دەچین بۆ سەیران
هەر بەڕێگەوە دوو گوندی بەسەوزی داکرماند
هەر بەڕێگەوە نامەکانی سوتاند
سلاوی لە لێوی منالان هەڵپچوڕقاند
ئەنفال درۆی کرد... سەیران نەبوو
تاریکستان بوو... تاریکستان
سەد و هەشتا و دوو هەزار نیگا
هیچمان ئەویترمان نەدەدی
بەلام گوێمان لە ترپەی دڵی یەکتر بوو
ئەنفال هەمووومانی دەدی و
کەچی ترپەی دڵی هیچ کاممانی نەدەبیست
ئەنفال چاوی بەپەڕۆیەکی ڕەش بەستین
بە بزەیەکی گاڵتەجاڕییانەوە گوتی:
منالینە چ دەبینن؟
گوتمان: هیچ... جگە لە تاریکستان هیچ!
ئەنفال ئاسمانی لەسەر داخستین

ئەرزی لەژێر پێمانا پێچایەوە
ئەنفال جیای کردینەوە... ڕیزی کردین
گوتی: دەستتان بگرنەوە منالێنە
بە دارحەیزەرانێک سەد و هەشتا و دوو هەزار داری
لە دەستی هەریەکەمان سرەواند
پەنجەکانمان وەرین
ئەنفال چاو و هەناسەمانی پڕ کرد لە خۆڵ
داری بەسەر بەرد و
هیچی بەسەر هیچەوە نەهێشت
ئەنفال گوتی: منالێنە سەیرکەن... چ دەبینن؟
گوتمان: هیچ... جگە لە سەحرا هیچ!
ئەنفال درۆی کرد... جگە لە سەحرا هیچمان نەدی
تەنها گوێمان لە ترپەی دڵی خۆمان بوو
کە مردین!

سلێمانی کۆتایی ١٩٩٥



## مەرحەباتان لێ بێ گوڵەکان

*بۆ چێوار*

بەدواما مەگەڕێ هاوڕێم
تا گەڵا بەدرەخت و
ترێ بەڕەز و
منالْ بەکۆڵان و
کچان بەشەقامەوە بن
من لەوێم
ئێوارانێکی درەنگ
گەر سۆراغت کردم هاوڕێم
لە دوورترین سەوزەڵانیدا نوستووم
لەپاڵ تووڕەیییەکانی (ڤاسیلی) و
لەنێو گلەیییە خۆشەکانی خاڵە ڤانیا و
تۆزێک لەولا نەوازشە ئارامەکانی
(سۆنیا)وەم!
کە هاتیت
تەنها خۆت وەرە هاوڕێم
هەواڵی کەسم بۆ مەهێنە
تەنها هەواڵی گوڵەکەم
نامەی هیچ کەسم بۆ مەخوێنەوە
تەنها نامە شەرمنەکانی گوڵەکەم

هاورێم کە هاتیت
پێم مەڵێ
ئەمڕۆ چەند منداڵ مردن و
چەند سوورەچنار ڕەق بوونەوە
پێم مەڵێ
ئەمڕۆ ئاگر لە کوێی تری وڵاتەکەم کەوتەوە و
چەند تانجەرۆ لە تینووانا خنکان و
عەشق سەری بەچەند (عەولە سیس) هەڵگرت!
من بێزارم هاوڕێم
لە سەری سەعات و
لە سەری مانگان و
لە سەری ساڵان
تووڕەم لە ئیمزای موچەوەرگرتن و
لە دانیشتنی ئیستیعلاماتەکانی سیاسەت
تووڕەم لە سەیری
باخچەی بچووک و
عەشقی بچووک و
پیاوی بچووک
بێزارم هاوڕێم
لە شەقامی چۆڵ و
لە شانۆی چۆڵ و
لە شیعری چۆڵ
نیگەرانم لەو زەمەنە بەدەی
کە دۆعای شەڕ لە گوڵ و
نوشتەی ڕەش لە پەپوولە کرا
توڕەم لە زەمەنی
نامەی مینرێژکراو و



پێکەنینی مینرێژکراو و
ستایشی مینرێژکراو
بێزارم لە زەمەنێک هاوڕێم
کە شێر زەلیل و باوی ڕێوی بێ(*)
هاوڕێم کە هاتیت
سەرو زیادمە
کۆپلەیەک لە قەسیدەیەکی خەمبار و
تۆزێک لە کوڵی گریانی کاڵژۆ و
جگەرەیەک
سەرو زیادمە
چەپکێ لە میهرەبانییەکانی ئەختەر و
قومێ لە قسە خۆشەکانی
دادە ڤالا و کاک تۆفیق و ئارام
سەرو زیادمە هاوڕێم
چایەکی خەست و
وەنەوشەیەک لە گوڵزاری دڵە گەورەکەی ئازاد!
ئای دالیاگیان
سبەی کەچوویت بۆ مەکتەب
بیرت نەچێ
یەک یەک گوڵەکانی حەوشە بۆن کە
سوبحەینان وەک باوکت
سەری سڵاوت نەوی کە و
بەهەژارانی سابونکەران بڵێ:
مەرحەباتان لێ بێ
گلێنەی دییەکانی بابە

* دێڕە شیعرێکی سوارەی ئێلخانیزادەی شاعیرە.

دالیاگیان
ئەوێ ساڵێ تۆ مناڵ بوویت
شەوانە بەهەمووومان سیگارێکمان دەپێچایەوە و
تا ڕۆژ دەبۆوە
موتاڵای سەفەرنامەکانی گوڵمان دەکرد
دالیاگیان
تۆ بەحاڵ بیرت دێ
ئەو ئێوارانەی کە (چیخۆف) دەهات بۆ ماڵمان و
نیوەشەوانێ باوکت لەگەڵ (تریبیلیۆف)دا
خۆی دەکوشت
ئای دالیاگیان
ئەوێ ڕۆژێ
تەنگ نەبوو ئەڵقەی خۆشەویستی لە پەنجە و
قووڵ بوو
نووستنی ژێر ئاسمانی هاوینان
دەی دالیاگیان
(چا)کە بخەرە سەر ئاگر و
با پێکەوە سەرلەنوێ
بکەوینەوە خونچەکردنی ناوی گوڵەکان
گەر سوبحەینێ لە ڕێی مەکتەب
ئازادی حەمە بچکۆلت بینی
بەئەسپایی بڵێ:
بابە ئێوارە لەوێیە
لای خەمە قژ ماش و برنجییەکانی
گوڵعومەر
گەر هەژاران سۆراغیان کردم
پێیان بڵێ



تا مناڵ بەکۆڵان و
عەشق لە دڵ و
خەندە بەسەر لێوەوە بێ
لەوێیە
بە ئەسپایی بڵێ:
مەرحەباتان لێ بێ
گوڵەکانی بەر یەخەی
عەشقی چێوار!

سلێمانی مایسی ١٩٩٦

## وەحشەت

چاوەڕێی ڕەتبوونی کاروانچییە قۆشمەکان بوون
زێوانەکان،
سەرگەرمی هەڵدانەوەی گۆڕی باوکەکانم بووم
من
لەو قووڵاییە سەرمەدییەدا گوێم لێ بوو
ساواکان لە خەو ڕابوون و
هەلهەلەیان بۆ خەجاڵەتیم کێشا
چاوم لێ بوو
مەلایکەتە ئێسک سووکە موفەڕک لە مەچەکەکان
چەمۆڵەیان لێنام و
بوکەشووشەکانی بەهەشتیان لێ قاودام
ئێ... ئاخر گوناهی من چ بوو
باوکەکانم خۆیان لە سەرەمەرگا
بە بەدمەستی گوتیان:
ساڵەو ساڵ
گۆڕەکانمان هەڵدەرەوە و
کلووری ئێسکەکانمان لەو هەموو تەنیاییە پاک کەرەوە
خۆیان فەرموویان:
وەرە و گەرووماں بەقومێ لە تێزابی حەقیقەت تەڕکە
گوتیان شەواوشەو



بە خۆت و نوشتە و دوعا و پشیلەکانتەوە وەرە و
ببەرە ساقی مەیخانە سارد و سڕەکەی دۆزەخ
گوتیان: وای کوڕم ئەم هەموو تەنیاییە خواردینی
وای کوڕم ئەم هەموو خەتایە لووشی داین
ئێ ئیتر گوناهم چ بوو
چۆن دەبوو ئیتر لە ئاوێنەی مەنجەنیقا
بە بریسکەی ئەو هەموو تێزاب و فرمێسک و خوێنە
پێنەکەنم
چۆن دەبوو!
ئیتر گوناهم چ بوو؟
کۆنترین پێڵاو و ئەستوورترین پشتێنی ئەو باوکە ئەربابانەم
بۆ زێوانە پادشاکان بەدیاری برد
من چوزانم چرپەی ئەوان
لە گوێی منا
لەژێر هەرەسی چیایەک نەفرەتا نغرۆم دەکا
من تەنها گوێم بردبووە پێشەوە
گوناهی من نەبوو کاتێ
پشیلە ئازیزەکانم
خۆیان بەجبە و عەبای پادشایەتییانا هەڵواسی و
هوهایان لە تێپەڕبوونی کەژاوەکانیان کێشا
چوزانم ئیتر
باوکەکانم هەموو پێکەوە ددانیان دەداتە ژان و
دایکەکانیشم لە خۆشییا دەکەونە هەلەکە سەما
من دڵنیا بووم... دڵنیا
هەنگاوم بەم ڕێگە سەرەولێژەدا
ئیفلیج دەبێ گەر
سەرخەوێ لای قەبیلە شیعربازەکان نەشکێنێ

ئەمدەزانی لە نوشتەکەی بەرباخەڵم نووسراوە
لەو ڕێیە تووشی کانییەکی تینوو دێم و
بۆ ڕووسپی خانەکان خوڵقم دەکا و
منیش جورئەت ناکەم نەچم
ئۆهـ... لە کوێوە زانیبام
ئەوان هێندە عەودالی هەڵهێنانی مەتەڵ و
گێڕانەوەی نوکتە و
ئاشکراکردنی سیرڕ و خوێندنەوەی نامە نهێنییەکانن
جا ئیتر کام سایە
لاشەی ئەو هەموو شیعرە قاچ و باڵ شکاوەم
لەگەڵدا دەنێژێ
کام پیاوچاک لە تاریکستانی وەحشەتا
بە فریای مەرگی ئەو هەموو چرا بێ چاوەوە دێ
کام تووڵەڕێ
کاتی بەردباران کردنمان
دێ و لای دایکە قژ لوولەکان پاکانە دەکا
خەتا بوو... خەتای خۆش
کاتێ شەواوشەو
لەسەر کێڵەکان بەرامبەر یەک دادەنیشتین
گوڵەبەڕۆژەمان دەقرتاند و
بە شیعر هەجووی یەکترمان دەکرد
بە تەباشیرە گچکەکانی گیرفانمان
وێنەی سەیر سەیرمان
لە دەفتەری ڕەسمی ئەو منالانەدا دەنەخشان
کە دەبووایە نەمردنایە بۆ ئەوەی گەورە بن.. گەورە
تا درەنگ
درۆمان بۆ یەکتر دەکرد و



بوختانمان بەدەمی ئەرخەوانەکانەوە هەڵدەبەست
یەک... یەک تەلسمی ئەو نوشتانەمان
لێکتری هەڵدەوەشاند
کە بەدەرزی کردبوویان بەکلاوەکانمانەوە و
خوێندنەوەیان لێ مەحرەم کردبووین
تا درەنگ... گوناهـ و نەفرەتمان
بەو ناوەدا هەڵدەڕشت و
لە درەختە ڕەزیلەکان دەپاڕاینەوە و دەمانگوت تووخوا
تا هەڵنەقرچاوین بەم کوفرە
لەویچێ سێبەر بەهالاوی گەرمی هەناسەکاندا کەن
لە سروە بێ بارەکان پاڕاینەوە و گوتمان: تووخوا
تا نەچووین بەناخی ئەرزدا بەم گوناهە
تاوێ خۆتان لە گرەی پەیکەرەکانمان هەڵسوون
لە هەور پاڕاینەوە و گوتمان تووخوا
تا ڕەش هەڵنەگەڕاوین بەم گومانە
سایە پرژێنی ماڵە باجێنەکانمان کەن
لە ئەفسانەکان پاڕاینەوە و گوتمان تووخوا
بۆ ئەوەی بگەینە سەری ساڵ
ڕوخسارێ بەسێبەرە بێ سیماکانمانەوە بنێن
تا درەنگانێک
بە سوو... زریوەیان لە ئەستێران قەرز دەکرد و
ئەو باوکە خەمبارانەمان پێ ژێر دەکردنەوە و
فریشتە شەڕانگێزەکانمان پێ دەخلەفاند
بەڕێوە
نامەی ژەنەراڵە عاشقەکانمان
بۆ دایەنەکانمان حونجە دەکرد و
ئەوان بەزەردەخەنەوە سەریان بادەدا و

بە زمان لێویان تەڕ دەکرد
من پشیلەکانی نیشتمانم بانگێشت نەکردبوون
لە کوێ زانیبام کە هێند سپڵەن
یەک یەک قامکی سپی ژنانەی باوکە گوناهەکان
دادەکرمێنن
لە کوێ زانیبام ئەوەند نمەک بەحەرامن
تەسبیحە پەلکەزێڕینەیییەکانی ئەوان
بە ماچێ
دەدەنە کەنیزەکە شەرمنەکانی کۆشک
تەنهای تەنها
چوزانم لەو ڕێیە
قەسیدەیەکی شینهەڵگەڕاو بەغوربەت
ڕێم پێ دەگرێ و
حوزنی چڕی (مەحوی)یم لا باس دەکا
بۆ ئەوە نەچووم لە درزی دەرگاکانەوە
لە شینهەڵگەڕان و سوورهەڵگەڕانی
ڕوخساری زڕبراکانم ڕامێنم
پێم خۆش بوو بەقیر گوێم سواغ دەم و
ئەو هەموو قریوە و هەنسک و نزایە نەبیستم
پێم باش بوو کوێربم و
باوکە شێرەکانم بەڕووتیی چاو نەکەم
تەنهای تەنها
خەمم بوو
چی بخەمە مشتی ئەو هەموو شوانەوە
بۆ ئەوەی لەم مێگەلە دەرچم
خەمم بوو... چۆن چۆنی
لە پیاوە شەلەکانی پێشم ڕەت بم



ئەو شەوەی مناڵی لەبار چوو
بەیانی زوو
دایکان و باوکانی نیشتمان
لە پاسی ڕەوزەکانا
سەریان لە جامەکانەوە هێنابووە دەرێ و
بنێشتیان دەجوی و چلورەیان دەخوارد
لە باخچەی ئاژەڵە کێوی و داخ لە دڵەکانا
ماچیان بۆ مەیموونەکان هەڵدەدا و
تامی تامییان بەتاوسەکان دەکرد
ئەو شەوە
هێشتا ڕۆژ نەببۆوە
باوکە کەناسەکانمان
بێشکەکانی ئێمەیان کردنە عارەبانە و
بە هۆقە گڕوگاڵیان لەسەر دەفرۆشت
هێشتا زۆری مابوو ڕۆژ بێتەوە
جلکەکانمان لە بەرەی مشکەکاندا بینی و
پێڵاوەکانیشمان لە پێی تاق تاقکەرەکانا
هێشتا ئیزرایل دڵی نەدەهات
ڕۆحی ئوتوکراوی ئێمە بخاتە بوخچە گوڵ گوڵییەکەیەوە
دیوەخانەکان کارتی ڕەنگاوڕەنگی داوەتیان
بۆ پڵنگ و بەورە تەنگە نەفەسەکان نارد،
تا بێن و لە کەرنەڤاڵی دوا پەیڤ و
دوا زۆرانی ئێمەدا ئامادە بن
تا بێن و دوای سەدەیەک پێشخواردنەوە بۆ ساتێک
بەدیار کۆمیدیای شەرم و شکستی ئێمەوە پێبکەنن
هێشتا زۆری مابوو هەتاو کەوێ
ئێمە لە بوولێڵەی گیاندان و مردنا

دەنک دەنک تەسبیحی پچڕاوی وەسییەتە پیرۆزەکانمان
دەچنییەوە
باخچەکان خەریک بوو سوێیان دەبۆوە بۆ قومێ ئاونگ
ئێمە لە قوڕ و لیتەی ئەفسانەدا
بە جەستەیەکی ئیفلیجەوە
بۆ دەنکە مرواری قەسیدە ڕژاوەکان دەگەڕاین
چەند خۆش بوو
ڕاوەستان لەودیو حەرامەوە و
ئێشکگرتن بەدیار فڕینی تەیرەن ئەبابیلەکانەوە
چ جورئەتێ بوو
هێنانە قسەی گومان و
گوێ ڕادێران بۆ هاژەی سەفەری ئاو
بەرەو ئەو کیشوەرانەی کە هەور
لەباتی ئەوەی بباریێ... گڕ دەگرێ
چ خەجاڵەتێ بوو
پشکنینی تینوێتی و
ڕووتکردنەوەی گەروو لە دەنگ
چ وەحشەتێ بوو
گەڕان بەدوای پەیامی قووڵاییبیە دوورەکانی زەریا
لەنێو مشتی نوقاوی
کەنارە پیر و خەڵەفاوەکانا!

سلێمانی – هاوینی ١٩٩٣



## چەند زوو بوو بۆ عەشق
## چەند زوو بوو بۆ پیری

لەوسەری سەرەوە
بە پای باران
بە جانتایەکی پڕ لە ڕێحانەڕەشەوە
لە واگۆنی نومرە یەکی ئارەزوودا
بە ئاراستەی (با) دەکەومە گۆرانی گوتن
هاوڕێکانم هەمووجار
بەئاراستەی (با) مەلەیان دەکرد و
پێچەوانەی ئاراستەی (با) خۆیان دەکوشت
ژنێکیش پێچەوانەی ئاراستەی گەردەلوول
شیعری دەگوت
دواجار لە گەلەکۆمەی
پۆستەچییە تاوس نەژادەکانا
بەهارانێ مرد و
پایزانێ لەگەڵ باراندا گوڵی گرت!
– سیگارێک داگیرسێنە هاوڕێم
گەر تاوێ خۆمان بەخۆر نەدەین
خەم دەمانخوا
– منیش هەروا هاوڕێم

دڵم هێندەی دڵی چۆلەکەیەکی لێ ماوەتەوە!
بە پای باران
لەوسەری سەرەوە... بەوەنەوشە دەچم
هەموو جار لەو ڕێیە
ئاینده بەکۆڵێ پەشیمانی و
مەراقەوە
بۆ گۆڕەپانە جەنگزەدەکانی ڕابردوو
دەگەڕێتەوە
هەموو جار... غەریبێ
ئاشنا بەماڵۆچکە نسرمەکانی
منداڵی
لە پشتەوە چاوم دەگرێ:
– گەر ئازای هەڵی بێنە
من کێم؟
هاوڕێم... هەمووجار
کە لەودیو سنوورەکانەوە خۆمان دەتەکێنین
لە دوو موسافیری تەڕی
کلاوسەوز دەچین
سەرمان دەبێتە هێلانەی
چۆلەکە دەنووک شیلاوییەکانی تاراوگە!
لەوسەرەوە... هەمووجار
پێ بەپێی ئەو دێم و
لای جەنگاوەرێکی پیری دەوارنشینی
ئەو قەڵەمڕەوی ئاسمانە
دەبمە میوان
لەوێوە نیشانە
لە بێچووە نەوڕەسی خەواڵووی



کەنارە نامۆکانی خەون دەگرینەوە
چارەنووسیش نیشانە لە من و تۆ
هەمووجار لەو ڕێیە
گوناه بەپێ دزکێ
بە زگی پڕ لە مرواری و مێوژەوە
لە ماڵی گوناه دێتە دەرێ
گوێم لێیە:
شاعیرێ نەفرەت لە بەختی خۆی دەکا
چاوم لێیە:
هەنگێ شیلەی گەردەلوول دەمژێ
پەپوویەکی تا سەرئێسقان نائومێد
پێی وایە:
کەس نییە لەمەولا بتوانێ
مەقامێکی بەیات
بە ڕاست و ڕەوانی ببێژێ
ئەو دەڵێ:
هەیهوو... هەیهوو
زەمەنی مەقامات بەسەرچوو!
هەمووجار کەسێ
لەوسەرەوە بەپێی باران دێ و
لە پشتەوە چاوم دەگرێ
دەستەکانی بۆنی ڕەشەڕێحانەی لێ دێ و
بە ڕژانەوە دەڵێ:
– گەر ئازای
هەڵی بێنە من کێم!
ئەو هەمووجار
بەپای باران دێ

یەکەم کەسە:
بۆنی خورەی هاتنی دەکەم
یەکەم کەسە:
هاژەی چاوەڕوانیم دێتە گوێی
کە دەگا:
چنگێ بەختەوەریم بەش دەدا
ئەو بەپای باران دێ و
بەر لە هەمووشیان دەگا!

سلێمانی ١٩٩٣



## ناخودا

بەم دەمامکانەوە
من و تۆ لە دوو سیمرخی ئاوەڕووتکراو دەچین
لەسەر دوا دارتێلی ڕۆخی ئەم شەقامە غەریبە
هەڵنیشتووین
بە دەست و خەتە ناخۆشەکانمان
نامە بۆ پەلەوەرەکانی دۆزەخ دەنووسین!
بەم جلکانەی بەرمانەوە
من و تۆ هەر دەڵێی
دوو بالوولی سەرقژنی ڕەش پێستین
فوو بەمیزەڵانەکانی شەوی جەژنا دەکەین و
پێکەنین ڕۆ دەکەینە پەرداخە کریستاڵییەکانەوە
وردەزیخ دەگرینە
ئەو ڕێبوارە هەزەلییانەی
کە بەجانتای پڕ لە مێوژەوە
لە هێڵە کاڵەکانی سنوورەوە ڕەت دەبن
(ئای کاپتن چۆن ئاوها زوو سەرت سپی بوو؟!)
ئەو کاتەی تۆ تەماشای جامی وێنەکانی خۆت دەکرد
من لەگەڵ کانیاوەکانا شەڕم بوو
کاتێ تۆ نامەی ژەنەراڵە خەواڵووەکانت دەخوێندەوە و
بە ئیمزا خوار و خێچەکانیان پێدەکەنیت

من لەگەڵ کزەبا سۆزانییەکانا نوستبووم!
بەم قیافەتەوە
من و تۆ لەم ئاهەنگەدا
هەر دەڵێی دوو تۆپەڵ دوکەڵین
دەڕۆین... تەنیاییمان لێ دەڕژێ
دادەنیشین... تەممان لێ دەتکێ
دەنووین... شەومان لێ دەچۆڕێ
(ئای کاپتن... چاو چەند تینووین!)
هەر دەڵێی دوو ناخودای پیر و کەنەفتی
نێو قووڵایی زەریاکانین
چنگ دەکەین بەئاودا و
ڕوخساری ماسییە لەسەرخۆچووەکان تەڕ دەکەین
هاوارمان کرد: ئەم فەردە شیعرانە
لە کام بەندەر داگرین؟
قیژاندمان: ئەم عاتیفە ئێکسپایەرانە
لەکوێ ڕۆکەین؟
چرپاندمان: لە کام گۆڕستانا
بەدوای ئەو پۆستەچییە قۆشمەیەدا بگەڕێین
تا نامەی کۆترەکانمان بداتێ و
گمە بەمناڵە جنێوفرۆشەکان ببەخشین!
لەم ئامبۆلانسەدا
من و تۆ دوو نەورەسی هەورەبروسکە لێدراوین
چۆڕ چۆڕ خوێنمان لەبەر دەڕوا و
جەستەمان قرچەقرچ دەسووتێ
کەنارییە خاینەکان دێن و
لە ڕۆخی سووری برینەکانمانا دادەنیشن
باسی دونیای قەفەس بۆ یەک دەکەن



کەڵەشێرە شەلەکان دێن و
مێژووی قوقاندن موتاڵا دەکەن
هەنگە خێلەکان دێن و
لای پەپوولەکان
بوختان بەدەمی گوڵەکانەوە هەڵدەبەستن
چۆلەکە سیخوڕەکان دێن و
جریوە لە دەخیلەی دزراوی مناڵە ئیفلیجەکانا
پاشەکەوت دەکەن
ئای کاپتن... دەترسێم ڕۆژێ لە تینووانا
بخنکێین!
من و تۆ لەم قووڵاییە دوورەی زەریادا
هەر دەڵێی بووکە بەبارانێین
هاوینەکان بەلێوی سوور و سینگ و مەمکی ڕووتەوە
بەلامانا ڕەت دەبن
هەور دەجوون و
بۆنی هەنجیر لە هەناسەیانەوە دێ
بە بەرچاومانەوە لاشەی سارد و سڕی
زستانە گوناهەکان
لە زەریادا دەنێژن
ئای کاپتن
چەند ئەستەمە تازە بتوانین
ئەم دارچنارە پێکراوانە فریای خەستەخانە بخەین
چەند ئەستەمە ئیتر بتوانین
ئەم ڕۆحە وێران و غەریبە
لەبەر ئەم هەتاوە سارد و سڕەدا هەڵخەین
ئای تازە زەحمەتە بەم بانگی شێوانە
توتییە بەساڵاچووەکان

بەم نوکتە هەرزانە بمانخەنە پێکەنین
ئاخ دە بڵێ چۆن چۆنی
دڵمان پیشانی مانگ دەین و
سەرمان لە چنگی ڕەشەبا وەرگرین!
ئای دە بڵێ چۆن چۆنی
لەم ئاوێنە شومانە بێینە دەر
وەرە با دەستمان بەسەراب بشۆین و
وەک دوو لاشەی مۆمیاکراو
وەک دوو نەیزەکی شپرزە
وەک دوو ڕاهیبەی زۆڵ
وەک دوو سیحربازی قاچاخ
دەست بنێینە پشت سەرمان و
لەسەر بەرزترین و ڕەقترین شەپۆل پاڵکەوین
کاپتن... چاو چەند کاڵ بووینەتەوە!
کاپتن... چاو چەند چەماوینەتەوە!
کاپتن... چاو چەند ڕۆچووین!
دە بڵێ ئێمە لەم هەموو ئاوێنەیەدا
چ دەکەین؟
لێرەبە هەر ئێستا دێمەوە
دەڕۆم لەباتی حاجی ئاغای باخەوان
ئەو جریوە گوناهانە کۆدەکەمەوە
کە جار جار لە پەلکی درەختەکانەوە دەوەرن
– لێرەبە هەر ئێستا دێمەوە
دێمەوە هەر ئێستا
لەوساوە تا ئێستا
(موژگان) هەر لەژێر دارکاجەکانا
سەرقاڵی خوێندنەوەی مێژووی قاجارە



من دانیشتووم و سەرما دانە دانە
نەشتەری تیژی بەجەستەمدا ڕۆدەبا
ئەو دەڕوا و من گرمۆڵەتر دەبم
ئەو هەنگاوهەنگاو بەئەلبورزا سەردەکەوێ و
من ڕۆتر دەچم
(وای تازە ناتگەمێ)
بیرم دێ وام گوت!
ئەو وەک لاولاو بەباڵای دارکاجەکانا دەئاڵێ
من هێشوو هێشوو لە دارمێوی ئەندێشە دەبمەوە
(وای تازە مەحاڵە بگەم!)
بیرم دێ وام گوت
– لێرەبە هەر ئێستا دێمەوە
تاوێکی تر ئەلبورز نوێژی شێوان دەکا و
(پارکی میللەت) دیوانەکەی (حافیز)
لەبەر باخەڵی دەردێنێ
ئارام بگرە هەناسەیەکە و
نەسیمی قەسیدەیەک
عاتیفە پرژێنی ڕۆحمان دەکا
خۆت بگرە هەر ئێستا
بەسەر شاباڵی عیرفاندا
دەپەڕینە ئەوبەر و
ڕووتیی خۆمان لە ژووری ئاوێنەبەندی
سەدەکانا تەماشا دەکەین
چاو... لەم ئاوێنانەدا چەند سەیرین
چاو... لەم ئاوێنانەدا چەند ڕووتین!
تۆ لەم ئاوێنە مەیلەومۆرەدا
لە درزێکی ئاسمانەوە

بە منی دارچواڵەی ڕوواوی کەناری شەقامەکان
پێدەکەنیت
لەم ئاوێنە ئەرخەوانییەدا
دایکم پێکەنینی بەخڕێتیی زەوی دێ
تۆ خەریکی دڕاندنی کاغەزە بەهارییەکانیت و
منیش کتێبی جوگرافیا دەخوێنمەوە
لەمەیتردا،
نیشتیمان بێچووە نەوڕەسێکی غەریبی
کەنارە دوورەکانی تەڕەبوونە
بۆنی هەناسەی مناڵانی (چوخماخ) و
گمەی کۆترە تفەنگ لە شانەکانی لێ هەڵدەسێ
ئای کچی خۆم
دە بڵێ ئێمە لەم هەموو ئاوێنەیەدا
چ کارەین؟
پێم بڵێ ڕێکەوت بۆ ناو ئەم ئاوێنانە
تووڕی داین،
یان بوونمان
شپرزەیی خواکان بوو لە نیوەشەوێکی درێژی
دوای بەد مەستبوونا؟
ناخودا تەماشاکە
تازە بەتازە دەمانەوێ
فێری زوبانی سەوزی درەخت بین
بەم عومرەوە
تازە خەریکە دەمانەوێ
لە هەندەسەی ساکاری پێکەنین و مردن بگەین!
تازە مەحاڵە بگەین
من گەر بمەوێ بتگەمێ



دەبێ سڵاوی هەزاران قاچاخچی بسەنمەوە
تا دەگەمە لات
دەبێ لەبەر سەدان بازرگان هەستمە سەرپێ
تا پێت دەگەم
دەبێ دەیان سیاسەتباز بکەمە هاوڕێم
تا دەگەم،
دەبێ ملیۆنەها نامە
بە عەتارە خەڵەفاوەکانا پۆست کەم
ئای ناخودا
تازە مەحاڵە لەم ئاوێنانە بێینەدەر
تازە مەحاڵە بگەین
کە دەگەین
هیچ نەماوە... هیچ
نە پارە.. نە ئاڵتوون.. نە پێڵاو
کە دەگەین
هیچ نەماوە... هیچ
نە خۆشەویستی، نە شیعر، نە ئاو
کە دەگەین
هیچ نامێنێ... هیچ
هیچ نەماوە... هیچ
هیچ نەمابوو... هیچ
– لێرەبە.. سەدەیەکی تر دێمەوە
خەم مەخۆ سەدەیەک چ نییە
هەر هێندەی زەمەنی سیگارکێشانێکە
هەر هێندەی زەمەنی گوێگرتنە
لە ڕازی کورتی ئەستێرەیەک
هەر هێندەی گیانەڵای گەڵایەکە

لەسەر پێخەفی زەردی پایزێک
خەم مەخۆ... سەدەیەک چ نییە
هەر هێندەی زەمەنی درکاندنی
نهێنی ماسییەکە لای کەنار
هێندەی زەمەنی سکوتی نێوان
قسەی دوو ئاشقی ناشییە
خەم مەخۆ... سەدەیەک چ نییە
هەر هێندەی زەمەنی خوێندنەوەی شیعرێکە
هێندەی زەمەنی غەیبەتکردنی
گوڵە لە پەپوولە
هێندەی فەنابوونی تامی مزری
وشەی خۆشەویستییە لە زاردا
سەدەیەک چ نییە
کورتە وەک ئەندێشەی سرکی خۆشبەختی
کەمە وەک زەمەنی گێڕانەوەی نوکتەیەک
سەدەیەک چ نییە
کەمە وەک شکانی تینوێتی و تامەزرۆبوون
کورتە وەک زەمەنی هەڵدێران و فەنابوون
لێرەبە سەدەیەکی تر دێمەوە
تا دێمەوە
ئەمانەتی تۆ و چاوم
ئەمانەتی تۆ و شیعرم
ئەمانەتی تۆ و کچەکەم
ئەمانەتی تۆ و کلیلی ژوورەکەم
تا دێمەوە
ئەمانەتی تۆ و نیشتیمان
ئەمانەتی تۆ و وڕێنەی شاعیرە پیرەکانی



هاوڕێم
ئەمانەتی تۆ و بارانە قژ خەناوییەکانی
مانگی دوو
ئەمانەتی تۆ و ئەو پۆستەچییەی
کە ڕۆژێ لە ڕۆژان باوکم بوو
تا دێمەوە
ئەمانەتی تۆ و قومارچییەکانی شار
ئەمانەتی تۆ و کوڕە عاشقەکانی گەڕەک
ئەمانەتی تۆ و درەختەکانی باخی گشتی
ئەمانەتی تۆ و پەنجەرەکانی نەخۆشخانە
لێرەبە... سەدەیەکە و دێمەوە
دایکم گوتی: سڵاوی کێ بسەنمەوە؟
سەلام لە کێ بکەم؟
پاسارییەکان دەنووک لە هەورەکان دەدەن
چەند چاک بوو... گەر فەرامۆشیی ڕەهابایە
گوتی: نیوەڕوانێ سەرێ لە ژوورەکەت دەدەم
دەبینم:
تەنیایی لەسەر چەرپاکەت خەون دەبینێ
دەیبینم بەدیواری ژوورەکەتا هەڵدەزنێ
جارجارە گوێ لە مۆسیقا دەگرێ و
هەندێ جاریش شیعر دەنووسێ
دەبینم: نیوەشەوانێ هەندێ کتێب
لەو سەرەوە
بە شەقامەکانی خەوندا دێنەوە
دایکم گوتی:
زۆر چاک بوو... گەر پەیامێ
بە گەردەلوولدا بهاتبایە

وایگوت و
من کەوتمە گۆرانی گوتن
وایگوت و
بازنە ڕەنگاوڕەنگەکانی کۆتاییی ڕەها بوون
وایگوت و
جیهان بەبێدەنگی
لەنێو چاوانما نووست!

سلێمانی ١٩٩٢



## پەیکەرێک لە باران

لەوێوە دێم
لە کوچە خۆشبەختەکانی منالێییەوە
لە کالبوونەوەی هزرەوە،
بۆ سەرەتاکانی بیرچوونەوە
ئەووەڵێن سەفەرم
گەڕانەوە بوو
گەڕانەوە لە وێستگە ساردەکانی خەونەوە
بە تووڵەڕێییەکدا
کە بەئاسمان کۆتاییی دەهات
لەوێوە دێم
لە خەونی زەردی درەختە پاییزییەکانەوە
بۆ ئامێزکردن
بەمیلی ژەنگاوی
کاتژمێرە کۆنینەکانا
تا سەوداکردنی خۆشبەختی
لە ژنە فالگرەوەکانی سەرە ڕێ
لەوێوە دێم
لەودیو مەرزی ڕەنگەکانەوە
بۆ نیشتیمانی پێش تەقینەوە گەورەکان
من هێلی کالی نێوان

ئەم وەرزانە دەناسمەوە
من بەم ڕەقبوونەوەیە ئاشنام
ئەم ژوورە لە مندا ڕادەکشێ و
لە منا دەست دەخاتە ژێر چەنەی
لە منا دەخەوێ و
لە منا خەون دەبینێ
لە منا دەکۆکێ و
لە منا پێدەکەنێ
من بەم ڕۆچوونە شاگەشکەم
چونکە زیاتر
بەپەنجەکانی تۆم ئاشنا دەکا
تۆ دێیت و دەتبینم
پەنجەکانت لە خاکی وشکی
باخچەکەمانا دەڕوێنیت
تۆ دەڵێیت: چۆنیت هاوڕێم
من دەڵێم:
مناڵی چەند خۆشە هاوڕێم
بەیانیانێک
لەگەڵ پاسارییە تەڕەکانا دەدوێین!
لەوێوە دێم
لەوێدا،
لەژێر ڕەشماڵی ئەو سازژەنە پیرەدا
منداڵێک بیری لای خشتەی لێکدانە
هەناسەکانی لێک دەدا و
دابەشی کۆڵانە بن بەستەکانی دەکا
لەوێدا،
لەژێر خۆری پەمەیی ئەم گومانەدا



ژنێک خەریکی بنێشت جووینە و
بە پەنجەکانی شتێک دەژمێرێ
یەک... دوو... دە
نەوەد... سەد
لەوێدا،
ڕاوچییەکان نیشانە دەگرنەوە
مناڵان پێدەکەنن
کیژەکان سەتڵ پڕ لە خۆر دەکەن و
لەبەر سێبەرەکانا دایدەنێن
ڕێگاکان جێ پێکان هەڵدەخەن
لەوێدا... سەهۆڵ خۆی گەرم دەکاتەوە
هەتاو لەژێر سێبەرا ڕۆنیشتووە و
باوێشک دەدا
بیری لای دیوە تاریکەکەی مانگە
ئای چەند خۆشە لەوێدا
چۆلەکەیەک بەتەمای فڕینە!
من دێم و دەتبینم
دەڵێم: چۆنیت هاوڕێم
تۆ دەڵێیت:
هیچ ناڵێیت
پێدەکەنیت و سەر بادەدەیت
یەعنی باشم
هاوڕێم
گەلێک باشم!
لەوێوە دێم،
لە سڕینەوەی وشە جێماوەکانی
سەر تەختەڕەشی قوتابخانەوە

لە پێکدادانی گومان و یەقینەوە
تا وردبوونەوە
لە هێڵی کوژاوەی سەر دیوارەکان
ئەووەڵێن سەفەرم گەڕانەوە بوو
گەڕانەوە لە جێگەپێکانی ئاشنابوونەوە
بۆ پیاسەی نێو تەوەرەکانی نامۆبوون و
سەوزبوون
سڵاو ئەی ئاشنابوون!
من دەتوانم خۆشم بوێی
چونکە دەتوانم بنووسم
دەتوانم بەم دارئەرخەوانەدا هەڵزنێم
چونکە جار ناجار مردووەکان
حەز بە شیعرخوێندنەوە دەکەن
من لە سەوزیی ئەم پەنجانە دڵنیام
چونکە هەر کاتێک بیر لە تۆ بکەمەوە
سیگار دەکێشم
دەتوانم لە ژێر باراندا ماچت کەم
دەتوانم ناوت بەگەورەیی
لەسەر دەرگای حەوشەکەمان بنووسم
چونکە شەوناشەوێ هەورەکان
بەژێر پێڵووەکانمدا ڕەت دەبن
ئەوان دەڕۆن و
تۆ لەنێو چاوانما بارگە دەخەیت
جار جارە دەڕژێیت و
جار جارەش دەباریت
- ئای هاوڕێم
چەترەکەت هەڵکە وا بوویت بەئاو



تۆ پێدەکەنیت
من لە شەرما سوور هەڵدەگەڕێم
سەر هەڵدەبڕم و
تۆ لەنێو باراندا ون دەبیت!

سەرەتای ١٩٩٣- سلێمانی

# شەڕ و ئاشتی

له شەڕدا
ڕۆشنایی چاوی دایکم دەکوژێتەوە و
چراکانی نیشتیمان کوێرایییان دایەت
له شەڕدا
تاڵ تاڵ کەزی درێژ و جوانی گۆرانییەکان سپی دەبێ
که شەڕ بەهاواری ناقۆڵا و قەبەیەوە
لەودیوەوە له زەنگی دەرگای حەوشە دەدا
لەمدیوەوە گوڵه بەهارییەکان له ترسا
ڕەنگێک دەهێنن و ڕەنگێک دەبەن
پاسارییەکان دەکەونە مقۆ مقۆ
لەرزێکی له سەهۆڵ ساردتر
ڕۆدەچێتە گیانی قەڵەمەکەمەوە
دێوەزمە دەچێتە خەونی ئاڵووالای مناڵەکەمەوە
که شەڕ بەهەنگاوی قێزەونی
به کۆڵاندا دێت و دەچێ
ئەستێرەکان هەر له خۆیانەوە دەوەرن
کانیاوەکان دەرمانخوارد دەبن
شەقام ئەژنۆی دەشکێ
هەنگاو له پێ دەکەوێ



که شەڕ بانگی سەرکەوتن دەدا
ئیدی چ میوانێ نییە بێت و درەنگانێ
لەسەر سفرەی ساکار و گەرمی هەژاری دانیشێ
چ هاودەمێ نامێنێ
ڕازی خۆی بۆ گوڵەستێرەیەک بدرکێنێ
له شەڕدا
ڕەشەبایەکی نامۆ و دزێو
نیوەشەوانێ خۆی دەکا بەژوورەکەما
کتێبی ئەلفوبێی کوردی سینفی یەکی
مناڵەکەم پەڕە پەڕە دەکا
ژەهر بەگوڵزاری ئومێدەکانی بەیانیمەوە دەکا
دەست دەنێتە بینی
سۆناتاکانی بیتهۆڤن و
ئەووەڵ سەحەرەکەی مامەسێوە و
شمشاڵەکەی دەروێش عەبدوڵڵا و
شیعرەکانی شاملۆ و ئەراگۆن و گۆران
له شەڕدا
به ڕۆژی نیوەڕۆ
دێوەزمەیەک خۆی دەکا بەماڵەکەما
کۆرپەکەم بەلانکەوە دەفرێنێ
جانتای ژیکەڵەی مەکتەبی مناڵەکەم دەدزێ
وێنە ڕەش و سپییەکانی مناڵی دەدڕێنێ
که شەڕ هەڵدەگیرسێ
کەسێ نامێنێ بەیانی باش و ئێوارەباش و
شەوباشیی لێ بکەیت
که شەڕ هەڵدەگیرسێ
دەستەکان له گۆ دەکەون

قەڵەمەکان دەشکێن
شمشاڵ دەنگی دەنووسێ
تەنها لە ئاشتیدا
خەونەکان باڵ دەگرن و لای شەوانی گەرمی
نیشتیمان دەبنە میوان
تەنها بەدەم هاژەی گوێ نەوازی ئاشتییەوەیە
ماسییەکان لێک حاڵی دەبن
زەریا لە زوبانی کەنار دەگا
لە ئاشتیدا
کۆڵان پڕ دەبێ لە دەنگەدەنگی خۆشی مناڵی و
هاواری سەرکەوتنی گڕوگاڵ
بەپێپیلکەی سادەی تەمەنا
لە ئاشتیدا
گیان دێتەوە بەبەری دارتێلەکانا
سروە خۆی لە ڕۆحی تەڕوبڕی دارسێوەکان دەسوێ
شەڕ یەعنی
دەست خستنە بینەقاقای سێبەر
شەڕ یەعنی لەباربردنی ئاو و
پایەماڵکردنی جوانی و ئاوەدانی
شەڕ مومارەسەکردنی دۆڕاندنە
دۆڕاندنی هەموو شتێ
دۆڕاندنی شانازی و کبریا و ئازادیی ئینسان
دۆڕاندنی پێکەنین و گڕوگاڵ و دارەدارەی مناڵ
شەڕ مومارەسەکردنی
مەرگ و وێرانی و کوشتنە
کوشتنی چرا و تابلۆ و ڕەنگەکان
کوشتنی حەسرەت و خەون و خۆزگەکان



شەڕ یەعنی
خۆنانەوە بۆ ڕاوکردنی ئازادی
بۆ ڕاوکردنی خەڵک
بۆ ڕاوکردنی خودا
شەڕ یەعنی بەخێرهێنانی
شالاوی بۆر و زبری گومان
یەعنی مۆڵەتدانی ئەژدیها بۆ لووشدانی
هەموو شتێ
شەڕ یەعنی بەبا ڕۆیشتنی هەموو شتێ
شەڕ بریتییە لە مومارەسەی تاڵی بێهوودەیی
بەرگریکردن لە ئاشتی
یەعنی نە زڕاندنی نیوەڕۆخەوی مناڵێ
لەژێر سێبەری چڕی شاتوویەکدا
یەعنی سواغدانی دەمی تفەنگەکان بەگۆرانی
بەرگریکردن لە ئاشتی
واتە:
ڕیسواکردنی بوغز و
سەرلەنوێ فێربوونەوەی
دارا دوو داری دی!

سلێمانی ١٩٩٤

## منالّییەک باریو
## تەنیاییەک تەزیو

باوەڕ ناکەم
سەرەتاکان وابووبن و
کۆتاییەکانیش ئەئاوها
باوەڕ ناکەم
ئەو قسانەیان بەڕاست و
ئەو شەڕانەیان لە دڵەوە بووبێ
ڕۆژانێک ئەوانیش
بەو بەرزاییەوە
گەورەبوون و فڕین
هێشتا کەسێ دەیەوێ شتێ بڵێ
جوانە تووڕەبوونی بولبوولەکان
ئاوەدانە شەڕی گوڵەگەنمەکان
خۆشە وەڕسبوونی درەخت و
تامکردنی هەنگوین
بە قورئان
ئەوانە هەمووی یارین، یارین
یاری
ئاخر هێشتا منالێ بەرەو مەکتەب دەچێ
منیش بەوێوە



خوو بەئیرادەی شینی بارینەوە دەگرم
دەمێکە ئەو کۆچەرییانە دەناسمەوە
ئەوانە خزمی من بوون
خزمی نزیک
ئەوان بەڕوانین دەفڕین و
بە نیگا خۆیان لە یەکتریدا دەشت
ئەو عەتارانەش
کە یەکەمین حەرفی ناوەکانیان
دوورییە.... دوورییە
دووری
خەزەڵوەران
خۆم و دایکم و خوشکەکەم
دەبووینە میوانیان
لای ئەوان
منالّییەک بووین وەریو
تەنیاییەک بووین تەزیو
فڕینێک بووین تەریو
پیرییەک بووین باریو
ئای خوشکێ
شار بەلۆکە دەچێ
نیشتیمان سەرزەمینێکی دوورە
دوور
کۆلارەیەکی ڕەنگاوڕەنگە بەحەواوە
ملوانکەیەکە لە ملی بەیاندا
هێشتا مانگ تا ئەژنۆی لە ئاودا
بانگی دەکردین:
ئەها منالّینە چەند تەڕم

وەرن بۆن بەبوونمەوە بکەن
هەمووم بۆ ئێوە!
هێشتا باپیرم
گوڵە نەعناکان ئاو دەدا
من بەوێوە
بوونێکی ئاسمانیم بۆ تەماشا
ڕامانێکی ئەبەدیم بۆ مانا
ڕەوانتر لە پەیڤەکانی خودا دەگەم
کەشتییەکەمان
لە قووڵاییدا لەنگەری گرت
ماسیگرەکان
بە زەریا ئاوس بوون و
زەریاش بەڕەهایی
زەریا گۆشەگیری لە ماسیگرەکانەوە
فێر بوو
لەوانیشەوە تەنیایی
من ڕووانم
لە بەرگەوە بۆ بەرگ ئەزبەرە
چش لە ڕۆچوون و هەڵدێران
هێشتا کەسێ
دەیەوێ شتێ بڵێ:
ئاوەدانە
شەڕی گوڵەگەنمەکان!

سلێمانی – سەرەتای ١٩٩٥



## وژەی باڵی با

ڕۆیینەکان چەند بەڕۆچوون دەچوون
شیعر چەند بەشێتی
سەما چەند بەسەفەر
گومان چەند بەگۆرانی
خۆشویستن چەند بەخۆکوشتن
من و تۆیش
چەند بەیەکتری دەچووین
ئەو کات!
ئاسمان هەر دەڵێی بەتەنها
بۆ سەری سایەقەی باخەوان دووراوە
دوای ئەم سەمایە
باخچە دەتوانێ
بپەرژێتە سەر وەڵامدانەوەی نامەکان
وانەیەک لەبارەی وەهمەوە
بە بولبوولەکان بڵێتەوە
بە پێکەنینەوە
چاو لە ئاینده داگرێ و
پێی بڵێ:
خەم مەخۆ
سبەینێ بەماڵ و منداڵ و گوڵەوە

دەرۆم و
دارشەقەکانی سازژەن بۆ تۆ جێدێڵم
لەم تەڕوبڕییەی نارنجدا
عەشق دەتوانێ
لە خۆشییانا یان لە داخا
ببێتە ئاو
لە دوودڵیی چڕی خەیاڵدا
دڵنیایی دەتوانێ
کلاوی تەمبەڵترین سێبەر لەسەرنێ و
لە پانتاییەکانی فڕیندا
مسۆدەکانی تەنیایی پاکنووس کا
ئای خودایە
لەم هەموو سەفەرە... لەم هەموو سەمایە
لەم هەموو گۆرانی و مانەوە و مردنە
ئیدی هەموو شتەکانی تر زیادن... زیاد
دوای ئەم تینوێتییە
ئاوەکان زیادن... زیاد
دوای ئەم خۆکوشتنە
نیشتیمان زیادە... زیاد
ئاخر ناکرێ
دڵی پاساری جێگەی ئەو هەموو
ئێوارانەی تیابێتەوە
دڵی شکاوی بەیانیان بەکەناری نادرێتەوە
کەی پێ و پلی مناڵی
کەڵکی ئەو هەموو سەفەرەی هەیە
خۆ ناشبێ ئەو هەموو شیلەیە هی گوڵ بێ
دەکرێ سێ ژەمە



بەشی پوشکەبەقونە و سوێسکەیش بدا
هەتاو هێند سەخی تەبع و بەختەوەرە
گەر بۆی بکرێ
بەیانیان
سەرێک لە ماڵی پەپوویش دەدا!
هەمان ڕاڕەو و هەمان گۆرانی ژێر لێوی
تەنیایی
بڕوانە کەروێشکەخەوی ئەستێرە
لەسەر پیادەڕۆی قەسیدە
بڕوانە خۆشاردنەوەی گومان
لەپاڵ ئەستونگەکانی عیرفاندا
ئەرێ ئەو قوولاییانە
پڕن لە مناڵ یان مرواری
ساماڵ خۆی لەو ماڵانەوە پێچاوە
یان لاولاو!
سازژەن ئیدی چاوەڕێی چیت؟
سەیرکە.. چەن نامۆیە نیشتیمان
بە پێڵاوی نوێی جەژنەوە
چەند بەختەوەر بووین من و تۆیش
بە جلکی پەپوولەوە
فریاکەوە پەپوولە
تا نەبوویت بەژێر پای گوڵەوە
لەگەڵ دارستانا ئاشت بەرەوە
فریاکەوە نیشتیمان
تا نەبوویت بەژێر پای گوللەوە
سەوزاییەکان بەئەمانەت بەبەڕوو بسپێرە
فریاکەوە ئاسۆ

تا نەبوویت بەژێر باڵی کوللەوە
شاقووڵی لە ئێمە بنوارە
تۆیش ئەی تەنیایی بەر لە فڕین
سیمایەکی تر بەئاوێنە ببەخشە!
ئەوجار لەو ڕێیەوە دێم
کە بەر لە من ماسیگرەکان
بە تفاقی خۆکوشتنەوە لێیەوە ڕەتبوون و
فەرسەخێ ئەولاتر
من و تۆ بووین بەژێر هەرەسی
ماڵە باجێنەکانەوە
ئەوێ بەر لە ئێمە... ئای
شوێنی نهێنی کۆبوونەوەی ئاسکەکان بوو
ئەو ماڵە دیوارەکانی لە ماچ
ساپیتەکەی لە ئەشق
پەنجەرەکانی لە (با) و
دەرگاکانی لە زەنگیانەی هەناسە چنرابوون
ئێوارەی دواتر
ئەو خێڵە ورد و درشت
بە ڕووتی دایانە بیابان
لەوێ.. ئاخ لەوێ
زۆریان نهێنییەکانیان بەسەراب فرۆشت
ئەوانی تریش
بەلاشەی خوێناویی مێرگەکان و
سەری براوی مانگەوە گەڕانەوە
تۆیش.... ئای تۆ
هەرچەند کۆشایت منت نەناسییەوە
(من)... کوڕە ناونجییەکەی خۆت



تۆ بیرت دەکردەوە و
من لە بێزاریدا پێدەکەنیم
ئەو کوڕەی بەیانییەک
بێ سڵاو بەلاتدا تێپەڕی و
زەریا و ماسیگرەکان
لەتاو تەنیایی خۆیان کەوتنە دوای
ئەو کوڕەی ئێوارەیەک
کەوتە ڕەنگکردنی ماسییە ڕەشە چکۆڵەکان و
لەگەڵ سازژەندا هێند هەڵپەڕین
تاو تاو ڕەشەبا
لە ڕۆحیانا هەڵیکرد
قوڵپ قوڵپ کانی
لە چاوانیانەوە ڕژا
کەس خۆی نەناسییەوە... کەس
هەموو شتێ سەمابوو
سەمابوو... سەمابوو... سەما
ئێمە لەژێر هەرەسی ماڵە لمینەکانی
کەناردا
لە هۆشخۆ چووین.. لە هۆشخۆ
- تا لە دەنگی قاقای پێکەنینی خۆم
بەئاگا نەهاتوومەتەوە هاوڕێم
بۆ سەیری نەهەنگە
مۆمیاکراوەکانی قووڵاییم بەرە!
سازژەن ئیدی چاوەڕێی چیت؟
سبەینێ بەماڵ و مناڵ و گوڵەوە دەڕۆم و
دارشەقەکانی باخەوان بۆ تۆ جێدێڵم
ئای خوایە

لەم سەما و سەفەر و گومان و
گۆرانی و مانەوە و مردنە
ئیتر هەموو شتەکانی تر زیادن... زیاد
دوای ئەم خۆکوشتن و تینوێتی و
فڕین و سەفەرە
زەریا و نیشتیمان زیادن... زیاد
دەکرێ ئیتر نیشتیمان
کورتە چیرۆکێک بێ
لە گیرفانی بەرباخەڵدا هەڵگیرێ و
لەناو پاسێکدا بخوێنرێتەوە
دەکرێ نیشتیمان ژوورێک بێ بۆ کرێ
دەکرێ نیشتیمان ڕازێکی ماڵی بێ و
لە ئێوارە پیاسەی دوو عاشقی ناشیدا
بدرکێنرێ
دەکرێ نیشتیمان نوکتەیەک بێ
لە بەرەبەیاندا بگێڕدرێتەوە
دەکرێ پشکۆیەک بێ لە دوا نەفەسی خامۆشبووندا
حەسحەسەکان دوا سیغاری شەوی پێ پێکەن
دەکرێ ئێمە و نیشتیمان
لەمەولا بێ یەکتری هەڵکەین
دەکرێ بێ ماڵاوایی
یەکتری جێ بێڵین!

سلێمانی ١٩٩٦



## داد گوڵێ.. لە باخانم نەماوی!

خودایە
مەهێڵە ئەو هەورە بمانبینێ
نەبا تاوێکی تر
بداتە هاڕەی گریان
خودایە
بەو درەختانە بڵێ
ئەو ڕێگەیە چۆڵکەن
نەبا تاوێکی تر
سەری خۆیان
بنێن لە حەوت چین بیابان
خودایە
ئەو ئەسپانەمان لە کۆڵ کەرەوە
نەبا تاوێکی تر
وەک ڕەشەبا هەڵکەن لە داخا
خودایە
ئەو کۆترانە بەشتێکەوە بخلافێنە
نەبا تاوێکی تر
سەری گمەیان بکێشن بەشاخا
خودایە
ئەو پەپوولانە بڵاوە پێ بکە

شەرم دەکەین ئاوها ڕەنگاوڕەنگ
بە ڕووتی ببینرێین
خودایە
با ئەم بەفرە بچێتەوە
هێند زۆرین
لە کوێ بەچاوی کزی ئەو
ئەم هەموو
پیاو و ژن و
مناڵ و مەڕ و مراوی و
بووکەشووشە ئەنفالییە دەژمێررێین؟
خودایە
کە مردین
کەرەم کە مناڵەکانمان
لای خۆت گڵ بەرەوە
خودایە کە ڕۆیشتین
کەرەم کە هەموومان
لەژێر باڵی مردنێکا جێ کەرەوە!
*
نامەیەک دەمخوێنێتەوە
گڤەی دێ لە ڕەنگ و
قوڵپ دەدا لە گوتن
پێدەچێ ئەو خەڵکە هەر ئێستا
بەدەم مردنەوە کەوتبنە گۆرانی و
هەر ئێستاش
بەدەم هۆرە چڕینەوە
مردبن!
ڕووبارێ دەمخواتەوە



مەوج دەدا لە ترس و
خوڕەی دێ لە برین
پێدەچێ ئەو خەڵکە هەر ئێستا
بەدەم فڕینەوە هاتبن و
هەر ئێستاش
بەدەم سەربڕینەوە
فڕیبن!
شیعرێ دەمنووسێتەوە
شنەی دێ لە پیری و
قرچەی دێ لە فیراق
پێدەچێ ئەو خەڵکە هەر ئێستا
بەدەم سەماوە
نووستبن و
هەر ئێستاش
بەدەم پشکووتنەوە
وەک گەڵا
باریبن!
*
ئەرێ گوڵێ
خواکەی گوڵێ
چ زوو لە باغانم نەماوی
ئەرێ گوڵێ
گوڵێ جوانێ
جەللادان لێمەیان گرتووە
چوارگۆشەی مەیدانێ
ئەرێ
گوڵێ

خواکەی گوڵێ
داد کە گوڵێ
لە باغانم نەمابێ!

سلێمانی – ١٩٩٨



## وەک ئاو ڕووت و قووت

لەژێر دار و پەردووی
هەرەسی باڵەخانە نیوە ڕۆشنەکانی
ئێوارەدا بەجێمام
کە هاتم
وەک کلووە بەفرێکی ترسنۆک و نامۆ
بەخەمی بیابان
شەرمەزار بەتووڕەیی شاخ
خۆم بەپرچی فەنابووندا گرتەوە
تا سەرم هەڵبڕی
کتێبە پیرۆزەکان
جبە و گۆچان و چاویلکەی پێغەمبەرە تاقانەکانیان
پێچایەوە و بێ ماڵئاوایی
عیشوەی نازی سەرابستانەکان لووشی دان و
من جێمام
جێمام وەک پاسارییەکی کەسیرەی
ئێوارەیەکی درەنگی بەفرانبار
وەک چەتەیەکی گوناهباری پیر... پیر
بەجێمام
خۆم و ئەسپێکی گلاو و
دارستانێکی ئاوێنەبەند

وەک هاوکێشەیەکی ناتەواو
لەسەر تەختەڕەشی قوتابخانە
مامۆستایەکی شپرزە
بۆ گومانی بۆری پۆلەکان جێی هێشتم
جێمام وەک دەفتەرێکی سی لاپەڕەیی بێ بەرگ
منالێکی تەمبەڵ
لەسەر ڕەفەکانی فەرامۆشی جێی هێلام
تەنیا مام
وەک گوڵەگەنمێکی پێکراوی شەلاڵ
بە تاسەی دیداری سالاوەکان
وەک موریدێکی دەسخەڕۆ بەجێمام
جێمام وەک حەرفێکی ڕژاو
لە زاری ئاشقێکی بێباک و سەرەڕۆ
وەک تینوێتییەکی نەشکاو
تەنیا مام
تەنیا مام وەک دەنگی ئەو کوکوختییە شەهیدانەی
کە جاران گۆرانی لە گەروویانا
دەبووە ئاو
وەک دارتێلە عازەبەکانی گەڕەک
بەجێمام
خۆم و ئەسپێکی گلاو و
ئاسمانێکی ئاوس بەهەوری شووشەیی
پیاوەکان،
ئەو پیاوانەی کە بۆ بەرچایی نان و مرواربیان دەخوارد و
ئێوارانیش کۆبوونەوەیان دەکرد
فوویان لە چرای کزی چاوی ئێمە کرد و
ئەو هەموو ئومێدەیان بەسەوزی داکرماند



ئەسپی گلاوی جوانم
بحیلێنە تا چاوتکەم
منیش شیعر دەنووسم
تا بمبیستیت
بەڵێن بوو بەر لەوەی بڕۆن
جارێک بۆ میوانیی کانییە سۆزانییەکانمان بەرن
بەڵێن بوو بۆ خاتری فڕینێ
ئەو هەموو گمەیەیان بەژێر لێوەوە نەکردبا
خۆم و ئەسپێکی گلاو و
ژوورێک بەپانتایی قەسیدەیەک
لەوێدا،
ڕووت و قووت وەک ئاو
گوێمان لە قریشکەی برینەکان خەواند و
بەتاسەوە لە هامشۆی ڕووناکی ڕاماین
ئەو ژوورە ناوەندی کەون بوو
لەوێوە سیحری جەنگەڵستان
دەڕژایە ڕۆحی بێ بنی بیابانەوە
هەورەکان بەسواری ڕەشەبا دارینەکانەوە
دەهاتن و لەوێ دادەبەزین
لەوێدا... بەردەوام لەو ژوورەدا
دوو غەریب... ڕووت و قووت وەک ئاو
عیشقیان دەبەخشییەوە و
لەسەر ئێمەیان دەکردەوە
ئەوێ ناوەندی کەون بوو
بەردەوام لەوێدا
دوو غەریب... سەرمابردەڵە وەک ئاو
بەرەو سەرچاوە دەگەڕانەوە

جار جار دەستیان بەرز دەکردەوە و
سلاویان لێ دەکردین
لەوێدا... هەمیشە لەوێدا
دوو بێ ناونیشان... ڕووت و قووت وەک ئاو
خۆیان لە تەپ و تۆزی گومانی تاشەبەردەکان
دەتەکاند و بینیان بەعیشقی کەنارەکانەوە دەنا
ئەو ژوورە ناوەندی گەردوون بوو
دوو غەریب
بێدەنگ... دەستبلاو
ڕووت و قووت وەک ئاو
هەمیشە لە خەمی ئێمەدا بوون!
ماڵئاوا ئەی ڕۆژگارە خۆشەکان
ماڵئاوا ئەی ئەو ڕۆژگارە خۆشانەی
کە وەک مناڵ
بە هەموو شتێ پێکەنین دەیگرتن و
وڕکتان لە هەموو شتێ دەگرت
ماڵئاوا ئەی ئەو ساتە ڕەنگاڵەییانەی
کە لێوالێو بوون
لە بۆنی گوێژ و تامی نارنج
ناوبەناویش
گوندە ساویلکە و نەخوێنەوارەکانتان
بۆ میوانیی سەمای دەغڵە مەستەکان
داوەت دەکرد
خوات لەگەڵ... ئەی دڵەڕاوکێی بەچێژی
بەردەم ئەو پەنجەرانەی
کە لە خۆیانەوە دەکەوتنە سەرپشت و
شیعر و هەناسە و چرپەیان لێوە دەهاتە ژوورێ



ماڵئاوا ئەی ئەو ساتە مەلەکوتییانەی
کە بێ ئەوەی هانا بۆ فەلسەفە بەرین
شاعیر بووین و
بێ ئەوەی میسۆلۆژیا بخوێنینەوە
عاشق بووین
ماڵئاوا... ئەی ئەو شەوانەی
کە ئاسمان لەسەر عەرد دەنووست و
ئەستێرەکان لەنێو پێڵووەکانمانا هەڵدەبوون
خواتان لەگەڵ ئەی ئەو وەرزە بێ فیزانەی
بێ ڕۆژژمێر دەمانناسینەوە و
بێ ئەوەی ناچاربین تەماشای کاتژمێر کەین
دەگەیشتینە جێ ژوان
ماڵئاوا... ئەی ئەو گۆرانییانەی
کە وەک بولبوول ئەزبەری ئاو بوون و
ڕووت و قووت
لە چیمەنە ساردەکانەوە هەڵدەقوڵێن
خواحافیز... ئەی ئەو چەپڵە وردیلانەی
کە ڕۆژانێ بەتاسەوە
خۆتان بۆ باوەشی گەرمی سروودەکان دەکوتا
ئەو ڕۆژانە
شیعرەکان ئاوها غەدریان لێ نەدەکردین و
فیلمەکان ئاوها بەد لێمان حاڵیی نەدەبوون
ماڵئاوا
ئەی ئەو کیژە بێگەرد و دڵپاکانەی
کە وەک هەتاو سەخی بوون
هاوینان... بێهوودەیی لە کەفی خوێنتانا
بێ ئیش و تەمبەڵ بەر دەرگای دەگرت و

سڵاوی عیشقە بەربەرییەکانی دەسەندەوە
ئای... ئەو ساتانە
تینوێتی نەدەشکا
تێربوون نەبوو
کۆتایی نەبوو
عیشق نەدەکرایە قوتووەوە و
حەزلێکردن ئوتوو نەدەکرا
ئەو ساتانە
ڕەهایی هەبوو
هەڵزنین هەبوو
تامەزرۆیی هەبوو
شێتبوون هەبوو
چا هەبوو!
ئای ئەو ڕۆژانە
بوکەشووشە ڕەفیقی ئاوێنە بوو
درەخت ڕووت و قووت بەپێی پەتی
بە چیمەنەکانا ڕای دەکرد
خودایە... سوێسکە چ کەیفێکی هەبوو
ئای ئەو ئێوارانە
هەموو شتێ ئاوی بوو
هەموو شتێکمان بەڕەنگی ئاوی دەبینی
شاخ و دارخورما و کیسەڵ و
مراوی و ڕووبار
دوودڵ نەبووین
کەروێشکیش بەڕەنگی ئاوی ببینین
ئەو ڕۆژانە
کوللە لەم ژوورەدا تەنگەنەفەس دەبوو



گومان نینۆکی دارمێوەکانی
تا سەر ئێسک نەدەکرۆژت
ئەو نیوەشەوانە
عیشق لە تاریکی ئەوسەری کۆڵاندا
ڕووت و قووت.. بێ ترس... بەتەنیا
لەگەڵ کەسێکی غەریب دەدوا
ئەو ساتانە
دڵنیایی بەدەم سڕینی پەنجەرەکانەوە
فیکەی دەکێشا
پشیلەکان لە خۆشییا دەپژمین
ئەو ساتانە
ئەم ژوورە بۆنی ئەستێرەی لێ دەهات
گیرفانەکانمان پڕبوون
لە زریوە!

سلێمانی - ١٩٩٢

## باخێک باڕووت

*بۆ جەمال غەمبار*
*بەر لە هەڵکردنی گێژەڵووکەی بوغز*

واباشە،
بەر لە ڕژانی
ئەم پێکە ڕەنگاوڕەنگەی دڵم
بچمەوە
درەنگانێ
شیعرێکی تەڕ تەڕ
بە لیمۆ
دێتە ژێر باڵی پیریم و
دەمهێنێتەوە ماڵەکەی تۆ
وا باشە
بەر لە پڕانی
ئەم پێکە ڕەنگاوڕەنگەی سەرت
بچیەوە
درەنگانێ
شیعرێکی خوساو بەشەو
ڕەشماڵێک بۆ پیریت هەڵدەدا و
چاوانی مەراقت دەچنە خەو



بیخوێنەرەوە... هاوڕێم
لە جانتاکانی سەفەر نووسراوە
تابووت
یان دەبێ بەمردوویی
بە جانتاکانمانەوە بدوێین
یاخود دەبێ بەزیندوویی
لەگەڵ تابووتەکانمانا بڕۆین!
چی هەیە لەم ژوورە تەنگتر؟
چی هەیە لە دڵی ئەم شمشێرە
ڕەقتر؟
چی هەیە لەم دوکەڵە ڕەشتر؟
چی هەیە لە دەنکە مرواری ئەم خەمە
درشتتر؟
چی هەیە.. چی هەیە
لەم دوو قەبرەی من و تۆ
ئاوەدانتر؟
ئیدی مەحاڵە هاوڕێم
ئەم پەنجەرەیە حیکمەتی ڕووانین
لە کۆترە شینکەوە فێربێ
مەحاڵە ئەم دەرگایە
بە ڕووی باخ و سلاودا
بکرێتەوە
کەواتە... کەواتە
بەر لە جەولەیەکی تری پیاسەی ژەهر
سێ شەممەکانت کۆکەرەوە
هەروەها لیمۆکانیشت کۆکەرەوە
بەر لە چاوسوورکردنەوەی

چەقۆ لە گوڵ
لەنێو مستی ڕەقهەڵاتووی کۆڵاندا
دەنکە بەرسیلەی وەریوی
چاوانی ڕۆزا
بچنەوە
هاوڕێم لەبەر چاومە
بەرەبەیانییەک من و تۆ
لە بنی فنجانی ئەم قاوەگرەوە ئازیزەدا
پیر دەبین
کۆمەکۆم بەجانتاکانمانەوە
ڕێی قەبرەکانمان دەگرینە بەر
تۆ بۆ نێو مەنفای قەبرەکەی خۆت و
من بۆ نێو مەنفای قەبرەکەی خۆم
هاوڕێم لەبەرچاومە
بەربەیانییەک من و تۆ
لەپاڵ دیواری سێ شەممەیەکدا
پیر دەبین
کۆکەکۆک... بەتابووتەکانمانەوە
دەچینەوە سەر سەفەر
تۆ بۆ نێو تابووتی سەفەری خۆت و
من بۆ نێو تابووتی سەفەری خۆم!
هاوڕێم... هاوڕێم
بەرەبەیانییەک ڕووت و قووت
لە بەشە میراتی
ئەم پیاوە ئاوساوانە
چی بەمن و تۆ دەبڕێ
جگە لە چەپکێ گوڵی ژەنگاوی و



باخێک بارووت
حەیف... هاوڕێم
حەیف
کە بەرەبەیانییەک
بەر لە هاواری سەمون فرۆشەکە
من و تۆ پیر دەبین
کەسێ نابێ بمانبا
بۆ پیاسەی گەڕەکی لیمۆکان
کەسێ نابێ
دەنگمان هەڵگرێتەوە لە زستان
حەیف
هاوڕێم... حەیف
بەر لە ڕژانی ئەم پێکە ژەهرەی
سەر خوانی کورد
سەری شیعرمان
بە دیار شەڕەکانەوە
سپی کرد!

سلێمانی – ئابی ١٩٩٧

# تەیرەکانی ئیسماعیل

ئیدی ئاوڕ لە سێبەرە سەرابییەکانی
سەحرا نادەمەوە
تا بەم درەنگ وەختە
لە ئێوە ون نەبم
تاوێ بەر لە فڕینی ئەوان
من لە سەفەری مێرگەکانی وەنەوشە هاتمەوە
تازەکیی تەپ وتۆزی پیریم
لە منالّیی خۆم تەکاند
تازەکی لەژێر شەستە ئاونگی شەرمی
جەنگەڵستانە دوورەکانا
بوومە ئاو،
چۆڕ چۆڕ لە خۆم ڕژام
بەو هەموو برینەوە
مرواریم بۆ زەریا ڕاوکرد
بەو دەست و پەنجە لە گۆ کەوتووانەوە
چرام بۆ ڕێبوارە جێماوەکانی
بیابان پێکرد
لەوێوە تا ئێرە
بەدوای خۆما
سێبەری دەریاچەکانم خەواند



لە دڵی خۆما.. حاشام کرد
لە عیشق
لە سەفەر
لە ئێوە
لە...
حاشام کرد لەو مێژووە نائومێدەی
کە دۆسیەی شکستەکانی ئێمەی
ئارشیف کرد
لە دڵی خۆمدا حاشام کرد
لەو شۆڕشە مازۆشییانەی
کە دڵی شۆڕشگێڕە پیرە
ڕۆمانسییەکانیان ڕەنجان
شوێنپێی مردنەکانیان هەڵگرت و
تەرمی خۆکوشتنەکانیان
بۆ یادگار مۆمیا کرد
حاشام کرد
لەو چوکلێتە نامانەی
بەناوی عەشقەوە
کچەکانی منیان دەسخەڕۆ کرد
تۆ ئەم جەنگاوەرە ساڵخوردە
دۆڕاوەت نەناسیبوو،
کە ناوەخت جەنگم لە تابووتێکی وەنەوشەییدا
کردەوە بەماڵا
بیابان لە چاوانما کەروێشکەی دەکرد
دەرگای حەوشە کرایەوە
لەودیو پروشەی بارینی سەرمەوە
تۆم بینی

بەڵام نەمتوانی بتناسمەوە
بەفڕینی تەیرەکانا زانیم تۆیت
تۆ... تۆ
بە سەری براوی (ئیسماعیل)دا
زانیت
منم... من
م
ن!
چۆنیت برادەر
تا من دەچمە ژووریّ و
ئەمانەتەکان دەگەیەنم
تۆزیّ باراناو
بۆ تەیرەن ئەبابیلە گوناهەکانی
سەر شان و مل و سەرم
ڕۆکەن
ئەوسا لێرەوە
بە زەریادا
دەتانبەمەوە سەر یەکەمین دڵۆپە ئاو
لەویّ ببینن
چۆن شەڕەکان لەئاو هەڵدەکێشرێن
چۆن چۆنی پرسیارەکان قەد دەکرێن
ببینن
چۆن شۆڕشەکان دەخرێنە مۆزەخانە و
چۆن چۆنی ئاشتییەکان
لەبەر هەتاو هەڵدەخرێن
چۆنیت برادەر
تا مناڵە مەنغۆلییەکانی گەڕەک



لە ژماردنی تەیرە مردووەکانی
حەوشی مزگەوت دەبنەوە
من ئەمانەتەکان دەگەیەنمە دەستی (یوسف)
پێی دەڵێم:
کوڕم چەندی ماوە ڕۆژ بێتەوە؟
پێم دەڵیّ:
چەند بیّ مانایە ئەم ڕژانە
چین ئەم وەرزە میزاجییانەی
کە ئاوها سووک و باریک
دەماندەنە دەست یەکتر؟
بەچیمان دەزانن
ئەم ساتە نەزۆکانەی
کە ساڵژمێرەکانی ڕوانینمان قەد دەکەن؟
چین ئەم عاشقە ناشییانەی
شیعرەکانمان دەکەنە
نامەی دڵداری بۆ یەکتر؟
چۆنیت کوڕم
چ شاعیرانە خۆت کرد بەژووردا و
بە ناوی قاوەوە فنجانە ژەهرەکانت فڕکرد!
چ ساویلکانە لەبەر شەستەبارانی غوربەتا
چاوت بۆ سێبەری کۆترەکان گێڕا
چ زاڵمانە
لە فڕکان فڕکانی گوللە خەمساردەکانا
سەرە براوەکانی خۆت ژمارد
ها... ئەمە نامەکان
ئەمەش وێنەکان
ئەوەش....

شتێ لە دار و پەردووی پاپۆڕە تێکشکاوەکان و
تۆزێ لە ڕاڕایی زەریا و
ئینجانەیەک لە خەونە ئێکسپایەرەکانی
سەحراشتان پێ بڕا
ها ئەمەش کاسکێتەکەی باپیرت
ئەوەش وێنەکەی بەجلکی (ئەدمیراڵ)ییەوە!

تێبینی:

شیعرێکی کۆپیکراوی زۆر کۆنی یوسف لە ئارشیفەکەی (ئیبراهیم)دا، کە بەخەتی سانسکریتی نووسراوە و تەنها ئەم چەند دێرەیم بۆ ساغ بۆوە. پێدەچێ ناوبراو ئەم شیعرەی کۆپی کردبێ و ئۆرگیناڵەکەی بۆ (یەعقوب) ناردبێ.

کە تەیرەکان وەرین
دایکم بەیەکجاری لە ئاوێنەکان هاتە دەرێ و
پەیژەکەی هێنایە ژوورەوە
ئیتر حاشا لە ژنە هیندییەکانی هاوڕێی
ئیتر حاشا لە تەرزە بارینی ناو میترۆکانی
ڕەقهەلاتن
ئیتر حاشا لە ئێوارانی ئاوساوی چاوەڕوانی
ئەو لە وەرزێکدا لە قسە کەوت
کە پرچی هێشتا مرواری لێ دەچۆڕا
ئەو لە زەمەنێکدا دیارنەما
کە عیشق بۆسەیەک بوو
بۆ ماڵیکردنی سەفەر نرایەوە
ئەو لە ڕۆژێکدا مەحف بوو
کە عومر بەئەمانەت
ئێمەی دایە دەستی پیربوون
ئەو لە سەدەیەکدا لە پا کەوت



کە خودا بێدەنگ مرد و
بولبوولەکان بەئاسمانە بوونە بەرد
ئەو لە شەوێکدا دیارنەما
کە ئێوە تازە خۆتان دەکردەوە
بە ماڵدا
ئیتر
لەو
شە... وە...
(شیعرەکەی یوسف تا ئێرەبوو)

چۆنیت برادەر
لێرەوە بەزەریادا
دەتانبەمەوە سەر یەکەمین دڵۆپە ئاو
بە سەحرادا
دەتانبەمەوە سەر جێپێکانی سەراب
دەتانبەمەوە بۆ بەر ئاگردانەکانی لم
بۆ ناو ماڵۆچکەکانی کوفر
بەم شەڕانەدا
دەتانبەمەوە سەر یەکەمین دڵۆپە خوێن
لەوێ لە ڕوخساری کەللەسەرە خۆشبەختەکانا
شوێنپێی پڵنگە یاخییەکان بناسنەوە
شوێنباڵی فڕینی شەهێنەکان هەڵگرن
تەلەفیزۆنەکە بکوژێننەوە
با وێنەیەک بگرین بۆ یادگار
چرکەیەکە و...
تەواو
ها... ئەمە ڕەسمەکان

ئەمەش ئەشیعەکان
زۆر بەداخەوە
ئێوە بەشێرپەنجەی زەریا ئالّوودەن
چ ناوەخت شەو داهات برادەران
کوێرا دەستی چکۆلانەی عەشق
بە ئاگری وەهما چزا؟
بەلام هەر دەبوو
منالّە مەنغۆلییەکانی گەڕەک
تەیرە مردووەکانی حەوشی مزگەوت
کۆکەنەوە
هەر دەبوو تۆ دەرکی حەوشە بکەیتەوە
تا بالات لەودیو
پروشەی ڕاکردنی ئێوارانەوە ببینم و
بە فڕینی تەیرەکانا بتناسمەوە
تۆ هەر دەبوو لەگەلّ پیاوێکدا
شان بدەیتە بەر پیاسەی بێهوودەی
ناو ژوورەکان
کە تازەکی
لە سەفەرە سەهۆلّییەکانی زەمهەریر
گەڕابۆوە
تۆ هەر دەبوو بەپیاوێک تووش بیت
کە دەستێکی بەپەلی زەریاوە و
دەستەکەی تری
بە داوێنی فڕینی تەیرەکانەوە بێ
هەر دەبوو تۆ دەرکی حەوشە بکەیتەوە
تا بالات لەودیو تەمتومانی
زستانە تازیەبارەکانەوە ببینم



تۆ هەر دەبوو لە پیاوێکەوە بەم گەمەیە
ئالّوودە بیت
کە دلّێکی لای سوێندی
نەوڕەسە خەتابارەکانی دۆزەخ و
دلّێکی تری لای جادووی
چوارڕا پێچاوپێچەکانی گومان
چۆنیت کوڕم
ها... ئەمە
نامە و وێنەکان
شەو چەند درێژە برادەران!

*تێبینی:*
چوکلێتە نامەیەکی (یەعقوب) کە لەکاتی پێشمەرگایەتیدا بۆ هاوڕێکانی ناردبۆوە و دوای ڕاپەڕین برازایەکی خۆی بەڕێکەوت لەناو ئەشیاکانی (یوسف)دا دۆزیبوویەوە.

دلّنیابن لە ئەمنییەتی بالّەخانەکانی شیعر
لە بانیژەکانی تەماشا
لەو پێپلیکانانەی سەردەکەونە سەر
ئاسمانە نزمەکانی نوستن و
دادەبەزنە نێو ژێرزەمینەکانی ڕووتبوونەوە
من تا نزیکی شار
لەگەلّ بالّی فڕینتان دێم
تا ئەوێ بەڕێتان دەکەم
بەلام دلّنیابن سبەینێ
نانەکان هەر گەرم و
پرتەقالّەکانیش پۆشتە و پەرداخ
عارەبانچییە پیرەکە
بە خەتێکی ناشیرین لە عارەبانەکەی نووسیوە

بە لێو دەخورێ ژیان!
لافیتەکان هەڵواسن
با لەژێر سێبەری سیمرخەکانا
وێنەیەک بگرین بۆ مێژوو
دڵنیابن لەوێوە تا ئێرە
ڕێگە شەش پاڵووییەکانی یەقین
قیرتاو و
ڕاڕەوەکانی گومانیش هێمن و بێ قرە
ئیدی تەیرەکان
ناوەخت خۆیان ناکێشن
بە پەنجەرەی نوستووی
ژوورەکانا و
ئیدی ئینجانەکانیش تەرە نابن
بەڵام من تا ئەو نزیکانە
لەگەڵتان دێم
بە ڕۆشناییدا
دەتانبەمەوە سەر یەکەمین چرا
بە پێکرانا
دەتانبەمەوە سەر یەکەمین برین
بە عیشقدا
دەتانبەمەوە سەر هەزەلی ترین دۆڕان
لەوێوە... خۆمان و سێبەرەکانمان
بۆ پیاسەی نیوەشەوانی
بیابان دێینەوە
لەوێ.. ئامێزی سەراب والایە
بۆ مومارەسەکردنی بێهوودەیی
بۆ شتنی سەر و قژی ئاڵۆزکاوی گەڕانەوە



بە ملدا
لەوێ دەتوانن فڕین ماچکەن
لەژێر سێبەری بیاباندا بنوون
لەوێ
تەنها دوو باڵ
لە خوداوە دوورن!

*دوا تێبینی و ئاگادارییەک:*
جامی وێنەیەکی (ئیبراهیم) ئەو کاتەی تازە کرابووە ئادمیراڵ.

تاوێکی تر دەڕۆم
بازگەکانی قووڵایی بەسەر دەکەمەوە
ستراتیژی بیابان ناخوازێ
لەژێر سێبەرەکەی خۆتا پشوو بدەیت
گەر وابکەیت... هەڵەیت
دەبیتە بەشێک لەو
هەناسە لە گەرووتا دەبێتە لم
گۆرانیت لە زارا دەبێتە زیخ
بەڵام خۆ هەر دەبێ
جێباڵی فڕینێ جێ بمێنێ
بۆ تاوانبارکردنی تەیرەکان
هەر دەبێ جێپێی هەڵزنینێ
جێ بمێنێ
بۆ ڕاپێچکردنی لاولاو بەرەو نادیار
هەر دەبێ
شوێن سێبەری عاشقێ جێ بمێنێ
بۆ بەڕەسمی ناسینی باخچە
وەک تاوانبارێکی خەتەر

هەر دەبێ
جێ دەنگی جریوەیەک جێ بهێنێ
بۆ مۆمیاکردنی دارستان
هەر دەبێ جێ بۆنی گوڵێک جێ بهێنێ
بۆ سوتاندنی ئارشیفی هەنگەکان!
ڕۆژنامەکە دانێین
با لە چەقی زەریادا
وێنەیەک بگرین بۆ یادگار
چرکەیەکەو... تەواو
ها ئەمە وێنەکان
ئەمەش وێنەکەی باپیرت
بەر لەوەی بەیەکجاری
لە بیاباندا ڕەق بێتەوە
ئەوانەش تەیرەکانن لە ئەشیعەکانا
هەڵدەفڕن
ئاخر ئەو تەیرانە
بێ خەبەر لە پەیڕەو و پرۆگرامی
وەرزەکان
پێچەوانەوەی ئاراستەی مردن
فڕین
ئەو پەندە جوانەیان بیر چووبۆوە
کە دەخوازێ
لە کاتی پێکرانا
سێو بخۆیت و گۆرانی بڵێی
ئەوانە نەیانزانی
کە لۆژیکی لاکێشەی کاتژمێرەکان



بە درۆ ناخرێتەوە
هەر بۆیە بەدۆعایەک
بە ئاسمانەوە بوونە بەرد
ئیدی دوای ئەوە
عومر نزایەک نەبوو
مورازی قەیرەکچانی ناو باڵکۆنەکانی
تیا حاسڵ بێ
ئیدی لەوە بەدوا
نەدەکرا شوێنی هەموومان
لە ئاوێنەکانا بێتەوە
لەوە بەدوا
نەدەکرا هەموومان بڕۆین
شوێن باڵی خۆکوشتنەکان هەڵگرین
نەدەکرا هەموومان بەزەریادا
بچینەوە سەر یەکەمین دڵۆپە ئاو
بە باخچەدا بچینەوە سەر یەکەمین یاری
بە بیاباندا بچینەوە سەر یەکەمین سەراب
بە مردنا بچینەوە سەر یەکەمین چۆڕاوگە
بە فڕینا بچینەوە ناو قەفەسەکان
بە جێپێیکانی خودادا
بچینەوە سەر یەکەمین سەربڕین
بەڵام هەر دەبوو تۆ دەرگاکە بکەیتەوە
تا بەفڕینی تەیرەکانا بتناسمەوە
هەر دەبوو منیش بەو قیافەتەوە
خۆم بکەمەوە بەماڵدا
تا بەسەری براوی ئیسماعیلدا

بمناسییەوە
تازە ئیدی هەر دەبوو تۆ
بەدوای فڕینی تەیرەکانەوە بیت
دەبوو تۆ سەرەداوی ئەو قسانە بدۆزیتەوە
کە ئێمە نەمانگوتن و
دواجار بەسەر کەروێشکەخەوی ئێمەدا
بازیان دا
ئیدی دەبێ تا ماویت
خۆت بۆ خەونی سیمرخەکان بنێیتەوە
ئەو سیمرخە لاسارانەی
بە ئەنقەست خۆیان کوشت
تا ناچارمان کەن
ئێوارەیەک بکەوینە سۆراخی تەرمەکانیان
ئەو سیمرخە پیرانەی
تا سەر ئێسک بەدگومان بوون
لە نەزاهەتی ڕاوچییەکانی ڕۆژی تەنگانە و
قەسابە ئاقڵەکانی مێژوو!
لە شەمەنەفەرەکان دابەزن
با ڕەسمێک بگرین
بۆ ئارشیف
لە وێنەکەدا هیچ مەڵێ
وەک ئەو کاتەی
دەرگای حەوشە کرایەوە و
بە فڕینی تەیرەکانا یەکترمان ناسییەوە
هیچ مەڵێ
وەک ئەوکاتەی کە خۆم و خۆت و



دەنگی فڕین
بە لێواری بارینەوە ماینەوە
بێدەنگ... هیچ مەڵێ
وەک ئەو کاتەی لە دڵی خۆتا گوتت
خۆشم دەوێی
ئیدی منیش
چۆڕ چۆڕ لە خۆم ڕژام
بێدەنگ... هیچ مەڵێ
وەک ئەو کاتەی
لە وێنەکەدا پیاسەمان دەکرد و
لە دڵی خۆمانا
قاقا پێدەکەنین
بێهوودە بۆ یەکتر دەگەڕاین
بێهوودە بۆ یەکتر دەدواین
بێهوودە سێبەرەکانمان
لەگەڵ سێبەری تەیرەکانا دەگۆڕییەوە
بێدەنگ... هیچ مەڵێ
وەک ئەو کاتەی لەناو ئەشیعەکانا
بە ڕووتی بەجێماین
بێدەنگ...
ب
ێ
د
ە
ن
گ

ها ئەمە وێنەکان
ئەمەش نامەکان
ئەوەش ئەشیعەکان
چرکەیەکەو
هەموو شتێ
تەواو

سلێمانی - کۆتایی ١٩٩٥



# چلە سێبەرێک شکاو...
## شکاو!

*خوێندنەوەیەکی ئانتۆلۆژیانەی سێبەر بەڕاناوی کەسی یەکەمی نادیار*

ڕەنگ هەڵیکرد
بەرەو پۆل کچەکەم
ڕەنگ هەڵیکرد
بمبوورە گەر ئێوارەیەک
کوت و پڕ دیار نەمام
دەتبوورم
گەر ئێوارەیەک لە خۆڕا
دیارنەمایت
پۆرترێتەکەی باوکت
بخەوە جانتاکەت
ڕوخسەت بخوازە
لە حەرفی مەییوی نێو گەرووی
غەریبان
لە خواری خوارەوە
ڕەسمی گۆرانییەک بکێشە
ڕەش و سپی
کەوانەیەک بۆ گومان بکەوە

فاریزەیەک لەبەردەم غەریبیدا دانێ
خەتێکی مۆر
بەژێر تەنیاییدا بێنە
کەروێشکێکی پەمەیی
لە بۆسەی گێزەرێکا بخە ڕستەوە
ئاوێ لە کاتی ئاوڕدانەوەدا
ئیعراب کە
نیشانەیەکی سەرسوڕمان
لەسەر ئانیشکی دارتووەکەی
حەوشی مەکتەب هەڵکۆڵە
دەفتەری ئیملای زیکزیکە
پڕ بکە
لە زۆرباشە... ئافەرین
ڕۆژباش کچەکەم
پشووبە... ڕەنگ هەڵبکرد
وریابە... پیری هەڵیکرد
پۆرترێتەکەی باوکت بخەوە جانتاکەت
ئاوی گۆرانییەکەی حەوشە مەگرەوە
ڕاڕایی پەنجەرەکەی ژووری میوان
لەسەر حوزنی ئێوارانی کۆڵان
دامەخە
پەڕەکانی دەفتەری بیرکاری
بکەرە کۆلارە و
پەڕەکانی کتێبی جوگرافیاش
بە بەلەم
گرەو مەکە لەسەر ئەوەی بزانم
ڕەنگی قردێلەکەت



سوورە... یان مۆر
نازانم ئەو بۆبەی نینۆکە
لەگەڵ پێڵاوەکانتا دەگونجێ
یان لەگەڵ ڕەنگی خۆرنشین
پشووبە کچەکەم
ئێوارە هوروژمی هێنا
وریابە
پیری هەڵیکرد!
بمبوورە گەر ناوەخت
دیارنەمام
تازە نە من
تۆ پەمەیی دەبینم و
نە تۆیش من بەسپی
ئاخر ئیتر ڕەنگ هەڵیکرد
ئەو ڕەنگە پیرۆزەییە... نا
کە دایکم
لە ئێوارانی هەڵفڕینی ئەسپەکانا
چاوانی ئێشاوی بەرسیلەی
پێ دەڕشت
ئەو ڕەنگە وەنەوشەییە
کاڵ... کاڵەش نا
کە هاوین لە غیرەدا
دەیدا بەعەورەتی هەنجیرا
ئەو ڕەنگە شەرابییەش... نا
کە باپیرەت بەیانیان بەگالیسکەیەکەوە
دەهات و
چاوانی گوڵە یاسەمین و

گیرفانی دارسنۆبەرەکانی لێ پڕ دەکرد
ئەمڕۆ شەممەیە
خوا دەزانێ چەند پەپوولە
لە کتێبی پەروەردەی نیشتیمانی
کچەکەما ڕەق هەڵدێن
دوێنێ یەک شەممە بوو
خوا دەزانێ چەند چلەسێبەری تەڕ
لە کتێبی جوگرافیای کچەکەما
بەلا هاتوون!
پشووبە کچەکەم... ڕەنگ هەڵیکرد
وریابە... پیری هەڵیکرد
پۆرترێتەکەی باوکت
بخەوە جانتاکەت
ڕوخسەت بخوازە... کچەکەم
لەو منالانەی
کە قاچیان بەجادە دۆڕان و
نیوەشەوانێک چاویان
لەنێو پەلکی درەختەکانا لێ جێما
ڕوخسەت بخوازە کچەکەم
لە دونیایەکی وا بچووک
کە نە دەرگایەکی هەیە بۆ هەڵاتن و
نە پەنجەرەیەک بۆ خۆکوشتن
ڕوخسەت بخوازە
کچەکەم
لە بتە ملدرێژەکانی
کتێبی مێژوو
لەو بتانەی خەراپ لە نەزاهەتی



زەرافە گەیشتن
ئەو بتانەی کە سەرهەڵگرتنی پێغەمبەرەکانیان
قۆستەوە
تا کتێبە گوماناوییەکانی ڕەوانبێژی
بنووسنەوە
ڕوخسەت بخوازە
کچەکەم
لە شمشێرەکەی شا ئیسماعیلی سەفەوی
لە گۆچانەکەی ئەتاتورک
لە دارحەیزەرانەکەی مامۆستای سروود
لە گۆی زەوی خۆڵاوی
سەرمێزەکەی ژووری مودیر
ڕوخسەت بخوازە
لە ڕەوە ئاسکی هەڵاتووی
ناو کتێبەکانی زانیاری
لە کۆترە خەمبارەکانی
بەر پەنجەرەی تیوبەکەی (نامیق عەلی)
ڕۆژباش کچەکەم
پشووبە... ڕەنگ هەڵیکرد
وریابە... پیری هەڵیکرد
پۆرترێتەکەی باوکت بخەوە جانتاکەت
بمبوورە گەر ئێوارەیەک
کوت و پڕ دیارنەمام
گرەو مەکە لەسەر ئەوەی بزانیت
بەکوێوە هەڵنیشتووم
یان لەژێر گوێسوانەی
ماڵە دوور دوورەکەی (ئازاد شەوقی)دام

یاخود وەک قەترە شەونمێکی تەڕ
وام لەنێو لەپی ڕەنگێکی سرکی
(سامان کەریم)

***چەند وێنەیەک لە دەفتەری ڕەسمی کچەکەم بەدزی مامۆستای وێنەوە.***

**ڕەسمی یەکەم:**

سپییەک نیوە ڕووت
نیوەکەی تریشی پرژاوەتە
گۆشەیەکی ماتی جێهێڵراوەوە
لە ناوەڕاست و گۆشەی چەپدا
چەند پەڵەیەکی ڕەش
لە سێبەر دەچن و
لە جێپێی ئاژەڵێکی تازە ماڵیکراو
چلێ ڕێحانە خۆی ڕاست کردۆتەوە
خاڵێکی ڕەش لە پانتاییەکی سپیدا
خۆی ڕادەپسکێنێ
مناڵێ لە مەکتەب دێتەوە
گۆرانییەک لە دوورەوە دێتە گوێ!

**ڕەسمی دووەم:**

سپییەکی تۆختر
بە هێڵێک
لە گۆشەی ئەوسەرەوە
بەرەو قووڵایی بۆ گۆشەی ئەمسەر
شکاوەتەوە
پۆلە باڵندەیەک لە ڕیشۆڵە دەچن و
لە قژقڕەش



سێبەرەکانیان دوو سێ هێندەی
قەوارەی خۆیانە
ناکاو بەرەو گۆشەی چەپ
هەڵدەفڕن
سێبەرەکانیان جێ دەمێنێ
جگە لە پیانۆیەک
کەس بەدەرەوە نییە
مانگ دەنوێ!

**ڕەسمی سێیەم:**

ڕەنگێکی مەیلەو ڕەش
دەبێتە هەڵم و
ئاسەوارێکی پەمەیی
لێ جێ دەمێنێ
فیگۆری تەرمێک لە ناوەڕاستدا
کە دوو بەشی پانتایی تابلۆکەی
داگیرکردووە
مناڵێ لای گۆڕستانێکەوە ڕەت دەبێ
دەنگەدەنگێکی میسۆلۆژی
کۆترێکی چاویلکە لە چاو
دەگمێنێ
کەروێشکێ لەوبەرەوە دەزێ
سەرەمێکوتەیەک ڕەخنە دەنووسێ
شەو دادێ!

**ڕەسمی چوارەم:**

کات دەمەو ئێوارەیە

گەڵایەک ڕێچکەی جۆگەیەکی
بەرەو چەپ گۆڕیوە
کیسەڵێک واقوڕماو
لە ئاسمان دەنۆڕێ
هەورەبروسکە
سێبەر... سێبەر... سێبەر
تاریکی!

**ڕەسمی پێنجەم:**

خاڵی ڕەشی لەژمارە نەهاتوو
بەسەر پەلک و لقی درەختەکانەوە
لەنێو جۆلانەکاندا
لە کەناری جۆگەکانا
لەنێو پەڕەی دەفتەر و کتێب و
خەونامەکاندا
لە مناڵی کەڕ و لاڵ دەچن
کە لەژێر سێبەرا خەون ببینن
نەک لە چۆلەکە
کە بەرەو سەری ئەمسەر بفڕن
کۆلارەیەکی نیگەران بەحەواوە
گۆرانییەکی بەکۆمەڵ!

**ڕەسمی شەشەم:**

*به خەتێکی سوور هێڵێکی ڕاست و چەپ بەسەر ئەم وێنەیەدا هێنراوە، مامۆستای ڕەسم بەخەتێکی ناشیرین ڕستەیەکی لە گۆشەی سپی ڕەسمەکەدا نووسیوە. لەبەر هەندێ ئیعتیباراتی پەروەردەیی و ئەخلاقی و سیاسی نە لە وێنەکە دەدوێم و نە ڕستەکەش دەخوێنمەوە!*



ڕەنگ هەڵیکرد
کچەکەم
پیری هەڵیکرد
ئەو دەمەو عەسرەی دێمەوە
پەنجەرەکانی هەڵوژە
بە ڕووی ڕووانیندا دەکەونە سەر پشت
ڕێواس دەستی دەچێتە خۆی و
هەورەکان لە ئەوجی مەغریبی ڕەنگدا
بەدەم بارینەوە خۆیان دەکوژن
ئەو دەمەی دەگەڕێمەوە
دەنگی خۆم بەئەمانەت
لای ڕەنگی چاوانی ماسی
جێ دێڵم
کە دەگەڕێمەوە
ناوەخت
ئەو هۆزە بەفرانە دەچنەوە
ناوەخت
ئەو ئەسپانە دەفڕن
ناوەخت لەگەڵ تۆدا
دەگەڕێمەوە ئەو گەڕەکانەی
کە جمەیان دێ لە چاوەڕوانی شووشەیی
ناوەخت
لەگەڵ تۆدا دەگەڕێمەوە و
گیرفانەکانم پڕن
لە مەمکە وەربوەکانی گێلاس
زەینم پڕە

له یادەوەرییە سەوزەکانی چنار
رۆژباش کچەکەم
پشووبە... ڕەنگ هەڵیکرد
وریابە... پیری هەڵیکرد
بمبوورە گەر بەیانییەک کوتوپڕ
دیار نەمام
هەنگاوێ دوور لە ئێوارانی
ڕاکشاوی ناو تابووتەکان
تۆزێ لەولا ڕەقبوونەوەی شۆڕش و
لارە لارەی مێژوو
بەدەم پیاسەی ئێوارە نارنجییەکانی شمشێر و
هێڵنجدانی شەڕەوە
لە تەنیشت ڕەنگەوە تۆم بیست
ئیدی زانیم:
نە ئەو پەنجە مۆسیقاییانە
هی منن و
نە ئەو چاوە ماتماتیکییانە
هینی تۆن
ئیدی دڵم نەهات
گیرفانەکانی بیابان
بۆ پەنجەکانم بگەڕێم
شەرمم کرد
دەنگم لە ماسییەکان بسەنمەوە
چاوم بەرایی نەهات
لەولا شەڕگەکانەوە
دەوارێک بۆ خۆمان هەڵدەین
لە یاری



شەرمم کرد
لەپاڵ هەندەسەی مەرگ و
لەودیو جەبری تەماشاوە
گرەوێ بکەم لەگەڵ عەشق
ڕۆژباش.. کچەکەم
بمبوورە
گەر ئێوارەیەک کوتوپڕ دیار نەمام
دەتبوورم
گەر ئێوارەیەک لەخۆڕا
دیارنەمایت
ئیدی مەپرسە
نەسەبی ئەو کیمیاگەرە گۆشەگیرانە
دەچێتەوە سەر کام سیمرخ
مەپرسە
تا چەند ئەو فیزیکەوانە کافرانە
ئینتیمایان هەیە
بۆ کێش و قەوارە زەردباوەکانی
تەنیایی
لە شوناسی ئەو فەلەکییانە
مەپرسە
کە شەوانێک دەرگای بورجەکانیان
لەسەر کلۆم داین
لە عومری ئەو منالەش مەپرسە
کە لە باخی کتێبە تەنیاکاندا
بەدوای پەپوولەکانا ڕایدەکرد
مەپرسەو
بەدیار ڕەقبوونەوەی تەورەکانەوە

میسۆلۆژیای سەربڕینەکانم
موتاڵاکە
شەڕی عومر
بە دەرکەوانی سەومەعەکانم بفرۆشە
مەپرسەو
پەنجەکانم لەژێر داروپەردووی
گوڵەکانا کۆکەرەوە
چاوم لای هەڵوژە و
دڵم لە کۆڵان و
دەنگم لای ماسی و
باڵم لای سێبەرەکان بێنەرەوە!

*یاداشتێک کە نیوەناچڵ لە دەفتەری یاداشتنامەی کچەکەما نووسراوە، ئەم یاداشتە هینی کەسێکی غەریبە و پێدەچێ لە یەکێک لە ڕەوە عیبرییەکانا بە ڕێکەوت دەست کچەکەم کەوتبێ!*

شەوانێ عومری خۆم دەدەمە
کچە تەنیاکانی سەر سنوور
ئامێزیان گەرم و
هەناسەیان بۆنی پەرەسێلکەی
تازە پێکراوی لێدێ
باوکیان قاجارییەکی بەدبین و
لە دایکیشەوە بەرەچەڵەک
دەچنەوە سەر ماسیگرێکی
بەدمەستی
ئەوبەر زەریا
تا نزیکتر بمەوە
ئەوان ڕووتتر



تا زیاتر بچمە پێشێ
چڕتر ڕەنگە شەبەقییەکانی ڕێنوار و
پۆلە پەرەسێلکەی ماچ و
پوورە هەنگی جەستەی ئەوانم
تێ دەوروکێ!
ڕەنگ هەڵیکرد
کچەکەم
پیری هەڵیکرد
ئیدی من و تۆ چ کارەین
لە فیدراسیۆنی ئەم وەرزە هەمەجیبیانەدا
چ دڵێکمان بەستووە
بەو عیشقە وەهمییانە
پێبکەنە
تا ئەوپەڕی خنکان پێبکەنە
ڕووتبەرەوە
تا ئەوپەڕی نووستن ڕووتبەرەوە
تا ئەوپەڕی بێهوودەیی
پەنجەرەکان بەڕووی ڕەنگ و
بە ڕووی حوزنی ئێوارەدا داخە
ئەوجا لەوێوە
حەرفێکم بدەرێ لە نەگوتن
تا بیری گەڵا و ئاو نەچمەوە
منیش بانیژەیەکت دەدەمێ
لە ڕووانین
تا لێیەوە.. بۆ نێو باخچەکانی سەما
دابەزیت
مەتر چوارگۆشەیەکم بدەرێ

لە مردن
تا ڕووبەڕێ هەبێ
لێیەوە بجەنگم
منیش قەیاغێکت دەدەمێ
لە شەرم
تا پێی بپەڕیتەوە تەسلیمبوون!
ڕۆژباش کچەکەم
ببوورە گەر ئێوارەیەک دیارنەمام
دەتبوورم گەر بەیانییەک
لە یەکتر بزربووین
پۆرترێتەکەی باوکت
بخەوە جانتاکەت
بلێی بستێ سێبەر نەبێ
تا لەولا بینینەوە ڕاکشێم و
وەک عاریفێکی ئەنارشیست
چەپڵە بۆ ئاشوبی باخچەکان
بکوتم؟
بەڵام.. بەڵام
نە فێری زوبانی بتەکان
دەبم و
نە ستوونی دوکەڵەکانم پێ دەژمێردرێ
دواجار
ئاوڕ دەدەمەوە و دەزانم
نە دەتوانم لەگەڵ خۆما ئاشت ببمەوە و
نە دەشتوانم لەگەڵ دیالێکتیکدا
بەشەڕ بێم!
ڕەنگ هەڵیکرد



کچەکەم
پیری هەڵیکرد
پۆرترێتەکەی باوکت
بخەوە جانتاکەت
ئاوی گۆرانییەکەی حەوشە
مەگرەوە
ڕاڕایی پەنجەرەکەی ژووری میوان
لەسەر حوزنی ئێوارانی کۆڵان
دامەخە
لە خواری خوارەوە
ڕەسمی گۆرانییەک بکێشە
لە تەواوبوونا
خەتێکی ڕەش بەژێر تەنیاییدا
بێنە
کەروێشکێکی پەمەیی
لە بۆسەی گێژەرێکا
بخە ڕستەوە
ئاوێ لە کاتی خۆکوشتنا
ئیعراب کە
نیشانەیەکی سەرسوڕمان
لەسەر لەپی دارتووەکەی حەوشی مەکتەب
هەڵکۆڵە
دەفتەری ئیملای زیکزیکە پڕ بکە
لە زۆرباشە ئافەرین
ببوورە
گەر ئێوارەیەک کوتوپڕ
دیار نەمام

دەتبوورم گەر بەیانییەک
لە خۆڕا
لە یەکتر بزربووین
پشووبە کچەکەم
ئێوارە هوروژمی هێنا
وریابە
کچەکەم
پیری هەڵێکرد!

سلێمانی – مایسی ١٩٩٧



# لە چاوترووکانێکا
# سەری وڵاتم سپی بوو

*بۆ زامە سارێژنەبووەکانی هەڵەبجە*

ئەو ئێوارەیە
میلی کاتژمێر بیست و پێنج جار
بەنێو شپرزەیی ڕۆحی ئەودا فڕی
ساڵ بووە پێنج وەرز
بەهار، هاوین، پایز، هەڵەبجە، زستان
خۆر سەری ئاوابوونی لێ هاتەوە یەک
لە چاوترووکانێکا سەری وڵاتم سپی بوو!
ئەی تاسەی تەڕوبڕی یەکەمین ویساڵ
ئەی قاسیدی بەویقاری سەرەتا
خۆت لەوێ بووی
کە بادی خۆش مرور هەڵێکرد و
ئەو سیروانی سیاچەمانەیەمی
بۆ هیجرەتی دیاری غەریبی هەڵپێچا
بە باڵی هەنگاوت هەڵمگرە ئەی پەیکی شارەزا
توند... توند لە مەوجی تەڕوبڕی ڕوانینتم بپێچە
تا لەسەر لەپی ئیشتیاقت سەوز بم
هەڵمگرە ئەی بادی سەبا
لەسەر لەرەی دەنگت

تا لە شوێنپێی سەرابیی هیجرەتتا
باڵ بگرم
هیجرەتە.. هیجرەت... هیجرەت
هیجرەتی شار و شیعر و شنروێ
هیجرەتی هەڵەبجە
ئەوەتاین بمانبە
لەسەر شاباڵی هیجرەتت هەڵمانگرە
هێند هاتووینەوە یەک
لە جانتای قوتابخانەی منالێکا
جێی هەموومان دەبێتەوە
ئێمە ئەمێستا خەمێکین ساڵخوردە
سپی... سپی دەچینەوە
ڕیز.. ڕیز بەو ڕێییەوە
دەڵێی بەفرین لە کاتی بارینا
دەڵێی چاوین لە کاتی ڕوانینا
دەڵێی باڵین لە کاتی فڕینا
دەڵێی پەلکە سەوزەکانی کانی ئاشقانین
لە کاتی ژاکان و وەرینا!
بڕوانە ئەی پەیکی شارەزا
ولاتم چنگێکی ماوەتەوە
بمانبە.. سوودی نییە نامە
تەشریحی زەعیفی من و
خەمی ڕدێن سپیی هەڵەبجە نایەتە تەحریر
هەڵمانگرە نەرم... نەرم
لەسەر باڵی هاژەت
ڕیز... ڕیز لە گوڵدانی بەر پەنجەرەی
نەخۆشخانەکانی تاراندا بمانڕوێنە



توند توند لە خوڕەی جاری فیراقمان بپێچە
تا لەسەر لەپی ئیشتیاقت سەوز بین
لەوێ بوویت ئەی پەیکی شارەزا
ئەو ڕۆژەی جێ کەڵبەی ژەهراویی گورگ
بە جەستەی کارئاسکەکەی
سەحرای هەڵەبجەمەوە بەجێما ؟
لەوێ بوویت... ئەو ڕۆژەی
(گوڵان) دڵی تێکەڵ هات و
(سیروان) لە پێ کەوت و
مێژوو ڕشایەوە ؟
لەوێ بوویت ئەی پەیکی شارەزا
ئەو بەهارەی نێرگز
چڵە چڵە سینگی خۆی دادڕی و
(دیوان) پەڕە پەڕە خۆی کوشت و
(قەسیدە) بەیت بەیت سەری هەڵگرت؟
لەوێ بوویت ئەو ڕۆژەی
شاخ گریا و
کانی قوڵپ قوڵپ زریکاندی و
ترێ هێشوو هێشوو وەری؟
تەنانەت تۆیش ئەی بادی خۆش مرور
فریای خوێندنەوەی ئەو چامە سەوزەی
هیجرەت نەکەوتیت
چنگێ هەناسە... ئەی بادی سەبا
بۆ هەنگ... بۆ هەڵەبجە..بۆ هێرۆ
تۆزێ جریوە ئەی بادی سەبا
بۆ گەلا.. بۆ گوڵ.. بۆ گڕوگاڵ
هێندەی سەرەدەرزییەک نیگا

ئەی بادی سەبا
بۆ هیجرەتی ناوەختی ئاوێنە و چرا
لە جانتاکەتا جێمان کەرەوە
توند توند لەسەر هەناسە و هەوا و هەور دامانخە
پەلک... پەلک ڕوانینمان
لە ئاسمان و زەوی و کتێبەکان هەڵکێشە
تاڵ... تاڵ ڕەگمان
لە گۆرانی و حەکایەت و تابلۆکان بکەرەوە
ئێمە قەبیلەیەکی گوناە بووین.. گوناە
بە زیندوویی مۆمیاکراین
باڵەکانمان کرا بەباوەشێن
چاومان کرا بەموروو
پەنجەکانمان کرا بەتەسبیح
دڵمان کرا بەگوڵدان
بمانبە لەسەر باڵی هەناسەت ئەی بادی سەبا
بە مۆزەخانەی دڵ و چاو و قامکی منالیی خۆمانا
بمانگێڕە
بمانبەرەوە بۆ ئەوێ
بۆ لای ماڵە باجێنەکان
بۆ لای بوکەشووشە بێدەنگەکان
بمانبەرەوە بۆ ناو وێنە ڕەش و سپییەکان
بۆ ژێر درەختەکانی کانی ئاشقان
بمانبەرەوە بۆ لای سەفەرەکان
بۆ لای عیشق و خەون و کتێبەکان
بمانبەرەوە بۆ پاڵ ئاگردانەکان
بۆ سەرەتای ڕووان
ئەوەتاین:



پۆل... پۆل بمانبەرەوە بۆ ئەوێ
سپی سپی دەچینەوە
وەک هەڵەبجەی ناو گۆرانییەکان
وەک هەڵەبجەی ڕەش داگەڕاو و قژ بژی
بەردەم مەغازە و تەرمیناڵ و نەخۆشخانەکان
سپی سپی دەچینەوە
ئەی بادی سەبا
وەک هەڵەبجەی پێکراو و جێهێڵراوی
ناو گۆڕەپانی جەنگەکان
وەک هەڵەبجەی دەست و پەنجە لە گۆکەوتووی
بەر وێستگەکانی چاوەڕوانی
وەک هەڵەبجەی تاک و تەنیای
سەر کورسیی چاخانەکان
وەک هەڵەبجەی ناو زەمەنی نوتقی سارد
شەڕی سارد... گۆرانی سارد... عەشقی سارد
وەرزی سارد
وەک هەڵەبجەی
ناو دۆسیەی تۆز لێ نیشتووی
ئەمینستی ئینتەرناشناڵ و ئەنجومەنی ئاسایش و یوئێن
سپی سپی دەچینەوە ئەی بادی سەبا
تەماشا
دەڵێی بەفرین لە کاتی بارینا
دەڵێی چاوین لە کاتی ڕوانینا
دەڵێی باڵین لە کاتی فڕینا
دەڵێی پەلکە سەوزەکانی کانی ئاشقانین
لە کاتی ژاکان و وەرینا!

سلێمانی - سەرەتای ١٩٩٥

## فێرمینا داسا(*)

نە تۆ ئیتر بەم خەمە نەوڕەسییانەوە
دەمناسیتەوە و
نە منیش ئیتر بەم زوبانە سەرابییە

تێت دەگەم
نە تۆ ئیتر لەژێر باڵە سەقەتەکانی مندا
فریای خۆشویستن دەکەوی و
نە منیش فریای دڵبەستن
نە ئیتر مردن تۆ
بۆ سەفەرە سەهۆڵییەکانی دڵنیایی
هان دەدا
نە گومانە زیوینەکان
من بۆ سەرخوانی شەڕە
خوێناوییەکانی تۆ
ئیتر ئەمە دووایین بازگەی خۆشەویستییە
گوڵەکەم... دووایین بازگەی شیعرە ئەمە
فێرم کە بۆ لەحزەیێ
لە نائومێدیی بێ ڕەنگی عەڕافەکان بچم

(*) فێرمینا داسا: قارەمانی ڕۆمانی "ئەڤین لە زەمەنی کۆلێرا"ی.
گابرییل گارسییا مارکیز.



لێگەڕێ... کلوو کلوو
لە لەحزەی هەڵکردنی ڕەشەبا
دەست بەخوێن و پێ بەخەنەکانی تۆدا
ئاوابم... ئاوا
لێگەڕێ بۆ تەنها لەحزەیێ
لە هەڵوەرینی تەڕوبڕی گەڵا بچم
بهێڵە فرسەخێ
لە مێرغوزارە بەدمەستەکانی گوناه
بچمە پێش
فێرم کە... لەو دەروازەیەوە بچمە ژووری
کە دەچێتەوە سەر
ئایندەی زەندیقییانەی گوڵ
کە دەمباتەوە نێو قەتڵوعامی باغچە
کە لەگەڵ کوڕە ناشەرعییەکانی تۆدا
دەمخاتە پێکەنین
گوڵەکەم... بهێڵە بۆ ساتێ شین بچمەوە
وەک تەجرەبە ئاوییەکانی زەریا
تەڵخ بچمەوە
وەک تەجرەبە ناکامەکانی خۆشبەختی
ئیدی ئەمە دووایین بازگەی سەفەرە
گوڵەکەم... دوایین بازگەی
ئاوابوونە... ئەمە
فەوتی عیشقە ئەمە
لە لەحزەی ئاشکرابوونی ڕازی
هاوارە کاغەزییەکان
لە ساتەوەختی بردنەوەی خەونە سەناعییەکانی

لاولاو بۆ زەریا
گوڵەکەم.. ڕیسوابوونی عیشقە ئەمە
لەبەردەم دادگای زاڵمانەی
ئاوێنەکان
گوڵەکەم... عاشقانە ببیستە
تا بەربەرییانە بمرم
سەرنج بدە.... گوڵم سەرنج بدە
هەرچی دەڵێم هەر دەبێ بگەڕێمەوە
بیدایەتی سەربوردەی ئەم عیشقە خورافییە
بۆ کوێ بڕۆم... دواجار
هەر دەبێ بکەومە سۆراخی
ئەو پەنجانەی پایزانێ
لە پرچی قەسیدەیەکدا دەژاکێن
هەرچی دەنووسم... دواجار
هەردەبێ قەراردادی خوێناوی
نێوان خۆم و مناڵە شەڕانگێزەکانی
ناو باوەشە جەهەننەمییەکانی تۆ ئیمزاکەم
گوڵەکەم... ئاخری
هەموو ڕێییەکان دەچنەوە سەر شاری خەون
ئەو شارەی کە لەگەڵ تەنیایی بیابانەکانتا
دەڵێی سێوێکن و کراون بەدوو لەتەوە
ئەو شارەی ئێواران
دەستی لە ملی تریفەدایە و
بەربەیانیانیش دەستی لەنێو پرچی باخ
گوڵەکەم.. ئێستا دەزانم... ئێستا
دواجار هەموو شیعرەکان



دەگەڕێنەوە لای ئەو سەرچاوەیەی
بەیانیانێکی زوو... گوڵەکەم
بەیانیانێکی بەردین
پەرییەک دەموچاوی لێ تەڕکرد
پەرییەک کە نیوەی لە تۆ بوو
نیوەکەی تریشی لە نەهەنگ
دواجار... ئای گوڵەکەم دواجار
هەموو ئاگرەکان لەو کۆشکە بەردەبن
کە ئێوارەیەک من و تۆ
فرسەخێ لەولا نیشتیمانەوە
لە وەهم هەڵمان چنی
دواجار هەموو خۆرەکان
دەگەڕێنەوە ئەو باڵەخانەیەی
کە ئێوارانێک من و تۆ لێیەوە
لە قوربانییە بەفرینەکانی مانگ ڕادەماین
چەند سادەبوو... گوڵەکەم چەند سادە
هێرشی تەنیایی
بۆ زەلیلکردنی مەنتیقە دەستەمۆکانی فڕین
چەند خوێناوی بوو... خوێناوی
کودەتا ناکامەکانی بێدەنگی
بەسەر ئیمپراتۆرەکانی لەززەتا
چەند بێهوودە بوو... گوڵەکەم بێهوودە
هەنگاوە ئیفلیجەکانی بەختەوەری
بەپێپلیکانە قۆقزەکانی مەرگا
– ئای گوڵەکەم تۆ بڵێی
تا کەی

لەم ڕۆیین و گەڕانەوە نەفرەتییە
بەردەوام بین؟
- تا
ھ
ە
ت
ا(**)

سلێمانی ١٩٩٣

** دیالۆگێکی ڕۆمانەکەیە.



## لە دایکم ڕەشبینتر

کۆڵانەکەمان
شەوانە بەدەم خەوەوە دەڕوا
ئێمەش دەبا
بەئاسمان و بانیژە و پێپلیکانە و
گوڵدان و عەترەکانەوە
کۆڵانەکەمان ڕۆژانە
لەژێر قورسایی گەڕانەوەکانا
گیان دەدا
بەدگومانم لەوەی ئیتر
کەسێ بیپەرژێتە سەر ڕەنگکردنی
تەنیاییبیەکانی دایکم
بەدبینم لەوەی بتوانرێ
عومرێ بێهوودەیی
بۆ گۆشەگیریی ماسییەکان
بکرێتە ماڵ
بەدگومانم لەوەی ئیتر
ئەو کۆترانە بفڕن
لەوەی ئیتر
ئەو منالآنە پێ بگرن
بەدبینم لەوەی

کەسێ ئیتر عاشقانە بنۆڕێ
منالآنە بمرێ
تا سەرئێسقان بەدگومانم
لە هاموشۆی بێ پەروای هەورەکان
لە داڵغەی کێڵگەکان
خانەگومانم لەوەی
ئەو چاوانە هێندەی ڕووانین بن
ئەو هەنگاوانە پڕاوپڕی ڕۆیشتن بن
ئەو بالآنە ئەڵقاوئەڵقی فڕین بن
دڵنیام ئیتر
هیچ پەنجەرەیەک ناچێتەوە سەر باخچە
هیچ کۆلآنێک
ناچێتەوە سەر منالّیی
سەما ناچێتەوە سەر شێتبوون
خەونی سیمرخ ناچێتەوە
سەر خۆکوشتن
ئیدی ژێر سێبەرەکان کرانە سەنگەر و
هێلانەی لەقلەقەکان بوونە
بورجی چاودێری
بەسەرچوو ئەو زەمەنەی
دەچووینە خەونی کۆترەکانەوە
ڕەوییەوە
وەهمە ڕەنگاوڕەنگەکانی دایکم
لەگۆ کەوت
دەستە میهرەبانەکانی تەنیایی
سپی بوو
سەروڕیشی وڵات



من دڵنیام... دڵنیا
کۆلآنەکەمان
شەوانە بەدەم خەوەوە
دەفڕێ
دڵنیام کۆلآنەکەمان
ڕۆژانە لەژێر باری قورسی
ئامرازەکانی پەیوەندیدا
دەمرێ
م
ن
د
ڵ
ن
ی
ا
م

سلێمانی – ئابی ١٩٩٥

## ماڵێک لەناو زەریا
## ماڵێک لە تەنیشت بیابان

لەبەر پەپوولە ڕێ نەبوو بڕۆین
من لەو گالیسکەیەدا بووم
کە دوو ئاسک ڕایاندەکێشا
ئێوەم بینی:
کۆمەڵ کۆمەڵ دانیشتبوون و
خەمتان دەخوارد
کتێبەکەم خوێندەوە و
گیرفانەکانم پڕکرد لە ڕێواس
چەندم کرد
قاچم هەر عادەتی بەلمی بیابانەوە نەگرت
مەرگ بەسەری ڕووت
وەک قارچک هەڵتۆقیو
خۆی دەژمارد
من لەو گالیسکەیەدا بووم
ئەمەی دەیڵێم گێڕانەوە نییە
لەبەر پەپوولە هیچم نەدەدی
چەند کۆشام نەمتوانی
لەسەر وادەی فڕین
لەگەڵ مەلەکان پێکبێم



چ هەیەجانێ بوو هانیدام
ئەو شتانە بڵێم
کە نەدەبوو بیانڵێم؟
من لەوێدا بووم... لەو بەرزاییە
پەپوولە دابوویە دڵم
ئێوە هەریەکە لە خانەی سروشتی خۆتانا
حیکمەتەکانتان دەگرتە شووشە
چ واهیمەیەک بوو پەلی گرتم و
خستمیە سەر کەڵکەڵەی ئاشتبوونەوەی تۆ!
مەحاڵ بوو نووسینەوەی
ورد و درشتی ئەو سەفەرە
مەحاڵ بو تەرجومەکردنی سێبەر
بۆ دیوە ڕۆشنەکەی
مەحاڵ بوو تێگەیشتن لە تەنیایی
بە مەفهوومی سەر جادە
چ هەوەسێ بوو ئازایەتی دامە بەر
لەوێوە بانگت کەم:
هۆو هەنار... من ئامادەم
ئەو نەزیفە بەخوڕە ڕاگرم
کە لە ڕۆحت دێ
نەترسام... پەشیمانیش نیم
بەڵام هەر لە خۆمەوە
خەجاڵەتم کێشا
گالیسکەچی گوتی:
دەنگی دڵ لە دوور خۆشە
ئێوە لە دووری دوورەوە جوانن
لەوێوە پێش باخچە کەوتم

پەپوولەی ئەو سەحرایە هاتبوونە سەیرم
هەنگەکان لەژێر قامیشە شەکرەکانا
شمشاڵیان دەژەند
چ سۆزێکی خۆش بوو
بۆ گوێ ڕادێران لە ڕژان
بۆ هەمیشە ڕاکشان و دیارنەمان
بێ ئەوەی منەت کەم بەسەر کەسا
لە دڵەوە پێکەنیم
گرەوم لەسەر خواردنی سێوەکان نەکرد
بەخیلیشم بەو هەنارانە نەبرد
کە پشتێنیان لێ کردبۆوە و
یەکتریان تام دەکرد
بستێک سێبەر بەس بوو
تەنها یەک بست
بۆ پاراستنی ئەزموونە ساواکەی لاولاو
تەنها حیکمەتێک بەس بوو
بۆ دیموکراتیزەکردنی باخچە
دەکرا بەئەندێشەی گوڵ
قووڵایی زەریا بپێورێ
دەکرا بەدەنگی ڕۆشنایی
بارستایی تەنیایی بکێشرێ
دەکرا دوو ماڵمان هەبووایە
ماڵێک لەناو زەریا و
ماڵێک لە تەنیشت بیابان
دەکرا مقەست نەخرێتە قژی مناڵیی
نازناز بەناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە بانگ کرێ
خوای گەورە لەسەر خواردنی سێوێک



نیشتیمانەکەمی کرد بەبەرد!
بڕۆن وا زوو بەڕێ ناکەوین
جێمانبێڵن
ئێمە و نیشتیمانە بەردەکان
لەو گالیسکەیەدا بووم
هامشۆی گوندە هەڵوژەییەکان
سەرنجی ڕاکێشام
هێند تەماشام کرد
ئاو زایە دەمم
نەمزانی چۆن چۆنی
فریای تەماشاکردن کەوم
مردووەکانیش هاتبوون بۆ سەیر
هەندێکیان تەنها بۆ گوێ ڕادێران هاتبوون
قەت ئەوها بەختەوەر نەمدیبوون
لەژێر داروپەردووی کەرنەڤاڵەکەدا
نهێنییەکانی عەدەمیان کەشف دەکرد
لە باخێ دەچوون لە ساتی پیاسەدا
دەبوو هەمووان بەتفاقی سەفەرەوە لەوێ بن
مەلەکانیش بەتفاقی فڕینەوە
مناڵان: بەکۆلارە و خەونامەکانەوە
کچەکان: بەزەمیلەی بەتاڵی پڕ لە مورازەوە
پیاوەکان: بەکیسە توتن و قولاپەوە
شێتەکان: بەمسۆدەکانی هزرەوە
نیشتیمان: بەکانە بەردەکانەوە
دەبوو هەمووان لەوێ بن و
بە گۆرانی و فڕین
جێگە بەتەنیایی لێژکەن

بەڵام من لەو گالیسکەیەدا بووم
کە دوو ئاسک ڕایاندەکێشا
لەبەر پەپوولە ڕێ نەبوو بڕۆم
ئێوەم بینی:
پێکهاتەیەکی سەیر بوون لە گومان
لە خۆکوشتنێکی بەکۆمەڵ دەچوون و
نە دەچوون،
لە تەنیاییەکی ڕاونراو دەچوون و
نەدەچوون
کۆتاییەکی قووڵ بوون بۆ ڕۆچوون
سەرەتایەکی پێچاوپێچ بوون
بۆ ونبوون
هەمووان بەتفاقی سەفەرەوە
مەلەکانیش بەتفاقی فڕینەوە لەوێ بوون
من لەوێدا... لەو نزیکانەوە
لە دوورکەوتنەوەیەکی زەیتوونی
دەچووم و نەدەچووم
پێکهاتەیەکی لینج بووم
لە تەنیایی
من لەوێدا... لەو گالیسکەیەدا بووم،
پەپوولە دابوویە دڵم،
کە ئێوەم بینی!

سلێمانی – کۆتایی ١٩٩٤



# ئەو دارشەقانەی
# کە ڕۆژانێک باڵ بوون

گورگەکانی کۆڵان
لە گورگەکانی ماڵی خۆمان تێرتر
گورگەکانی ماڵی خۆمان
لە گورگەکانی کۆڵان
دڕتر
ڕێوییەکانی کۆڵان
لە ڕێوییەکانی ماڵی خۆمان
زۆڵتر
ڕێوییەکانی ماڵی خۆمان
لە ڕێوییەکانی گەڕەک چڵێستر
خەنجەرەکانی ئەتاتورک
لە خەنجەرەکانی بەر پشتێنی خۆمان
خوێناوی تر
خەنجەرەکانی سەر دڵی خۆمان
لە خەنجەرەکانی ئەتاتورک بۆ سەری خۆمان
ژەهراوی تر
شمشێرەکانی یەزید
لە شمشێرەکانی ماڵی خۆمان
تیژتر

شمشێرەکانی کەربەلاکانی خۆمان
لە شمشێرەکانی یەزید
بەسەری حوسەینەکانی خۆمان
تینووتر
یەهوزاکانی ماڵی خۆمان
لە یەهوزاکانی مەسیح خائینتر
مەسیحەکانی ماڵی خۆمان
لە مەسیحەکانی گەڕەک
بێکەستر
شبلییەکانی ماڵی خۆمان
لە شبلییەکانی حەللاج مونافیقتر
حەللاجەکانی ماڵی خۆمان
لە حەللاجەکەی گەڕەک
ئەنەل حەقتر
میتەکانی ماڵی خۆمان
لە میتەکانی کۆڵان ئەتاتورکتر
ساواکەکانی ماڵی خۆمان
لە ساواکەکانی گەڕەک
بەسیجتر
تەنگیان هەڵچنی
تەنگیان بەهەموو شتێک هەڵچنی
تەنگیان بەهەور و هەناسە هەڵچنی
تەنگیان بەسەما و سێبەر هەڵچنی
تەنگیان بەشار و شیعر هەڵچنی
تەنگیان بەدار و بەرد هەڵچنی
تەنگیان بەئاو و ئازادی هەڵچنی
تەنگیان بەنەورەس و نیشتیمان هەڵچنی



تەنگیان هەڵچنی
تەنگیان بەهەموو شتێک هەڵچنی
ئەو پەنجەرانەیان بەخوێنی مناڵی سواخ دا
کە ئێمە کردبوومانەوە بۆ خۆکوشتن
ئەو دەرگایانەیان بەمین لەودیوەوە کلیل دا
کە ئێمە خستبوومانە سەر پشت
بۆ هەڵاتن
ئەو شەقامانەیان بەچەقۆ قیرتاو کرد
کە ئێمە ئارشیفمان کردبوون بۆ پیاسە
ئەو قەبرانەیان پڕ کرد لە کەلاکی چەقەڵ
کە ئێمە هەڵمانکەندبوون بۆ مردن
ئەو باخچانەیان بەبارووت چاند
کە دامانابوو ئێوارەیەک
گیرفانەکانمانیان لێ پڕکەین
لە یاری و لە ماچ و لە گوڵەشیلان
ئەو ئاوێنانەیان بەتەور شکان
کە هەڵمانگرتبوون
قژێکی پیرییان لە بەرا دابێنین
وێنەی ئەو کچانەیان
بەبەر چاومانەوە سووتان
کە وەک دوو هێڵی تەریبی
مامۆستای ماتماتیک
بەدوو نەعشەوە ئاسۆیی هاتین
کەچی ئێوارەیەک
لەژێر چەتری سلاوێک
لە پێچی کۆڵانی ماچێکدا
پێک نەگەشتین

ئەو ئاسمانە شینەیان بەژەهر کێڵا
کە بەتەمابووین شەوانێک
لەوێ،
لەگەڵ شەهیدە شەرمنەکانی نیشتیمانا
بکەوینە سەما!
هیچیان پێ ڕەوا نەبینین
پێیان ڕەوا نەبینین... هیچ
نە دەرگایەکیان پێ ڕەوا بینین و
نە هەڵاتن
نە پەنجەرەیەکیان پێ ڕەوا بینین و
نە مردن
نە شەقامێکیان پێ ڕەوا بینین و
نە سەما
هیچیان پێ ڕەوا نەبینین
پێیان ڕەوا نەبینین
هیچ!
پێکەنینم هات بەحیکمەتەکانی
ئەو پیاوە چاوڕەشە نوورانییەی
کە گوتی:
هەموان دەچین بۆ دەعوەت
تۆ بەبارمتە لێرەبە
تا سبەینێ دونیا
بە زەریا و سەما و
بە نیشتیمان و گۆڕستان و
بە شۆڕش و شمشێر و
بە پێغەمبەر و بتەکانییەوە
دروست دەکەمەوە



ئەی بارمتەی شاعیر
ئەی بارمتەی ئاقڵ
تۆ هەم میوان بە و هەم خانەخوێ
ئەی خانەخوێی بارمتە
ئەی بارمتەی میوان
ئێمە دەڕۆین و
دوای ئێمە
ئەم هەموو بیابانە بۆ تۆ!
ڕۆحم چوو
لەم کرانەوە ڕەشەی زەریا
لەم مناڵبوونەوە پیرانەیە
زەندەقم چوو
لەم خۆشویستنە دوژمنانەیە
لەم شمشمێر وەشاندنە شاعیرانەیە
ئەوە دەستەکانی باوکمن
بە ئاسمانەوە
کە بیری چوو دوای نوێژێکی عیشا
دایانگرێ
ئەمە بەردە
لە دڵی خۆیدا پێدەکەنێ
بەر لەوەی ئێوارەیەک
لە شکڵی ئەم بارمتە برۆنزییەدا
داتاشرێ
ئەوە دوو پۆل مەل بوون
بەقەهرەوە دیارنەمان
دوای ئەوەی باڵەکانیان لێ بووە بار و
ئاسمان هەر بەزۆری زۆرداری

ئیدمانی پێ کردن لەسەر گومان
ئەمەش سەرپۆشەکەی دایکمە
بە پەلکی ئەو دارهەرمێیەوە بۆتە کۆتر
دوای ئەوەی زستان
لە چاوترووکانێکدا هەڵی خەڵەتاند و
مردنی پێ گۆڕییەوە بەبەفر
جاران دایکێکم هەبوو
دایکێکی هەروەک نیشتیمانم چکۆڵە
ئێوارەیەکی درەنگی دوای شۆڕش
لە دەرگا دراو
بەر لەوەی کەسمان لە دڵی خۆمانا
بلێین:
ک
ێ
ی
ت
م
ی
و
ا
ن
هەردووکمان لەم دیوەوە
لەژێر بارێزەی بەفرانباری ڕەوێکا
ڕەق بووینەوە
من چاوەڕێ بووم
ئەو لە دڵەوە پێبکەنێ
تا بۆ یادگار مۆمیای کەم



ئەو بەتەمابوو
بە هەموو هێزم دانەومەوە
تا بۆ سەفەر
بە کەشتیەوانێکی پیری هاوڕێیم بسپێرێ
ئیدی نازانم کەی لە دەرگا دراو
کاممان پێش ئەویترمان
لە دڵی خۆیدا گوتی:
کێیت
م
ی
و
ا
ن
مەحاڵە لێم خۆشبیت میوان
کە ئاوها هەمیشە
سلاوەکان لەوبەری جادە دانێم و
ماچەکانم بۆ نەپەڕێنرێتە ئەمبەر
مەحاڵە لێت خۆشبم میوان
کە ئاوها هەمیشە
جلەکان لەوبەری جادە داکەنی و
ڕووتییەکانت بۆ نەگەیەنرێتە ئەمبەر
مەحاڵە هیچ کەس لە هیچ کەس خۆشبێ
کە ئاوها هەمیشە
باڵەکان لەوبەر جێ بمێنن و
دارشەقەکان نەگەیەنرێنە ئەمبەر
بیرم دێ
ئێوارەیەکیان

کاتێ باران باری
کەشتییەک بەلای ماڵەکەمانا ڕەت بوو
کەشتییەک پڕی بوو
لە منداڵی لاڵ و
لە هەوری قژ بژ و
لە پێغەمبەری ئاڵابەدەست
کەشتییەک
مناڵێکی چەپلەر
بە زوبانی عیبری لێی نووسیبوو:
وەرە برادەری ئازیز
با بچین بۆ دەعوەت
بیرم دێ
ئێوارەیەک
کاتێ باران لە پێ کەوت
لەوسەری گەڕەکەوە
بیابانێکی تینوو بەدارشەقێکەوە
وەدیارکەوت
ئەو گوتی: باڵەکانم بدەرەوە
ئەم گوتی: فڕینەکانمت چی لێ کرد؟
ئەو گوتی: باخچەکانمت بەچەند فرۆشت؟
ئەم گوتی: دارشەقەکانمت بەکێ دۆڕاند؟
ئەو گوتی: پاکیزەییمت بۆ کوێ برد؟
ئەم گوتی: پیاوەتیمت لە کوێ ناشت؟
ئەو گوتی: کوا دەستەکانم... کوا سەرپۆشەکانم؟
ئەم گوتی: کوا بەردەکانم... کوا کۆترەکانم؟
ئەو گوتی: کوا بتەکانم... کوا مەعبەدەکانم؟
ئەم گوتی: کوا پێغەمبەرەکانم.... کوا ئاڵاکانم؟



ئەو گوتی: کوا مورووەکانم.... کوا شۆڕشەکانم؟
ئەم گوتی: کوا کۆلارەکانم... کوا بوکەشووشەکانم؟
بەرلەوەی هیچ کەس
بێتە زوبان
من و ئەو... من و دایکم
ئێوارەیەکی درەنگی دوای شۆڕش
بەرلەوەی پێکەوە
لەژێر بارێزەی بەفرانباری ڕەوێکا
ڕەق بینەوە
بێدەنگ
لە دڵی خۆمانا گوتمان:
ک
ێ
ی
ت

م
ی
و
ا
ن؟

سلێمانی – پایزی ١٩٩٧

## له گرگاشه دابەزین هەیه..!

تا باڵای مردن بەفر باریوە
لەوسەری کۆڵانەوە،
شتێکم بەدەنگی بەرز درکاند
شتێک وەک ئەوەی لە دڵەوە
گوتبێتم:
خۆشم دەوێی
بەحاڵ لەودیوی پەنجەرەوە
دەتبینم
ئای خوایەگیان... مارگرێتا
ئەوە تۆیت؟
من ئیدی لە شەرم و خۆشیدا
لەپاڵ نوێژێکی دایکما نووستم
کەسێک بەپەنجەی شایەتمانی
شتێکی لەسەر هەڵمی شووشەکە نووسی:
" ئەوە تۆیت ناشیرین؟"
بەرەو سەرێ ڕووانیم
کانییەک ڕیشۆڵە
لەو شینایییەوە هەڵقوڵی
وەئاگابوومەوە،
ئای خوایەگیان



تۆم لەوێ... لەودیو پەنجەرەکەوە نەدیت!
لەمسەری کۆڵانەوە
ئەسپەکانی ئەبوتاڵیب
لە کۆڕژندا سپی دەچوونەوە
مارگرێتا
من نیگەرانی پیاوێکم
کە دەشێ ئێوارەیەک
لە بن دارهەنجیرەکەی بەردەم ماڵی ئێوەدا
خۆی بکوژێ
دەدەی... تا سێ دەژمێرم و
لەوبەری مێژووەوە بانگم کە
تا سەد... تا هەزار دەژمێرم و
لە نێو قامکە ساردەکانی بەفردا هەڵمگرەوە
مارگرێتا
من چیم داوە
لەم گوناهە دیسپلینکراوانە
بە مەرگ
لەم کاتژمێرە میقاتکراوانە بەخوێن
مارگرێتا
من چیم داوە لە پیاسەی ژێر خۆر
لە ئەوقبوونی نێوان عەرد و ئاسمان
مارگرێتا
دەدەی
دوای ئەم هەمووو وەرزە قاقڕانە
تۆ ببەرە باران و هەڵمگرەوە
دوای ئەم هەموو کوژرانانە
تۆ ببەرە منالیی و

پەنام دە
مارگریتا
ئەم ئێوارەیە دەشێ
ڕیشۆڵەیەک بەکوژراوی
لەبن دارهەنجیرەکەی بەردەم ماڵی ئێوەدا
ڕەق هەڵبێ
مارگریتا
من مردبووم
مردبووشم... کەچی هێشتا
بۆنی هاوینم لێ دەهات
مردبووشم.. کەچی هێشتا
شەرمم دەکرد دەنکە بەرسیلەیەک
لە ئەنترۆپۆلۆژیا بخوازم
مناڵانی گەڕەک
لە ماڵی گەرمی حەکایەتەکان
هاتنە دەرێ
ئاسمانی کۆڵان
تژی بوو لە کۆلارەی سپی
دایکم لە نوێژەکەی بۆوە
نینۆکی پەنجەتووتەم کرۆژت
ئای خوایەگیان
مارگریتا... تۆم لەوێ
لەودیو پەنجەرەکەوە نەدیت
لەوسەری کۆڵانەوە
گوێم هەڵخست
بانگت کردم و پێکەنیت
ئای خوایەگیان.... ئەوە تۆیت؟



بە خۆدا شکامەوە
چاوانم هەڵگلۆفت
ئاخر من سەدەیەک بوو
لەژێر پروشەی چاوەڕوانی تۆدا
نینۆکی پەنجەتووتەم
دەکرۆژت!

سلێمانی – سەرەتای ١٩٩٧

*پەراوێزی شیعری:*

بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی سانسکریتی، گرگاشە شوێنێکە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی مەنفاوە، ئەوێ جێگەیەکە پڕ لە مناڵ و ئاو و کۆلارەی سپی، بەڵام بەپێی دەسنووسێکی ئاینی، گرگاشە شوێن نییە... بەڵکو ناوی یەکێکە لە ئەسپەکانی ئەبوتاڵیب.

## چۆڕێک منالّیی بنی مەرکانەیەک

تۆ هاتیت و
ڕۆژ بۆوە
هاتیت و هەتاو
قاچی لە دارمێوەکە هەڵەنگوت
بەشێکی بەر تۆ و
بەشێکی بەر پیری و
بەشێکی تری بەر
کۆڵان کەوت
چ هەتاوێکی لینج بوو
چ هەتاوێکی شیرین
چ هەتاوێکی شەرمن
گوێم لێ بوو
کە لە ژوورەکانا دایکرد و
کتێب... کتێب
ڕەفیقە پایزییەکانی
تەڕکرد
تەرم... تەرم
ئاوڕی پێدانەوە
بەرچنە هەنجیرەکانیانی
لە خۆی پڕکرد



سەرو پارچەیەک
لە کوڕەکانیانی
لە شەڕەکان هێنایەوە
سەرو چاوێک لە کچەکانیانی
بۆ پیاسە برد
وێنەی دڵێک و زەریاچەیەکی
لەسەر مەچەکی چەپیان
کوتی
بە دەسخەتی عاشقێ
لەسەر سنگیانی نووسی:
"چاوەکەم
قەڕنێکە چاوەڕێم
دە وەرە!"
خۆم بینیم
کە هەتاو پژا و
سێ چوار پریشکی
بەر میوانە مەهابادییەکان
کەوت و
لە حەژمەتا ڕووت بۆوە
خۆم بینیم
کە فەرمووی لێ کردن و
لە تەنیایی خۆیدا
تەریق بۆوە
سوور دەیزانی
کە هەبێ و نەبێ
بۆ بەشی خۆیان
لە قازانجی ساڵێک خەون

هاتوون
لەوێ بووم و
ئەوی ڕاستی بێ
بە شتێکدا زانیم
کە هێشتا هەندێ ڕەنگ هەن
مناڵێکی کار قایم
دەزانێ لە کوێ حەشاردراون
بە شتێکدا زانیم
کە هێشتا چۆڕێک مناڵی
لە بنی مەرکانەکەی
مزگەوتی (حاجی حان)دا ماوە
بەشتێکدا زانیم
کە هێشتا گەلێک قسە هەن
لە سەفەران
بە هەموو شتێکدا زانیم
کە هێشتا خەونێک هەیە
نایەوێ بۆ ئاسن
ڕووت بێتەوە
لەوێ بووم و
بینیم
یەکێکیان لەگەڵە
گەرچی سەریشم داخستبوو
کەچی بەڕیتمی هەناسەدانیدا
ناسیمەوە
ئەو کەسە
خزمی نزیکی بەفر بوو
برازای هەور



کچەزای با
بە قەڵاندۆشکانی باران و
بە کۆڵی شەونم و
بە باوەشی نەعناوە بوو
هەموو ئێوارانێک
کە تاریک دادەهات
بۆ میوانییان دەبرد
کە بەکۆمەڵ دەڕۆیشتن
دەتگوت لالەنگی ڕژاوی
ناو زەمیلەی
ژنێکی زگپڕن،
کە بەقاڵێکی بێ ویژدان
لەسەری نووسیبێ:
تەنها بۆ جوانی
ئیتر دڵنیابووم
تازە سوودی نییە
گێڕانەوەی چیرۆکە فەرامۆشکراوەکان
دڵنیابووم
ئیتر کاتی ئەوەیە
دوای زرمە زلێکانی شەڕ
دوای کرۆژتنی سەرلەبەری
ڕۆشنایی
دوای هەڵقوڕاندنی سەراب
تا دواچۆڕ
باشترە
بە هێمنیی پێغەمبەرێک
بۆ گیانی پاکی شەهیدان

دەقیقەیەک
خۆمان فڕێ بدەینە زەریا
دڵنیابووم
کاتی ئەوەیە
تا قەڕنێک لەگەڵ منالآنا
بچین بۆ گەڕان
دڵنیابووم
کاتی ئەوەیە
لە دەفتەری ئیملای
چۆلەکە پیرەکان بنووسین
زۆرباشە... ئافەرین
دە لە دە
لە قەدی درەختەکانی زانکۆ
بنووسین:
ئافەرین.. ئافەرین
هەر بژین بۆ عەشق
لە لەپی دەستی سەفەر
بنووسین:
هەر کاتێ ڕۆیشتییت
قسە بکە
ئێمەیش دێین
دێین
ئێمە... یش!

سەرەتای ١٩٩٩ - سلێمانی



## هەورماڵ

بێهوودە بانگم دەکەیت
لە تەنیاییدا
تاریک دادێم
کەس بەدەرەوە نییە
ئەو نەبێ
زستان لەسەر شان
هاتە ژوورێ
پەڕە پەڕە
منی هەڵدایەوە
گوڵە سۆسەنەکانی
لە جزدانەکەیدا خەواند
بەسەر پەنجەکانیدا ناسیمەوە
کە دەمێکە
جلکی جوان بۆ ئێمە دەدوورێ
وەختێ چراکەی داگیرساند
هەورە بروسکەیەکی لێ کەوت
بەئەسپایی
دڵۆپ.. دڵۆپ خوێنێکی
سپی... سپی
لێ دەچۆڕا

بە تەپەی پێیدا زانیم ئەوە
کە دەمێکە
ئاسمانەو ئاسمان
بەدوای کۆترەکانی ئێمەدا دەگەڕێ
وەختێک پاشەوپاش
چووە حەوشە
بەئەسپایی
شەوی باریوی
سەر کلێتەی سپی
دارگێلاسەکەی تەکاند
بە زرەی پارەکانی
گیرفانیدا
زانیم دێ
کەدەمێکە هاوینان
شەربەتی یاسەمینمان بۆ دەکڕێ
وەختێک کە
دەستی بەخۆیدا کرد
دوو... سێ دیناری ئاسن و
سوپاسێکی گەرمی
دا بەکابرای هەورماڵ
سوپاسێک
کە تا لە دەمەوە گەیشتە دەست
پەیتا... پەیتا
هاڵاوێکی ڕەنگاوڕەنگی
لێ هەڵدەسا
کەس بەدەرەوە نەبوو
ئەو نەبێ



بێهوودە بانگم کرد
لە چۆڵەوانیدا داگیرسام
لەسەرخۆ چوومە پێشێ
تا دەهات
سپی تر دەچۆوە
گوێم لێی بوو... بەئاستەم گوێم لێی بوو
دەگریا
تا ئاوڕم دایەوە
کوتوپڕ
دیار نەما!

کانونی دووەمی ١٩٩٨ - سلێمانی

## پیاوێکی ڕژاوی ژێر چەتر

*بۆ محەممەد عومەر عوسمان*

لەو مردنە ئێوارەییەیەدا بوو
کە باران تەڕی کرد
بۆ خۆی برد
هەموو ئەوەی لەوێ باری
بۆ خۆی برد
بۆ خۆی برد
ئەو هەموو ژەهرە
ئەو هەموو مێوژە بۆ خۆی
تۆزێکی بەش نەدا لە چەتر و
لە پاڵتۆ و
تۆزێکی نەدایە لە خۆی
لەو مردنە ئێوارەییەیەدا بوو
کە باران بەدەمیدا هات
بە ئەسپ سوارەکانی گەڕەک بڵێ:
بێ زەحمەت بچنە ژوورەوە
دڵی هات
نیشتمان لەبەردەم
پیاوێکی غەریبدا تەریق کاتەوە
ڕووی هات



بەڕووتی
ڕاکا... ڕاکا
بەرەو سەحرا
بەدەم لە هۆش خۆچوونەوە
پێبکەنێ و
بڵێ: ها ئەوەتا
دەمرم و
ڕۆحیشم تەژییە
بە سەما!

سلێمانی – شوباتی ١٩٩٨

# شینترین تامی بەرسیلە

تا دوا شەڕی ئەو قسانە
لەوێ بووم
تا دوا چۆڕی ئەو خواحافیزی و
تا دوا تنۆکی ئەو دڵنەوایی و
تا دوا گەڵای
ئەو ڕەقبوونەوە ناکاوەش
تا بەیەکدادانی دوا دەرگام لەبیرە
کە پەنجەکان لە دەستەکانا قرتان
کە ماچەکان
تاک و تەرا دیارنەمان
کە چاوەکان بەکۆمەڵ
لە گلێنەی یەکتردا بەجێمان
هەر هێندەو ئیدی
بە کۆمەڵ گەڕامەوە
گەڕەکی پەشمەک فرۆشان
هەر هێندەو بەکۆمەڵ
بوومە یەکێ لەوان
بوومە:
مناڵییەکی تۆخ و
بوومە: نهێنییەکی مزر



دەمتوانی
بە چاولێکنانیشەوە
لە خەتەرناکترین (سپی) بدوێم
لە زوڵاڵترین شکست
دەمتوانی خەفەتبار
باسی موئامەرە پێکەنیناوییەکانی
شەرم بکەم
باسی خۆسووتاندنی ئاو
باسی:
تەریقبوونەوەی پیری
باسی:
کورسییەکانی دواوەی ئاهەنگێک
کە باوەشێک مناڵ
لەسەر هەریەکەیان دانیشتوون و
هەر خەریکی
پەشیمانبوونەوە و
هەر خەریکی
ڕەسمکردنی (دووری)ن!
لە دڵی خۆدا گوتم:
نهێنییەک شک دەبەم
کە هاتمەوە پێتان دەڵێم
لە دڵی خۆدا دەمزانی
کە ئەم بەفرانەی ئاوها
بێ منەت
خەمسارد
بێ باک
لەو کتێبی پرتەقاڵانەدا ڕاکشاون

بە ورد و درشتەوە
بە کوڕ و کچەوە
سەردەمانێکی زوو
قسەیەک بوون
لەخۆوە کراون
بەڵێنێک بوون
لە تاریکیدا بەیەکتر دراون
هەنگاوێک بوون
لە سێبەردا
بەرەو لای یەکتر نراون
خەونێک بوون
لە ئاودا
لەسەر لم هەڵچنراون
دەمزانی... دەمزانی
خەتای کردنەوەی ناکاوی دەرگاکانە
کە ئەو خوێنە
ئاوها فیچقەی کرد
خەتای ترازاندنی قۆپچەیەک بووە
خەتای هەڵپچڕینی نامەیەک
خەتای قلێپکردنەوەی سوعبەتێک
خەتای هەڵڕشتنی جانتایەک
خەتای تامی شینی بەرسیلەیەک
خەتای داکوتینی گوڵێک
بە نامەیەکی دڵداریدا
ئەوەبوو... ئەوەبوو
کە هانیدام شێت بم
کە هانیدام کوتوپڕ



لە شووشەی پەنجەرەکان
بنووسم:
پەپوولە
هانیدام لە خوت و خۆڕایی
لە مەکتەبێک تەنیایی بنووسم:
دوو کورسی و
باخێکی مناڵکارەی
دارشەق بەدەست
لە مابەینیاندا
ئەوەبوو... ئەوەبوو
فێری کردم
لە خەفەتا لە دەرکی حەوشەی
ماڵی ئێوە بنووسم:
ڕیزێکی درێژ مراوی بۆیمباخ ڕەش و
بەیەکدادانی دەرگای مزگەوتێک و
شۆڕشێک
کێل و عەلەم!
بەڕاستمە... بەڕاستمە
ئیتر خواحافیز
دەچمە شەڕ
بە ئیجازەی تۆ ئەی درەخت
تا ئەوێ
بەرچنەیەک لە خشەی
کەوتنەخوارەوەی گەڵاکانت دەبەم
بە ئیجازەی تۆ ئەی پایز
تا ئەوێ
شارێک لە بووکەشووشەکانت

دەبەم
بە ئیجازەی تۆ ئەی منالّی
تا ئەوێ باوەشێک
لە هار و هاجییەکانت دەبەم!
بەڕاستمە... بەڕاستمە
ئیتر خواحافیز
دەچمە شەڕ
تا ئەوێ
خوێنێک لەسەر برژانگم
دەنیشێ
نەرمە وەک خۆر
خۆرێک دێتە بەیانیمەوە
سرکە وەک با
بایەک خۆی دەکا
بە پەنجەتووتەی ئێوارانما
سپییە وەک شیر
ئەی گەڕانەوە.. خواحافیز
من ئیتر دەچمە یاری
تکایە... تکایە
فریوم مەدە بەئاگر
فریوم مەدە بەوەتەن
فریوم مەدە بەهیچ
تازە من ئیتر
دەچمە خوێن
کە دەڕۆم
لەبری ئەوەی بلّێم:
"ببوورە



هاوڕێم ببوورە!"
ڕەسمی ئەسپێکی کوژراو
دەکێشم
کە بەبەرزایی فووارە غاردەدا
ڕەسمی شاخوداخێکی
پرتەقالّی دەکێشم و
ڕەسمی کوردێک
کە لەژێر سێبەری تەنیاییدا
سیگار دەکێشێ
کە دەڕۆم
لەبری ئەوەی بلّێم:
"تەواو
هاوڕێم تەواو!"
ڕەسمی ژەهر دەکێشم و
ڕەسمی ڕاوچییەکی قەلّەو
کە خەریکە
چالّ بۆ چۆلەکەیەک هەلّدەکەنێ
یەکەم جارم بوو
کە ئاوها
وژەی لەعنەت لە سپی و
جیڕەی کارەسات
لە وەنەوشەییدا بژنەفم
یەکەم جارم بوو
کە ئاوها
ڕووبەڕوو
گڤەی کەوتنەخوارەوە لە سوور و
هاڕەی غەریبی

له پەمەییدا ببینم
هەر بۆ دڵنیابوون
بە دەنگی بەرز
خۆم کرد بەناو ئینجانەکاندا و
له دەفتەره شقڵی و پقڵییەکانی
مناڵیدا کردمه هەرا
هەر بۆ دڵنیابوون
وردتر سەرنجم دا
له ڕوخساری مەیلەو شینی
بەختەوەری
کە لەژێر سێبەری قاوەیی
ژنێکی عاجزدا
کۆترەکانی بەرەو ماڵی خەون
هەڵدەفڕاند
کە گمەکانی
لەژێر گوێسوانەی پرچیدا
دەخەواند
تازە من ئیتر دەچمە شەڕ
بەڕاستمە
خواحافیز
بە کوژراوی ماچم کە
کە وەک ئاوێک دەبمە هەڵم
بە نووستوویی
باوەشم پێداکە
کە وەک بەفرێک لە زاری
مناڵێکدا دەتوێمەوە
بە پیری



دەست بنێرە ژێر باڵم
کە وەک پەپوولەیەکی نەدی و بدی
له ماچێک هەنگویندا
دەچەقم
بەڕاستمە... خواحافیز
لەوێ بە
کە لەژێر باراندا
چۆڕ چۆڕ
دەمرم
خواحافیز.. خواحافیز
بە ڕاستمە
ئیتر من
دە
چ
م
ە
ش
ە
ڕ
!

سلێمانی – شوباتی ١٩٩٩

## غەدر

*بۆ هونەرمەند سیروان ڕەئووف*

وێنەیەکمان بگرە
وێنەیەکی ڕەش و سپی بەکۆمەڵ
دەشێ
یەکتر نەبینینەوە ئیتر
وێنەیەک
کە پشتمان لە چۆڵەوانی و
کە ئەوبەرمان تەنیایی و
کە خەمبار
لەناو چیمەنێک باراندا
ڕاوەستابین و
دەستمان نابێتە سەر شانی
یەکتر
وێنەیەکی بەکۆمەڵمان بگرە
وێنەیەک
کە تیایدا
ئەو ڕێگەیە ژەهرڕێژ کرابێ
کە شەوانە (هەتاو)
ترێی پێدا دەنێرێتەوە شار و



کە هەنگ
کۆمەکۆم
لێیەوە شیلە دەباتەوە
ماڵی قسە و
کە مانگ
چۆڕ... چۆڕ لێیەوە
قردێلەی تریفە بەدیاری
دەپەڕێنێتەوە بۆ کەزی و پرچی
کچە شەرمنەکانی خۆی
لەم دەربەندەوە
عەتر ئاودیو نابێ
چ جای سڵاو
(با) ناتوانێ بەم بنارەدا هەڵزنێ
چ جای نامە
دەستتم بدەرێ
وێنەیەکی بەکۆمەڵمان بگرە
تا وەک شەوە باراناوییەکانی ڕەو
دڵۆپ... دڵۆپ
لە یەکتر بزر نەبووین
دەستتم بدەرێ
تا وەک ئێوارانی گەڕانەوەی غەدر
لەژێر هەرەسی تەنیایی خۆماندا
نغرۆ نەبووین!
دەستتم بدەرێ
وێنەیەکمان بگرە ڕەش و سپی
وێنەیەک
کە بەکۆمەڵ... بەتەنیا

دەکوژرێین
وێنەیەک
کە بەکۆمەڵ... بەتەنیا
ڕادەگوێزرێین
وێنەیەک
کە بەکۆمەڵ... بەتەنیا
بۆ تەماشای کوژرانی یەکتر
ڕاوەدەنرێین
وێنەیەک
کە بەکۆمەڵ... بەتەنیا
بۆ ناشتنی تەرمی یەکتر
هەڵدەکەنرێین
دەستتم بدەرێ
هەستەوە
بە فلاشی باڵ لەیەکدانی
کۆترێک
وێنەیەکی بەکۆمەڵمان بگرە
وێنەیەک
کە بەکۆمەڵ ئابلۆقە دراوین
بە چەقۆ
پەپوولەشمان لێ دیار نییە
چ جای خودا
وێنەیەک
کە بەکۆمەڵ گەمارۆ دراوین
بە کەڵبە
دەرگایەکمان لێوە دیار نییە
چ جای زەریا



هەستەوە
بە فلاشی ڕەش داگەڕانی خەونێک
وێنەیەکی بەکۆمەڵمان بگرە
وێنەیەک
پڕ پڕ بێ لە دایک
پڕ پڕ بێ لە کزەی جەرگ
وێنەیەک
پڕ پڕ بێ لە داماوی
پڕ پڕ بێ لە کۆست
پڕ پڕ بێ لە مناڵانی گەڕەک
وێنەیەک
پڕ پڕ بێ لە گلەیی
پڕ پڕ بێ لە ژان
وێنەیەک
پڕ پڕ بێ لە باوەش
پڕ پڕ بێ لە هەڵدێران
پڕ پڕ بێ لە ماچ و مووچ و
پڕ پڕ بێ لە گریان
وێنەیەک
پڕ پڕ بێ لە بۆنی شەهید
پڕ پڕ بێ لە ڕەنگی بارین
پڕ پڕ بێ لە نیگا
وێنەیەک پڕ پڕ بێ
لە نمەی بەخێرهاتنەوە و
پڕ پڕ بێ لە گمەی خواحافیزی و
پڕ پڕ بێ لە دوعا
وێنەیەک

پڕ پڕ بێ لە لێزمەی هەنسک و
پڕ پڕ بێ لە هاژەی چاک و چۆنی
پڕ پڕ بێ لە لەرەی دەنگی منالآنی
نێرگزفرۆش و
پڕ پڕ بێ لە سابونکەران و
لە پیرەمێرد و
پڕ پڕ بێ لە بۆنی خۆشی
ڕۆژنامەی ژین
وێنەیەک
پڕ پڕ بێ لە گمە و
پڕ پڕ بێ لە فڕین و
پڕ پڕ بێ لە تریقانەوەی برین!
وێنەیەک
پڕ پڕ بێ لە شەوی نووسینی
یەکەمین نامەی عیشق و
پڕ پڕ بێ لە ڕاڕایی و
پڕ پڕ بێ
لە کوژانەوە و
لە مسۆدە و
پڕ پڕ بێ لە دەسخەتی ناخۆش و
پڕ پڕ بێ لە دەسخەتی جوان
وێنەیەک
پڕ پڕ بێ لە بێ کەس و
پڕ پڕ بێ لە داری ئازادی و
پڕ پڕ بێ
لە بیست و حەوت هەزار چەمۆڵە و
لە بیست و حەوت هەزار



دڵۆپە ڕەنج و
لە بیست و حەوت هەزار
باخچەی چۆڵ
وێنەیەک
پڕ پڕ بێ لە بادی خۆش مرورەکەی
نالی و
پڕ پڕ بێ لە حەبیبە و
پڕ پڕ بێ لە عیشقی خاک و خۆڵ!
وێنەیەک
پڕ پڕ بێ لە تەسلیمکردنەوەی حەق
پڕ پڕ بێ لە مەرەخەسکردنی گورگ
پڕ پڕ بێ
لە ماچکردنی ئەملا و ئەولای ڕێوی
پڕ پڕ بێ لە بۆنی تاریکی و
پڕ پڕ بێ لە دەنگی (شڤان)
وێنەیەک
پڕ پڕ بێ لە شیعری حاجی و
لە چڵە خورماکەی (گیونای)
پڕ پڕ بێ لە بێشکچی و
لە عەلەوی
پڕ پڕ بێ لە هەجووە مزرەکانی
(شێخ) و
لە بۆنی پەمەیی ئازادی و
پڕ پڕ بێ لە ڕەنگی شیرینی ژیان!
دەستتم بدەرێ... خێراکە
وێنەیەکی بەکۆمەڵمان بگرە
تا تەواو تەواو

له یەکتر بزر نەبووین
دەستتم بدەرێ خێراکە
وێنەیەکی بەکۆمەڵمان بگرە
تا نەبووین بەژێر دەست و پێی چەقۆوە
تا دایکم له من
من له مناڵی
مناڵی له کۆڵان
یەک لەویتر
هەموومان له هەموومان
بزر نەبووین
دەستتم بدەرێ خێراکە
وێنەیەکی تەنیاییمان بگرە
دەشێ
یەکتر نەبینینەوە ئیتر
وێنەیەک
کە پشتمان له ڕیزێک چۆڵەوانی و
ئەوبەرمان کۆڵانێک دووری و
بەزەردەخەنەوە
دەستمان کردبێتە ملی یەکتر
خێراکە هەستەوە
وێنەیەکمان بگرە
تا تەواو تەواو
له یەکتر بزر نەبووین!

سلێمانی – شوباتی ١٩٩٩



## بەلەمێکی کاغەزیی تەڕ
## بە هەتاو

شارێک هەیە
کە باران دەبارێ
مناڵان بانگی دەکەن
ئارڤیکا
کە باران دەبارێ
ئارڤیکا له ژوورێ
ئاو دەپۆشێ و
له دەرێ بەئاودا ڕادەکا
کە باران دەبارێ
ئارڤیکا ژنانی زگپڕ و
سنوقەکانی پۆست و
مراوییە تەڕەکان
دەگوازێتەوە ئەوبەر و
کە شەو دادێ
بە دیارییەکانی جەژنەوە
دەیانهێنێتەوە ئەمبەری دێ!
قاوەگرەوەیەک دەڵێ:
ڕەنگبێ قەدەر له چارەی
ئارڤیکای نووسیبێ

که هەمیشە
خوێندنەوەی نامەی
عیشقە فانتاسییەکانی
بباتەوە ژێر باران
بباتەوە ژێر دەواری
(تا)یەکی ڕەنگاوڕەنگ
تا وەک ئەوسای منالّی
یەکێک دێ
بالّەکانی بۆ هەلّدەگرێ و
منالّەکانی دەکاتە کۆلّ و
هورد و درشتیان دەبات بۆ سەفەر
بەلای هەورەکاندا دەیانبات
بەلای ئێسک و پروسکی دایناسۆرەکاندا
بەلای ڕوانینی بەجێماوی
چەتەکانی زەریادا
بەلای گردۆلّکەی ڕەنگدا
که ئەسپەکانی پێدا هەلّدەزنێن
بەلای ئەو شارانەدا دەیانبا
که تەیرەن ئەبابیلە
گوێسوانەی مالّەکانیانی
پڕکردووە لە بۆنی ئاسمان!
بەو شەڕە
ئارڤیکا دەلّێ:
درەنگە بابڕۆین
بەڕێوە باسی خیانەتە گەورەکانم
دەکەین و
باسی خیانەتە بچووکەکانیان و
تۆزێک باسی ڕووتبوونەوە و



باران
ئەو دەلّێ:
مانای چی
ئەم هەموو شارە تەنیایە
مانای چی
دەتوانم هەریەکەیان بدەمە
قومرییەک
مانای چی
ئەم هەموو چۆلّەوانییە
مانای چی
دەخوازم نیوەیان بدەمەوە
بیابان و
نیوەکەی تریشیان ببەخشمە
منالّی!
بەو شەوە
ئارڤیکا دەبارێ و
کەچی خۆی لە هیچ کوێیەکەوە
دیار نییە
منالاّن بەدوایدا دەگەڕێن
باران بەدوایدا دەگەڕێ
پیاوانی ئاگرکوژێنەوە و
حەرەسەکانی خەلّوەتگەی پیران
بەدوایدا دەگەڕێن
شمشێربەدەستانی شەڕی سی سالّە
سۆشیالّ دیموکرات و چەپەکان
مەلیک و مەلیکە
بەجزمەی سوورەوە بەدوایدا دەگەڕێن
تەم هەلّدەدەنەوە و

لەوێ نییە
بەفری بەدوادا دەگەڕێن
ترامی ژمارە حەوت
شیعرەکانی کارین بوبیە
ئەو قەترە شینانەی ئاسمانی
بەدوادا دەگەڕێن
کە تاو نا تاو
لە حوزنەوە سەردەکەن و
دەڕژێن
من دڵنیام
کە باران دەبارێ
یەکێک بەچرپە لە نامەیەکیدا
دەنووسێ:
درەنگە... درەنگە
بابڕۆین،
بەخودا... وا خەریکە
خەیاڵی فڕین دەمخوا
سەرهەڵدەبڕم
بە ترسەوە دەڵێم:
سڵاو
ئارڤیکا(*) لە قووڵایی شینایییدا
بووە بەبەلەم
بەلەمێکی کاغەزیی
تەڕ
بە هەتاو!

نۆڤەمبەری ٢٠٠٠

(*) ئارڤیکا شارێکی دڵگیری سوێدە، زوو زوو دەکەوێتە بەر زەبری لافاو، ئیدی ئارڤیکا لەو کاتانەدا دەبێتە عاشقترین شاری دونیا.



## بۆنی هەتاو

پێڵوو لێکدەنێم و
بە شیندا دەنۆڕم
وەک ئەوەی مناڵ بووبمەوە و
هەمیشە لە سەفەرا بم
لێوڕێژ دەبم
لە فەزا
لە دوورایی
لە بۆنی خوا!
ڕامدەگرێ شارێک
بۆ تاوێک
شارێک هەمووی ئاوێنە
هەمووی وێنە
هەمووی ئاو
دادەنەومەوە و
قوربانییەک هەڵدەگرمەوە
بۆ خۆم بۆ یادگار
مناڵترینیان لە خوارەوە پێم دەڵێ
بفڕە ئەی پیاوی سەیر
مەگەڕێ بۆ تەنیایی
مەگەڕێ کە دڵنیا بیت

ئێوارەیەک دادێ
بەم حوزنەوە
بەم باڵانەوە دەمریت!
دانەویمەوە و
یەکێک گوێی لێ بوو
کە گوتم:
هانێ ئەم منداڵە
لە بەینی خۆتانا بەشکەن
بەشێکی بۆ هەتاو و
بەشەکەی تری بۆ بەفر
ئەو ئێوارەیەش
کە باوکم و
ڕەفیقە قەڵەم لە شانەکانی
مناڵێکیان لە سپێدەی نێوان
دوو دڵۆپە باراندا ڕوواند و
لەسەر قەبران گەڕانەوە،
دونیا لەخۆوە ساردی کرد
پاش تاوێ
خودا بەگەڕەکدا تێپەڕی و
بە ئیشارەت خەڵکەکەی تێ گەیاند
وەرن ئەسپ و
کوژراوەکانتان بەرنەوە
ئەسپەکان بۆ خۆتان و
کوژراوەکان دانێن
بۆ عەسرێکی ساردی
پیاسەی خۆم!
پێڵووم لێکنا و



باران تا نێوقەدم هات
هەورەکان دەیانگماند و
هەمیشە بۆنی خۆرهەڵاتیان لێ دەهات
شەڵاڵ لە هەتاو
خۆریان لەمبەرەوە
تل دەدا بۆ ئەوبەر
هێند ڕۆشن
کەس نەبوو نەزانێ
کەنگێ لەدایک دەبن
یاخود کەی کوتوپڕ
لەنێو بارانەوە سەر دێننە دەر!
پێڵووم لێکنا و
هەمدیس بەناو شیندا گەڕام
شار... گەڕەک
ماڵەکان خەواڵوو
لەژێر نەرمەبارانی
پایزێکی درەنگدا
لەمدیو خەونەکانمەوە دەبینران!
چراکان دادەگیرسان
ڕووناکی دەڕژا
نەمدەتوانی نەچم بۆ سەیر
خودا دەستێ بوو
موفەڕکێکی لە مەچەکدا و
منداڵانی بانگ دەکردەوە
چەپڵەی لێدەدا
باخەکانی بەجۆلانەکانیانەوە
دەبرد بۆ گەڕان

ئەمدەتوانی نەڕۆم
دەڕۆیشتم و هیچ نەدەترسام
ئەوەی خوارەوە
بە حەسەدەوە دەیگوت:
ڕەفیق چ دەبینی؟
من دەمگوت،
دڵسافانە دەمگوت:
هەردەڵێی لەژێر
فووارەیەکدام لە ئەبەدییەت!
ئەوەی تەنیشتی
کە لەو باینجانستانەدا
ناویان نابوو کولەکەی ڕۆح،
لێکدا لێکدا دەیپرسی:
بەڕاست چ دەبیستی؟
من... تێکەڵەیەک
لە خەون و ڕووناکی
دەمگوت:
دەنگی ڕەهایی دەبیستم
دەنگی ئەستێرە
دەنگی سپی!
وەک منالێکی نائومێد
سەرم بادەدا و
بە ترسەوە لە هەوادا
دەمنووسی:
ئەوەی کە هەمیشە
لە شەڕەکانت دێتەوە
منم!



بۆ بەڵگەش
ها ئەوە وێنەکەمان پێکەوە
وێنەی ئەو ڕۆژگارە خەمینەی
کە تۆ لە هەموومان نیگەرانتر و
لە هەموومان زیاتر گریایت!
بینیت خودایا
وێنەی ئەو ڕۆژگارە سەیرە دەڵێم
کە تۆ بەهەموومانت گوت
کوڕم و
هەموومانت پێکەوە
بەنرخی بارانێک بەزەریا دا!
بینیت خودایا
ئەوەی کە هەمیشە
لە شەڕەکانت دێتەوە
هەمیشە هەست بەخامۆشی
دونیا دەکا
هەست بەترپەی دڵی گیا
ئەوەی کە هەمیشە
لە شەڕەکانت دێتەوە
هەمیشە لەنێو جەللادەکانتا
مەزلوومترینیانە و
هەمیشە لەنێو کوژراوەکانتا
تەنیاترینیان و
هەمیشە لەنێو عاشقەکانتا
نائومێدترینیان!
گریام و دڵم خۆش
بە سەیرکردنی مراوییەکان

به نیشتنەوەی خاڵخاڵۆکەیەک
لەسەر قەڵەمەکەم
کیژێک بەلامدا تێپەڕی
کڵاوە مۆرەکەی داگرت
ئێوارە باشمان لەیەک کرد
قۆخێکی بەش دام و
گوتی:
تا باران هێور دەبێتەوە
دەتوانیت بێیتە ژێر چەترەکەم
کاتێ چووم
بۆ بەرگرتن لە نفووزی
چاوی بەد
پێڵووم لێکنا و
لەژێر لێوەوە دۆعایەکم خوێند!
نەختێکم لەو خۆشییە
بەشی بەلەمەوانێک دا
کە دواتر بووە ڕەفیقم
پێکەنی
ئاو زایە دەمی
بەرلەوەی لە یەکتر
جیاببینەوە
وێنەیەکی سێ قۆڵیمان
بۆ یادگار گرت!
لە وێنەکەدا
پێکەوە لە ئێوارەی باخچە بووین
تۆ وەک دەنکە گێلاسێکی
گەییو شەرمت دەکرد و



خەریک بوو لە چاوەڕوانیدا
دەگریایت
بریقەت دەدایەوە
لە تام و
شەلاڵ لە وجود و
تەڕ بەباران!
من ڕامکرد... بتچنمەوە
وەک چنینەوەی خەیاڵێک
کە هەنار هاوینان
بەر لە سەفەری باخەوان
دەیوەراند
تۆ هەر هانت دەدام
بە ئاوێنەکەتا دەتبردم و
بە ئاسمانی بەردەم پەنجەرەکەتا
دەتهێنام!
لێکدا لێکدا دەتگوت:
ئەم جلکانەی زەریات لێدێ
وای... ئەوە تۆیت
بەم باخ و قەڵغانەوە
سەیر.... چ ڕۆحێکی جەنگاوەرانەت
تێ دەگەڕێ!
تۆ دەتگوت:
شەوباش ئەی جەنگاوەرێک
کە لە شەڕەکان دەتهێننەوە
بەفر لە دڵتەوە دەچۆڕێ و
کۆترێک دەنووکی پێ تەڕ دەکا!
شەوباش ئەی موسافیری

دڵ بەفر
ئەی تێکەڵەیەک
لە هەور و
لە سەدەف و
لە (با)
پێڵوو لێکنێ،
چاوترووکانێکە و
هەر ئێستا بەلەمێک
لەو دوورایییانەوە
دێت و

د
ە
ت
ب
ا!

گۆتینبێرگ - زستانی ٢٠٠١



## بۆنی بخوور
## لە ماڵەکەتەوە دێ

بۆنی بخوور لە ماڵەکەتەوە دێ
مامە شێخ
بۆنی یاسەمین
نوورێک
نووری خودا
ژوورەکەتی کردۆتە چراخان
زیکرێک
زیکری حەبیبەڵڵا
مناڵانی گەڕەکی لەسەر شانی
دەفێک
هەڵبڕیوە
بەرەو ئاسمان!
بۆنی بخوور لە باخچەکەتەوە دێ
مامە شێخ
بۆنی ئەوین
بۆنی ئاوڕشێنکردنی بەردەرگای
چلەی تەموزانی غەریبی
بۆنی یەکەمین تەپەی پێی عیشق و
بۆنی یەکەمین ساتی

باران بارین!
بۆنی بخوور لە ماڵەکەتەوە دێ
مامە شێخ
بۆنی گۆرانی
بۆنی لێکردنەوەی گوڵێ
لە باخی زاهیدێک و
کردنی بەئێخەی کچێکدا
کە بەرێکەوت بەلای
ماڵەکەتانا تێ دەپەڕێ!
بۆنی بخوور
لە حەوشەکەتانەوە دێ
مامە شێخ
بۆنی دڵنیایی
بۆنی ئێوارەیەک کە دالیا
بە سەبەتەیەک
خەونی گەییوەوە
بۆ یەکەمجار
دەچێتە سەر مەسرەح
بۆنی هاڕەی پیری
بۆنی بێ دەنگییەکەی
ئازادی حەمە بچکۆل و
بۆنی ترپەی دڵی ئەختەر
کە لە تاریکیی نێوان دیمەنەکاندا
فرسەت دێنێ و
خوڕ... خوڕ دەگری!
بۆنی بخوور
لە کۆشکە سپییەکەی



دڵتەوە دێ
مامە شێخ
بۆنی نیگەرانی
بۆنی خەفەت
خەفەت
بۆ کەوتنە خوارەوەی
گوڵدانێکی سەوز
لەسەر تاقێکی بەرزەوە
خەفەت
بۆ ئاوڕدانەوەی مەلوولانەی
پشیلەیەکی ڕەش
خەفەت
بۆ شکانی پیاڵەیەکی پڕ لە
شەرابی سوور
خەفەت بۆ درزبردنی ناکاوی
شووشەی تەنیایی
بۆ کەرت و پەرت بوونی ڕۆح
بۆ خەنجەر ئاژنکردنی دڵ
خەفەت بۆ
ژەهراویبوونی مناڵی!
بۆنی بخوور
لە بانیژەی ڕۆحتەوە
دێ
مامە شێخ
بۆنی سەبووری
ئەز دەستم لەسەر دڵمە
مامە شێخ

ڕۆحم وا لە نێو لەپمدا
دەڵێن:
وا شەڕ بەخۆی و
تفەنگەکانییەوە
ئەمجارەش دەیەوێ بەر دەرکی
باخچەکانت لێ بگرێ
بانیژەکانت بکاتەوە بەسەنگەر
شانۆکانت خاپوورکا
مامە شێخ دەڵێن:
شەڕ ئەمجارەش دەیەوێ
خەونی ژیان لە کچەکانتا بکوژێ
کوڕەکانت... کوڕە عاشقەکانت
لە خولیای فڕین کا!
ئەز دەستم لەسەر دڵمە
مامە شێخ
ڕۆحم وا لە نێو لەپمدا
دەڵێن:
وا شەڕ بەخۆی و
لەعنەتەکانییەوە
ئەمجارەش دەیەوێ
بەرماڵی نوێژەکەی مەولانا بفڕێنێ
مەسحەفەکەی مەحوی بسووتێنێ
عەینەکەکەی
مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس
بشکێنێ!
مامە شێخ دەڵێن:
شەڕ ئەمجارەش دەیەوێ



ماجیدی حەمەجوان
بەژێر بێدەنگیەکانییەوە بکا
پێکەنینە پێکراوەکەی
حوسەین قەرەداغی
هەر بەدەسی ئەنقەست
فریای خەستەخانە نەخا!
مامە شێخ دەڵێن:
شەڕ ئەمجارەش دەیەوێ
شووشە بەپەنجەرەی
دڵی مناڵە بزێو و لاسارەکانی
کۆمۆنیستی کرێکارییەوە نەهێڵێ
دەڵێن
ئەمجارەش شەڕ دەیەوێ
زللەیەکی توند لە جوانی بدا و
ژیان
ببوغزێنێ!
ئەز دەستم لەسەر دڵمە
مامە شێخ
ڕۆحم وا لەنێو لەپمدا
دەڵێن:
شەڕ بەخۆی و
چەقۆکانییەوە
ئەمجارەش دەیەوێ
خۆی لەنێو لاپەڕەکانی
کتێبی ئەلفوبێی کوردی
مناڵەکانی
خێڵی حەمەدا مات داتەوە

خۆی بگەیەنێتەوە سەر
ملیان
خەونی ژیان
شەلاڵ بکاتەوە لە خوێن
مامە شێخ دەڵێن:
شەڕ بەخۆی و
نارنجۆکەکانییەوە
ئەمجارەش دەیەوێ
باخچە بکاتەوە بەدۆزەخ
گەڕەک پڕکاتەوە لە عیشقی تەریو
شەقام بکاتەوە بەدارەمەیت
تابلۆکانی ئیسماعیل خەیات
پڕکاتەوە
لە بێچووە پاساری وەریو!
بۆنی بخوور
لە ماڵەکەتەوە دێ
مامە شێخ
بۆنی بارووت لە کۆڵان
وەختێتی... مامە شێخ
وەختێتی
بە سەر و قژی هەڵایساوی
ماش و برنجیتەوە
بەخۆت و نوورتەوە
بەخۆت و بۆنی بخوورتەوە
وەرە دەرێ
وەختێتی
حەوز... حەوز



گەڕەک... گەڕەک
ماڵ بەماڵ
مزگەوت بەمزگەوت
شار بەشار
پڕمان کە لە بۆنی نوور
دار و بەرد هەڵکێشە
لە ڕەنگی بخوور
ستۆدیۆکانی تەلەفیزۆن
ژوورەکانی هەواڵ
ناو مایکرۆفۆنەکان
چاوی کامێراکان
گەرووی موزیعەکان
پڕکە لە سۆزی بخوور
مانشێتی ڕۆژنامەکان
ستوونە خەمساردەکان
پاندانی ڕۆژنامەوانەکان
پڕبکە لە مەرەکەبی بخوور
مەحزەری کۆبوونەوەکانی ئاشتی
هۆڵ و ڕاڕەوەکانی
ئەنجومەنی حکومەتی هەنار
دۆسیە زۆرەکانی
دایرەی ئاسایش
خوتبەکانی جومعەی ئیمام
لێوڕێژکە لە حەرفی بخوور
سنووقە فیشەکەکان
سەنگەرەکانی تۆڵە
مەتارەی پێشمەرگە

پڕکە لە ئاوی سازگاری بخوور
گیرفانی کچەکانی کەریم عوسمان
جانتای قوتابییەکانی
دڵشاد مەریوانی
دیدە کزەکانی
حەمەی نێرگز
تابلۆکانی کۆسار
شەلاڵ کە لە ڕەنگی کازیوەیی
نوور!
بۆنی بخوور
لە ماڵەکەتەوە دێ
مامە شێخ
بۆنی نوور
ئەز دەستم لەسەر دڵمە
مامە شێخ
ڕۆحم وا لەنێو لەپمدا
بۆنی نوور لە ژوورەکەی
تۆوە دێ
مامە شێخ
بۆنی ژیان
دەستم لەسەر دڵمە
مامە شێخ
بۆنی بارووت دێ
بۆنی شەڕ
لە کۆڵان!

گۆتینبێرگ – سەرەتای مایسی ٢٠٠٢



## لای فولکەی سێوە مزرەکانەوە

*بۆ پەرژین و دلێر و بێری*

بە زەمیلەیەک ڕوانینەوە
چوومەتەوە ژێر چۆڕاوگەی خۆرنشین
گەمەی مناڵانەی
ئەو ساماڵ نشینانەی پایز
دڵۆپ... دڵۆپ
خستوومیانەتە پێکەنین
ماریانا دێ
وەک دەنکە هەڵوژەیەک
لە خۆشییا دەترەکێم
ڕەنگ لەناوەوەم ڕا
لە سەرم ڕا
بەنێو ڕۆحمدا دەپژێ
ماریانا
بەلامدا ڕەت دەبێ
پەنجە دەنێتە زاری و
پێی وایە
وەک کارژۆڵەیەک تەنیام
پێی وایە بێزارم
دوو بەقەد کتێبێک بێزار

بەلامدا ڕەت دەبێ و
دڵی هەزار و یەک ختوورە دەکا
دڵی هەزار و یەک جار
دەکەوێتە مەراقەوە
تەناییم هەزار و یەک کەڕەت
ئەمدیو ئەودیو دەکا
دەستم لە هەزار و یەک هێڵەوە
دەخوێنێتەوە
پێی وایە ئەم لێو برژانەوەیەم
هی ئەوەیە
کە هاتووم
لەژێر سێبەری دارلیمۆکاندا
زۆر ماتڵ بووم
ماریانا دێ و
بەلامدا ڕەت دەبێ
لێوی دەهێنێتەوە یەک و
فیکەیەکی درێژ دەکێشێ
– بەڕاست دەمناسیتەوە؟
– وای چەند ساردیت مەیموون!
لە شەرما
سوورسوور هەڵدەگەڕێم
تەیرەکانی ناو خوێنم هەڵدەفڕن
چاوم دەکەوێتە ڕەشکەوپێشکە
لە چاوترووکانێکدا
بەژوور سەرمانەوە دەبنە چەتر
لە شەرما
گەرم گەرم دادێم



دەرگایە.. ڕادەکەم بیکەمەوە
لەو هەڵمە شینەی ئێوارانی هاتنیدا
دەمبینێ:
شەوێکیان
لەگەڵ مناڵییەکی سەراپا تەڕ
لەمسەری نیشتیمانەوە
ڕادەکەین بۆ ئەوسەر
شڵپ و هۆڕ
تا ئەژنۆ نوقمین لە خەوندا و
تا بینەقاقا غەرقین لە شەونم
دەمانبینێ
وەک دوو پەڕەسێلکەی
خوساو بەنوور
لەبن گوێسوانەی مزگەوتێکی تەنیادا
جارناجار
سەرێ دەخەینە بەر ڕێژنەی
هەتاوەکە و
جارناجاریش مناڵیمان
تێ دەوروکێ
دەمبینێ
بریتیم لە سێ چوار دێری کورتی
بەردەم پیرێژنەکەی پۆست و
داوایەکی لێبوردن
بریتیم
لە دووسێ بەیانی باشی
هاکەزایی و
ئاوڕێکی قووڵ بۆ دوور

بریتیم
لە چنارێک و دوو مراوی و
حەوزێکی چۆڵ و هۆڵ و
فووارەیەک پەپوولە،
کە منداڵێک لەژێریدا
بە چاک و چۆنی
ماسییە نایلۆنەکان پێدەکەنێ!
دەمانبینێ هەموومان
پڕ بەپشتی تەراکتۆرێکین
هەڵدراوینەتەوە
لە دار و پەردووی ئاو و
لە دار و پەردووی ڕەنگ
هەڵدراوینەتەوە
لە بۆسۆی عەشق و
لە بۆکڕوزی دەنگ
دەمانبینێ
خۆمان گیڤ کردۆتەوە و
زیقەزیق پێیان دەڵێین
تکایە شتێک لە مناڵێتی
ئەو تەیرەل حوببانەمان بدەنەوە
دەمانبینێ
لەبەردەرگای باخی گشتی
هەموومانین
لە دڵی خۆمانا پێیان دەڵێین
ئەی پیاوی دڵڕەق
تفەنگەکەت داگرە
مێژووەکانی تۆ



مێشکی پەپوولەی باخەکانی
ئێمەیان برد
شەریعەتەکانی تۆ
ئاوەکانیان لێ کردین بەخەرافات
زەریاکانیان لە ئێمەدا لەبار برد
پەروەردەی نیشتیمانییەکانی تۆ
خەیاڵێکی مزری بەدار گۆیژەکانمانەوە
نەهێشت
سەری لە سروودەکانمان شێواند!
لە ماتماتیکەکانی تۆوە
فێربووین
بەچاوی نوقاوەوە
دوکەڵ بژمێرین
فێربووین
خوێن بژمێرین
فێربووین
سەراب بژمێرین!
دەمانبینێ
لای زەریا وشکەکانەوەین و
لای خەونە وشکەکان
لای کانە دڕکەکانەوەین و
لای کانە بەردەکان
پێیان دەڵێن
تکایە گەر دەکرێ
بەشی شیعرێک
لەو ماسییانەمان بدەنێ
پێیان دەڵێین

به شەرمەوە پێیان دەڵێن
خۆ دەکرێ جار ناجار منارەکە
بۆ ئەم حاجی لەقلەقە مناڵانە
داگیرێ!
ماریانا دێ
پڕ باوەشێک نیشتیمانی پێیە
قۆپچەی خەیاڵم
تا سەرەوە دەکەمەوە
چاوانم هەڵدەگلۆفم
پێی وایە هەنووکە
لە شارە زەردەواڵەیەکی وروووژاو دەچم
ڕادەکەم
سەر دەنێمە کۆشی
ڕادەکەم
سەد کەڕەت هەڵدەنوتێم و
هەڵدەسمەوە
دڵم پەلەپەل پێش خۆم دەگا
– هەڵی بێنە
بزانم دەزانیت چیم پێیە ؟
لە فیکرەوە دەچم
سەمایەکم و خەریکم ببارم
ڕەنگێک: جوانترینیان
عەترێک: بۆن خۆشترینیان
دەنگێک: زوڵاڵترینیان
لەدواوە
دەستی دەنێتە سەر شانی خەیاڵم
لا دەکەمەوە



لەسەر نووکی پێ ڕادەوەستم
سەرێک دەکێشمە ئەودیو
– چۆنیت هاوڕێم
" – تۆ چۆنیت پایزە هاوڕێ
من کەژاڵم(*)
ماڵەکەم هەر لەوسەری کۆڵانی شیعرە و
بۆ خۆم
هۆدە و هەیوانێکم هەیە
لە تەنیایی
جار ناجار شیعری قەڵەو قەڵەو
جار ناجار
ڕەخنەی تۆپەڵ تۆپەڵ
بێرەدا تێدەپەڕن
ئاقڵ نابم
تێر تێر بۆ خۆم پێدەکەنم!"
دادەنەومەوە و
زیاتر ڕوانیم هەڵدەکێشم لەوێ
شیعرێک لە دوورەوە بانگم دەکا
ڕادەکەم... کۆشمی بۆ دەگرمەوە
پڕ دەبم لە وردەسێو و
پڕ دەبم لە وردەشەونم و
پڕ دەبم لە وردەبۆن و
پڕ دەبم لە وردە وڵاتی ڕەژوو(**)
– "ئێوارەت باش هاوڕێم
– ئێوارەت باش

(*) کەژاڵ ئەحمەدی شاعیر
(**) وڵاتی ڕەژوو : قەسیدەیەکی درێژی قوبادی جەلیزادەی شاعیر.

بنۆڕە ئێمە
لەگەڵ ئەم بیرەوەریانەدا
چەند تەنیاین
ئا... بیرم کەوتەوە
حەفلەی یەکی یەک و
تەلەفیزیۆن و
شیعر خوێندنەوەیان نەگوتووە
پەشیمانم
نەدەبوو چووباین!"
زیاتر ڕادەکەم و
کەچی هێشتا هەر لەوێم
دەربەندێک پەپوولەی سپی(***)
دێتە ڕێم
پڕدەبم لە هەڵمێکی پەمەیی
پڕ دەبم لە بۆن و بەرامەی زوبانی و
پڕ دەبم
لە شیلە و شەکری قەسیدەی
- ڕۆژباش
- ڕۆژباش
ها ئەمە نوقڵێک
بۆ پێش خوێندنەوەی شیعر و
گیانە ئاگاداریش بە
نەبیت بەتۆڕی غوربەتەوە و
تەنیایی ئەم قوتبە نەتکوژێ!"
زیاتر گوڕ دەدەمە خۆم و

(***) دەربەندی پەپوولە : داستانەی شیعرییەکەی کاک شێرکۆ بێکەس.



ڕادەکەم
بەدرێژی ئەو خەونە دەیناسمەوە
بەخوڕەی حوزنیدا دەیناسمەوە و
بە هاژەی دەنگیدا
- سڵاو هاوڕێم
- هاوڕێم سڵاو
ئەمشەو کە ڕۆیشتیتەوە
بانگم کە... منیش دێم!"
کە دەگەینە لای فولکەی
سێوە مزرەکان
ماریانا جامەکەی لای خۆی دەکاتەوە و
بە هەموویان دەڵێ
ئێوارەی هەمووتان باش بێ
هاوڕێیان
ئێوارەی هەمووتان باش!

فلێن- پایزی ١٩٩٩

## سەما لەگەڵ جەنگیز
## هودنە لەگەڵ مەغۆل

ئامادەم
مەمکوژە
خەنجەرەکەت بنێوە کێلان
چاوەڕێم ئێوارە
لەسەر کورسییە سپییەکەی
بانیژەی ئەوبەر دانیشێ و
لێرەوە... نمە نمە
بە دوو باڵ
بکەومە موتاڵای باران!
بیرتە بەیانییەکیان
بەدوای قافڵەیەکی یاقووتەوە
پیر ببووم و
نازدار لە دوورەوە دەهات
لەسەر پێپلیکانەکان
دەستی دەگرتم و
بەنێو شەش نهۆم پەمەییدا
دەیبردم بۆ کۆڵان؟
دەستی دەگرتم و
دەیگوت : بیرم دەکردیت!



منیش لە ناوەڕاستی جادەکەدا
وڕکم دەگرت و
دەمقیژاند
دەمقیژاند... تا بمبات بۆ سەیری
ئەو قەلەڕەشکە خەمگینانەی
کە لەسەر هێڵی ئاسنی
میترۆکە دەنیشتنەوە و
لە چاوترووکانێکا دیارنەدەمان!
مەمکوژە
ئامادەم
بەم خوێنەوە من دەڕۆم
دەڕۆم و دەکەومە شوێن چاوم
کە پایزێکیان قەرەجەکان
بۆ جێگەیەکی دووریان ڕفاند
تا ئیدی ئێوارەیەکیان
لە تۆدا نیشتمەوە و گریام
گریام و دەگەڕام بۆ خۆم
سەرم هەڵبڕی
هەموو شتێک سپی
لەوەدابوو بڕۆم
لە شووشەی پەنجەرەکەدا
خۆم بینی
چاوانم هەڵگلۆفت
لە خۆشییا ڕاچڵەکیم و
بینیم:
کوت و مت دەڵێی تۆم!

مەمکوژە
سوێند بخۆ کە نامکوژیت
سوێند بخۆ
کە هێشتا
پڕ سێوێک ڕۆحم تێدا ماوە و
دڵم هەروەکو
دڵی هەڵۆژە لێدەدا
بەو شیعرانەی عیشق
سوێند بخۆ
کە لە قوولاییمەوە هاتن و
نەدەبوو بیانڵێم
بە تاڵی سپی پرچی
ئەو کیژە دڵتەنگانەی
کە خۆشم ویستن و
نەدەبوو ئەوان خۆشیان بوێم
سوێند بخۆ
کە نامکوژیت و
ڕووم وەردەگێڕیت
بەرەو باکوری ئەو مەلانەی
کە فڕینیان بەرەو باشوور
لێوە دەسپێدەکا
نزیکی ئەو شارانەم دەکەیتەوە
کە بەهاران
پرۆژەیەکی مناڵانەن بۆ ڕاپەڕین
لە تەنیشت ئەو نیشتیمانەوە
دامدەنێی
کە هەر دەڵێی



لەتێ کێکی بەر بارانە و
چۆلەکەکانی ئێوارە
بە ترسەوە لێی دەخۆن
مەمکوژە
خەنجەرەکەت دانێ و
بە هەر پێنج شەش لەتەکەی
نیشتیمان سوێند بخۆ
کە نامکوژیت و
نزیکی ئەو شەقامانە
دامدەگریت
کە بەتەمان بڕۆمەوە
تا پێکەوە
پیاسەیەک بەیەکترا بکەین و
چایەک بخۆینەوە و
نەختێک پێبکەنین و
بمرین
مەمکوژە
بە نیشتیمان سوێند بخۆ و
بە شەوە سپییەکانی شۆڕش
کە نامکوژیت و
بە کۆڵانی ئەودیو بێدەنگیدا
دەمبەیت
کۆڵانێک
کە چاوەڕێیە بڕۆمەوە و
لەگەڵ پاسارییە غەریبەکانی
گوێسوانەی گەڕەکدا
هەموومان پێکەوە

بە خاو و خێزانەوە پیر بین!
لە خۆشیت ئەی غەریبی
ئەی غەریبی لە خۆشیت
بەو کراسە مۆرەوە
کە حەزت لێیە
لە سەمادا بیپۆشیت
ئەی مەنفا لە خۆشیت
لە چاوی شەوانێک
کە بەسەر گیاندانی مندا دێیت و
دەستت تێم ناچێ و
نامکوژیت!
تۆ بەڕوحم بوویت
ئەی بانیژە شینەکەی هیجرەت
کە نەتکوشتم و ڕێگەت دام
پەرچەمی عومرێک شکستت
لێدانێم
ڕێگەت دام
شەڕە ژیکەڵەکانمت لێ هەڵخەم
لێگەڕایت لێرەوە
بنۆڕم بەسەر شەڕگەیەکدا
کە یەکەمین کەس
ئەو پەنجە عاشقانەی تێدا پێکرا
لێگەڕایت لێتەوە
بنۆڕم بەسەر
جەولە هارەکانی ژەهردا
بکرێمەوە بەسەر ئەو بەردانەدا
کە پیاوە مورەبەعەکان



بەدوامدا هەڵیاندا
تۆ بەڕوحم بوویت
ئەی ڕەنگە کاڵەکەی ئێوارانی
غەریبی
کە نەتکوشتم و چوارشەممەیەک
خۆت کرد بەشەقامی (گالیلی)دا و
بە زوبانە بەفرەکەی (بێریمان)
گوتت:
دەمبووریت گەر ئەمڕۆ
چ نامەیەکی تۆم پێ نەبێ
بەڵام ئەز لە دڵم چەسپیوە
کە سبەی نامەیەکت
یان لە مەدرید، لە ئەحمەدی مەلاوە
یاخود لە شار،
لە یارەوە بۆ دێ!
ئێوارەت باش
ئەی غەریبی
بەم جلکەوە کە حەز دەکەیت
خەزەڵوەرانێ بیپۆشیت
حەشارم دە
ئەی غەریبی حەشارم دە
با هەتاو ئاوها بەم خوێنەوە
نەمبینێ
سەدەیەکە بەفر دەبارێ
لایەک لە ڕۆحم
داچووەتە ژێر زوقم
سەرمامە ئەی غەریبی

هێند سەرمامە
کە پێم وانییە
لەمەولا کەس بتوانێ
بیرم لێ بکاتەوە
هێند تەنیام
کە پێم وانییە نازدار بەو پەلە پەلە
کوردێکی هەندەرانیی
دەسکەوێ
تا نامەیەکی پێدا بنێرێ و
لە ئاخیرەکەیدا بنووسێ:
ئەی یار ئەز بەتەنێ چ بکەم؟
سەرمامە ئەی غەریبی
بە ڕادەیەک سەرمامە
کە پێموایە:
نە کاک (حوسەین) ی بەقاڵ
دەیپەرژێ
تەنیاییم بقۆزێتەوە و
سێوی ڕزیوم
بە هی گەییو پێ بفرۆشێ
نە مامۆستای ئینشاش دڵی دێ
من و (هەورامان)
لە گۆشەیەکی پۆلدا ڕاگرێ و
ناچارمان کا دە جار لەسەر یەک بڵێین
"ئێمە دەمرین
بەڵێن بێ تا ماوین
نە پێبکەنین و
نە شیعریش بنووسین!"



سەدەیەکە بەفر دەبارێ
سەرمامە ئەی غەریبی
هێند سەرمامە
کە ئیدی خەیاڵم سپی دەچێتەوە
هێند تەنیام
کە ئیدی دڵنیام
من هەروا
بەم جلکە کوژراوانەی بەرمەوە
دەچمە بەهەشت
بەم نامانەوە... بەم شیعرانەوە
بەم وەرزانەوە
دەڕۆم!
مەمکوژە
من سەدەیەکە
بەبێ خەنجەر
بەم خوێنەوە
بەم پەشیمانیانەوە
لە لای تۆم!

گۆتینبێرگ - نیسانی ٢٠٠٠

.................................................

*بێریمان : دەرهێنەری بەنێوبانگی سوێدی.*
*ئەحمەدی مەلا : ئەحمەدی مەلای شاعیر.*
*هەورامان : هەورامان وریا قانیعی شاعیر.*

## قسەیەک بەبۆیەی پاستیل

سبەینێ خۆر هەڵدێت
وەک ئەوەی دڵت ختورەی کردبێ
شتێک ڕوودەدا
شتێک وەک ڕژانی ناکاوی ڕەنگێک
لە خۆرنشین
وەک گێڕانەوەی قسەیەک
لەمدیو شووشەی هەڵم لێ نیشتووی
پەنجەرەوە
سبەینێ... وەک ئەوەی دڵت خەبەری دابێ
کە دەمرم
سبەینێ دێی.. بەژێر باراندا دێی
سبەینێ
لە ژێر باراندا
بۆم دەگەڕێی!
من لەوێدا
بە جانتایەکی قاوەییەوە
ڕاوەستاوم لە ژێر درەختێکدا
لە دڵەوە بەیەکێک دەڵێم: خواحافیز
بەفر دڵم دەدەنەوە
دەپرژێنە چاوم



بەفر وێنەم دەکێشن
جانتاکەم هەڵدەڕێژن
هەموو هەتاوەکەم دەدەن لە خۆیان
سەرو نەختێ لە هەوری ناو جانتاکەم دەدەن
لە نینۆکیان
پێیان دەڵێم: ئاخر بەفرەکان
بەفرە ئازیزەکان
من ئەو هەورەم لە مابەینی
لاپەڕەی هەندێ پایزدا
هەڵگرتووە بۆ عەسرانێ
کە منالّ دەبمەوە و
باران... باران
هەر چاو دەگێڕم و باران نابارێ
بەو نەختە هەتاوەی کە پێمە
بەفرەکان سەریان دەگرن لە خەیاڵ
پێیان دەڵێم:
ئاخر ئەی بەفرە ئاقڵەکان
من ئەو هەتاوەم داناوە
بۆ ئێوارانێ کە ئیدی
چوار پێنج وشە بەگوێی
کەسێکدا دەچرپێنم و... دەڕۆم
نیشانەیەک لەسەر ئانیشکی درەختێک
هەڵدەکۆڵم و... دەڕۆم
تاوێک لەگەڵ منالّی
لەبەر دەرکی حەوشە
ڕادەوەستم و نەختێک پێدەکەنین و
تەوقەیەکی هاکەزایی

دەکەین و
دەڕۆم!
بەفر... بەفر
بەفرە هار و هاجەکان
بەفرە مەیموونەکان... بەفرە
نەدی و بدێکان
لە دواوە پاڵێکم پێوەدەنێن و
دەخلیسکێم
بە پڕتاو دەگەنە سەرم
چەترەکەم لێ دەفڕێنن و
دەیکەنە هەزار و یەک پارچەوە
پاڵتۆکەم لەبەر دادەکەنن و
بۆ گاڵتە دەیکەنە بەری خۆیان
پڕ بەعەینەکەکەما دەکەن و
بۆ گاڵتە دەیکەنە چاوی خۆیان
یەکێکیان کە بەخزمایەتی
دەگاتەوە پرتەقاڵ
تا سێ دەژمێرێ و
خۆم ناگرم... لە دوودا چاودەکەمەوە
ئای... سەیر چ گالیسکەیەکی داومەتێ
نا... دوو باڵ
بەفر... بەفر
بەفرە ئازیزەکان... بەفرە میهرەبانەکان
دوو باڵیان داومەتێ و
هەتا هێزم تێدایە دەفڕم
هەتا هێزم تێدایە
لە دڵەوە بەیەکێک دەڵێم



خواحافیز!
من لەوێدا
بە جانتایەکی قاوەییەوە
ڕاوەستاوم لە ژێر درەختێکدا
دەچرپێنم بەگوێی یەکێکدا
لە دڵەوە پێی دەڵێم:
خواحافیز
چاوەڕێم بەفر لە وێنەکێشانم ببنەوە
ئیدی هەتا هێزم تێدایە دەفڕم
چاوەڕێم
لە عیشقا... هەڵدەلەرزم
لە عیشقا... خەریکم ڕەق ببمەوە
لە عیشقا... دوو گیانم بەترس
لێوڕێژ... لە مردن
لە عیشقا... شەلاڵم لە نهێنییە جوانەکان
لرفەم دێ لە پەشیمانییە چکۆڵەکان
لە عیشقا... جمەم دێ
لەو شاخوداخ و گوندە پرتەقاڵییانەی
کە هەمیشە بۆنی بۆیەی پاستیل و
بۆنی لاستیکی خەت کوژانەوەیان لێدێ
لە عیشقا... سیخناخم
لەو لەحزانەی کە بەزەرفێک سەدەف
لە خۆشییا... دوو باڵم لێ دەڕوێ
بە بەلەمێکی نایلۆنەوە
سەراپای ئاوەکانی
دونیا دەگەڕێم
لە خۆم ڕادەبینم

دەست بدەم لە فڕینی کۆترێک
گوێ بگرم
لە ترپەی دڵی گەرمی زەڕنەقوتەیەکی
تازە سەر لە هێلکە جوقاو
دەتوانم بەبەیانی باشێک دونیا
لەگەڵ خۆمدا ئاشت کەمەوە
بۆم هەیە بێ ترس... کڵاوەکەم داگرم و
بۆ ژنێکی سکپڕ بچەمێمەوە و
بڵێم: خانم... ڕۆژتان باش
هەواڵپرسینی گێلاس لە بەقاڵێکی پیر
بەسە بۆ ئەوەی
بەزەمیلەیەکی پڕ لە ژیانەوە بێمەوە ماڵ
بەسە بۆ ئەوەی
بێ ترس لە ڕاستە شەقامێکی
قەرەباڵخی ئێوارەیەکی هاویندا
بقیژێنم:
ئەرێ بەڕاست برادەر
ئێستا چۆنیت؟
لە دڵەوە بەیەکێک دەڵێم:
خواحافیز
بەفر دەمگرنە چوارچێوە و
تا سەری کۆڵانەکە لەگەڵم دێن
هەتا شار
کۆترەکانیانم لەگەڵدا دەنێرن
بە لای پیاوێکدا دەگوزەرم
کە هەمیشە
سەرگەرمی ئاڵوگۆڕپێکردنی



خەریتەی کۆڵانەکانی مناڵییە
سەرگەرمی داگرتنی
سەربانەکانی هاوینە
سەرگەرمی شت نووسین و ژن سەربڕینە
سەرگەرمی برنج خواردن و
قاپ شکاندن و
گوڵ ڕنینە
ئەی شار
ئەی شۆخ و شەنگترین وەهم
ئەی شارێک
کە لە هەموو شارەکانی
دونیا زیاتر
شاعیرت هەن... جەللادت هەن
قوربانیت هەن
خودات هەن
ئەی شارێک
کە لە هەموو شارەکانی
دونیا زیاتر
ڕەنگت هەن... دوودڵیت هەن
ئاسمانت هەن
شورات هەن
لە هەموو شارەکانی دونیا
زیاتر
خەیاڵت هەن... تووڕەییت هەن
نزات هەن
لە هەموو شارەکانی دونیا زیاتر
شەوانە نامەی دڵداریت

تێدا دەنووسرێن و
دەدڕێنرێن و ناگەن
لەم دونیایەدا شارێک نییە
بوێرێ بڵێ:
من بەقەد تۆ
پیاوی گەشبین و پیاوی ڕەشبینم هەن
بوێرێ بڵێ: من بەقەد تۆ
پیاوی دڵڕەق و
پیاوی وەک پەپوولە بێ وەیم هەن
دەگمەنە، دەگمەنە لە دونیادا
لە دونیادا دەگمەنە
شارێکی تر هەبێ
کە وەک تۆ
لەگەڵ مناڵەکانیدا پیر بێت
کە وەک تۆ
دوور لە مناڵەکانی
بمرێت!
لە دڵەوە بەیەکێک دەڵێم:
خواحافیز
ڤیتارێک دێ... لە دوورەوە
دەمناسێتەوە و هەڵمدەگرێ
دەچمە سەر کورسییە
هەمیشەییەکەی خۆم دادەنیشم
کورسییەک
بۆنی سەما و بۆنی بۆیەی نینۆک و
بۆنی ژنێکی لێ دێ
کە بڕیار نییە ئیتر ببیبینمەوە



ڕۆژنامەیەک... تەنیاییم لەگەڵ خۆیدا
دەکات بەدوو کەرتی یەکسانەوە
ڕاسیستێک بەرامبەرم دادەنیشێ
بە تەوسەوە... لە من و
لە مناڵە مردووەکەی
ناو ڕۆژنامەکە ڕادەمێنێ
مناڵەکە سەرێک بەرز دەکاتەوە
دەیەوێ شتێک بڵێ
بەڵام من بەچاو تێی دەگەیەنم
وا باشترە.. بنوێ
پێی دەڵێم: لایلایە
هاوڕێی چکۆڵە
باشترە.. بنوویت
گورگانە شەوێ
دونیا لەوە ساردترە
بتەوێ بدوێی
باشترە خەون ببینیت
با...
شتر...
ە...
بنوو...
یت...!
هاوڕێی بچکۆلە
چ دونیایەکی ساردە
" دونیا زۆر نامەردانە ساردە"(*)

(*) دێڕە شیعرێکی (مەهدی ئەخەوان سالیس)ە.

باشترە خەون ببینیت
باشترە.. بنوویت
من دەڕۆم
بەفر لایەکی جانتاکەم لەگەڵدا
هەڵدەگرێ
خەیاڵ دەمباتەوە... لەتر دەدەم
خەریکم بکەوم
خەریکم لە دڵەوە بەیەکێک
بڵێم: خواحافیز
دەمەوێ بەر لەوە
زەمینەیەک بۆ دڵدانەوەی خۆشکەم
دەمەوێ سەری قسەی لەگەڵدا دامەزرێنم
لەبارەی شتە جوانە بچکۆلە بێ بایەخەکان
لەبارەی پڕ کردنەوەی ژوورە چۆڵەکانی
ئێوارانی ڕەسمێک بەبۆیەی پەمەیی
لەبارەی دەست ڕاوەشاندن بۆ ترێ
لەسەربانەوە
ئەو دەمەی هەموان بەخاوو خێزانەوە
هەتاو بانگ دەکەنە هەیوان و
نهێنییەکی لێ دەردێنن و.. نهێنییەکی دەدەنێ
دەمەوێ... ئەو لەحزانەی وەبیربێنمەوە
کە لەتاو دڵتەنگی
پەنجەرەکانی دەکردنەوە
لە تاو دڵتەنگی... سەددەفەکانی بۆ سەری
هەزارەمین جار دەژماردن و
زەمی ڕەفیقەکانی دەکرد و
گۆرانی دەگوت



دەمەوێ بەرلەوەی بەیەکجاری
دیارنەمێنم... کەمەکێک قەرەبووی
کوژرانە هەرەمەکێکان بکەمەوە
قەرەبووی تەسلیم بوونە ناشیرینەکان
قەرەبووی لەحزەگەلێک
کە دەبوو... بۆشاییە کریستاڵییەکانی
پڕکرابانەوە بەشاعیرێتیی
پڕکرابانەوە بەکۆلارە هەڵدان
پڕکرابانەوە بەناسینی کوللەیەکی خەمگین
لە لەحزەی ئەوەڵێن فڕین
پڕکرابانەوە
بە خۆ هەڵدانە
سەرتاقی پەنجەرەیەک و
نووسینی شتی سەیر
لەسەر هەڵمی ڕاکشاوی شووشەکەی
پڕکرابانەوە
بە دانیشتن بەدیار تەلەفیزۆن و
خەیار قاشکردن و
تەماشاکردنی فیلمی (چوو لەگەڵ با)
دەمەوێ قەرەبووی لەحزەگەلێک بکەمەوە
کە تیایاندا... غەدر لە ژیان کرا
لەحزەگەلێک کە دەبوو پڕکرابانەوە
بە گوێ ناڕایەڵی... بەفووتێکردن و
تەقاندنی میزەڵان
بە بازدان بەسەر جۆگەیەکدا
بە شوێنپێ هەڵگرتنی پەڕێک
تا ئەوبەری پیری

پڕکرابانەوە... بەفرینی بەکۆمەڵی
کتێبی ئەلفوبێکەی مامۆستا
برایم باڵدار
بۆ بەردەم پەنجەرە کراوەکەی
ماڵی باران
ئەی عیشق.. من وا خەریکە دەڕۆم
خەریکە دەخنکێم، خەریکە دەمرم
بنۆڕە ئەی عیشق
چ شەڕێکمە
ئەی عیشق... ناوبژیم کە
هەڵمگرەوە
کوژراوەکانم هەڵگرەوە... کوژراوە
تەنیاکانم
بە جانتاکانمانەوە هەڵمانگرەوە
بە نامەی قەدکراوی ناو گیرفان و
بە تۆپەڵە بەفری نێو لەپ و
بە خەیاڵی ڕژاوی نێو مەتارەکانمانەوە
دامانپۆشە...بە پۆپەشمینێک لە شەوبۆ
بە توێژاڵێک لە هەلاڵە
کە لەودیوەوە
بێدەنگیمان دیاربێت
پەپوولە وەریوەکانی سەر ڕوخسارمان
ئێوارە ڕژاوەکانی مناڵیمان دیار بن
هێند دیاربین
کە مناڵێک بەلاماندا ڕەت بوو
ئاوڕێک بداتەوە
لەبەر خۆوە بڵێ: نازدار... نازدار



بنۆڕە... بنۆڕە
ئەوانە:
چ کوژراوگەلێکی خەیاڵپلاو و
چ کوژراوگەلێکی... شەرمن و
چ کوژراوگەلێکی
ڕەنگاو ڕەنگ و جوانن!
هەڵمگرەوە... ئەی عیشق
ناوبژیم کە
هێند عاشقم کە هەر دەڵێی
لەحزەیەکی تر نابا
دەمرم
هێند دڵتەنگم کە هەر دەڵێی
لەحزەیەکی تر نابا
تا هێزم تێدایە... دەفڕم
لە پەنجەرەی ئەم واگۆنە
شێن شینەی سەفەرەوە
دەست بۆ یەکێک ڕادەوەشێنم
شتێک لەسەر هەڵمی
شووشەکە دەنووسم
پەلەپەل دەیکوژێنمەوە
ڕەسمێکی لەسەر دەکێشم
هەردووکمان پێدەکەنین
ڕەوە ئەسپێک بەلاماندا تێدەپەڕێ
سەر بەرز دەکەمەوە
بەفر دەبارێ
بەفر... دەدوێ
بەفر بەردەم پەنجەرەکەم لێ دەگرێ

بەفر وێنەیەک دەسڕێتەوە و
وێنەیەک دەکێشێ
نهێنییەک دەدرکێنێ و
نهێنییەک جێدێڵێ
تۆ دێی
وەک دڵت ختوورەی کردبێ
شتێک بووبێ
وەک دڵت خەبەری دابێ
مردبم
سبەینێ... دێی
بەژێر باراندا دێی
سبەینێ...لە ژێر باراندا
بۆم دەگەڕێی!

گۆتینبێرگ – کۆتایی ٢٠٠١



## باخچەی پادشا

*بۆ هاوڕێم ئازاد سوبحی*
*بە یادی باخچەکانی باوکمان...!*

من دواجار بێ هەتاوی دەمکوژێ
دواجار لە بێ باخچەییدا دەوەڕێم
دواجار... دواجار
هەزاران هەزار فەرسەخ
دوور لەمبەری ئاوەکانەوە
لە تینوواندا دەخنکێم
لەسەر شۆستەیەکی چۆڵ و هۆڵ
وەک پەپوولەیەکی وشک هەڵگەڕاو
وەک منداڵێکی خەیاڵ پڵاو
لەودیو پەنجەرەیەکەوە ورد دەبم
دواجار... من دەزانم کە دواجار
هاوینێک بەلامدا ڕانابوورێ و
دەستێکم هەڵگرێتەوە
بۆ تەوقە ساکارەکانی یەکتربینین
یەک دوو قامکم لێ ببات
بۆ پاکنووسکردنی
نامە بێ سەر و بەرەکانی ئەوین
لێوێکم لێ قەرزکات

بۆ ماچکردنی ئەملاو ئەولای دووری
چاوێکم بچنێتەوە
بۆ سەرەتاتکێی کۆڵانە
پڕ لە شیلە و شەکرەکانی خۆی
دڵێکم لێ وەرگرێ
بۆ ڕاچڵەکین و
دڵێک بۆ سەفەر و
دڵێک بۆ مردن و
دڵێکیش بەرین... بەرین
بۆ ئاسمانە دوور دوورەکانی
هەڵفڕین!
وەک سێبەرێک لەوێدا دەکەوم
سێبەرێک کە هێشتا هەڵمم لێ هەڵدەسێ
وەک دەسکێک فەریکە نۆک
لەنێو لەپی ئارەقاویی منالێکدا
کە هێشتا
زەنگۆڵ زەنگۆڵ
ڕووانم لێ دەڕژێ
وەک کارژۆڵەیەکی تەڕ
کە هێشتا باران قژم بۆ دادێنێ
وەک منالێک لەوێدا دەکەوم
چاو دەبڕمە هاموشۆی
بێ پەروای غەریبان
کە (با) سەخاوەتمەندانە
دەیانبات و دەیانهێنێ
لە دڵی خۆدا شتێک دەژمێرم
چپەیەک سەرنجم بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ



تومەز ئەوە
چپەی شەقامە لەگەڵ خۆی
چپەی تەنیاییيە لەگەڵ خۆی
بەو منالییەی خۆمەوە
تێ دەگەم
نەسەبی هەموو تەنیاییيەکان
دەچنەوە سەر یەک ڕەگی زوبان
تێ دەگەم
ئێمە هەموومان بەرەچەڵەک
فەرزەندی یەک تەنیایین... بێ سنوور
تێ دەگەم
ئێمە هەموومان
یەک قەبیلەین... تەنیا
تێ دەگەم
ئێمە هەموومان
یەک بیابانین... تەنیا
تێ دەگەم ئێمە هەموومان
یەک مردنین
تەنیا!
من دواجار بێ هەتاوی دەمکوژێ
دواجار بێ هاوینی
دەست دەنێتە بینم و
دەخنکێم
دواجار ئازاد سوبحی دلڕەق و
باوکە پادشاکەی
لە باخچە زۆر و زەوەندەکەیان
درەختێکی منالیان بەش نەدام
لە باخچە زۆر و زەوەند و قەرەباڵخەکەیان

لە باخچە زۆر و زەوەند و قەرەباڵخ و
پڕ کوردەکەیان
لە کەرکووک!
هەموو نیوەڕوانێک لە دوورەوە
دەیانبینم
لە دوورەوە هەموو نیوەڕوانێک
ئەو دووانە دەبینم
لە ناو درەختەکانا
لە تەنیشت سێبەرەکانەوە
لە پاڵ هەتاوەکەدا
بە دوو فانیلەی سپی نیوقۆڵەوە
دانیشتوون
قاچیان ناوەتە ئاوەکەوە
بە هەناسە بڕکێوە
قۆخ دەخۆن و
شەلاڵن لە ئارەقە
شەلاڵن لە ئەفسانە
شەلاڵن لە دۆزەخ
شەلاڵن لە گلەیی و
لە ڕاگواستن و لە گوتن
گوێم لێیە
لە دوورەوە ئەو دووانە
لە گەرمەی پێکەنیندان
لە ئەوجی بێدەنگیدان
لە هەرەتی خەیاڵدان
لە ترۆپکی مردن!
لە دوورەوە دەیانبینم
ئەو دووانە



لە دوورەوە دەیانبیستم
ئەو دووانە
لە دڵەوە بەخیلی دەبەم
بەو دووانە
چما ئەو دووانە لە کوێیان بوو
ئەو هەموو هەتاوە
لە کوێیان بوو
ئەو هەموو قەڵایە... ئەو هەموو عەسکەرە
لە کوێیان بوو
ئەو هەموو کوردە
ئەو هەموو خەنجەرە
لە کوێیان بوو ئەو هەموو دۆزەخە
لە کوێیان بوو ئەو هەموو فانتاسیا و
ئەو هەموو سەفەرە!
وەک ئێوارەیەکی درەنگی زستان
لەوێدا دەکەوم
هێشتا جمەم دێ
لە قاو و قیژی مناڵیی
لە هەناسەبڕکێ و
ڕاکە ڕاکە و
یاری
هێشتا لێوم تەڕە
بە هەڵفڕینی وردە شیعر
بە نیشتنەوەی وردە کۆتر
هێشتا سیمام تەڕییە
بە جێگەپێی باران
بە جێباڵی پەپوولە
بە هەڵقوڵینی وردە کانیاوی

وەک ئاوێنە ڕۆشن
هێشتا دەزانم کە قسەیەک هەیە نەمگوتووە
هێشتا دڵنیام
کە سەفەرێک هەیە نەمکردووە
هێشتا دەزانم
کە مردنێک هەیە نەیچەشتووم
هێشتا دڵنیام
کە زەریایەک هەیە
بەرەو قووڵاییبیە شینەکانی
نەیبردووم!
بەیانییەکی تر دێ و
من هێشتاکە لەوێم
زستانێکی تر و
مردنێکی تر و
بارانێکی تر و... دواجار
ئەی یار
تۆ هەر بەوێدا ڕانەبووردیت
ڕانەبووردیت ئەی یار
وەک ئەو شەوانەی هاوین
کە دەهاتیت و
منالانی ڕەنگاوڕەنگی گەڕەک
هەمووان لە سەربان بەشەرمەوە
خەون... خەون... خەون
خەونی شەرمنمان پێوە دەبینیت
نەهاتیت ئەی یار
وەک ئەو شەوانەی هاوین
کە ئاسمان هێند نزم دەبۆوە
بە خەوەوە دەستمان ڕایەڵ دەکرد و



وردە ئەستێرەمان دەوەراند
تۆ منالترینیانت دەبرد بۆ خۆت و
ئەز دەگریام
من ڕۆشنترینیانم لای خۆم گل دەدایەوە و
تۆ دەگریایت
زستانێکی تر دێ و
بەیانییەکی تر و
بارانێکی تر دەبارێ و
من دواجار
بێ باخچەیی دەموەرێنێ
دواجار بێ هەتاوی
دەست دەنێتە بینم و دەخنکێم
بەیانییەکی تر دێ و
من لەوێم
بارانێکی تر دەبارێ و
من دوور... دوور
هەزاران هەزار فەرسەخ
دوور لەمبەری ئاوەکانەوە
دوور... دوور
لەمبەری باخچەی پادشاوە
منالانە ورد دەبم
غەریبانە دەوەرێم!

گۆتینبێرگ – کۆتایی ئازاری۲۰۰۲

## بەم جلکە باراناوییانەی جەنگەوە

دەڵێی لە زەریاوە هاتووم
دەڵێی لە باخچەوە
لە ئێوارەی تەڕی شەقامەوە
لە داڵغەی گەییوی بەهێییەکەوە هاتووم
ڕادەوەستم
لە ناوجەرگەی باراندا کەمێک دوودڵ
ڕەنگێک ڕادەخەم و
ڕادەکشێم بەڕووتی
لەنێو لەپی خەناویی
چلێک شەونم
بەدەم گۆرانییەکەوە
شین وەک حوزنی
ئێوارانی کوکوختی
سپی وەک نیشتنەوەی حاجی لەقلەقێ
لەسەر منارەیەک،
جۆلانەیەک لەمبەری پەرۆشییەوە
بۆ ئەوبەری پەرۆشی
ڕایەڵ دەکەم لە (با)
قاچ دەنێمە ئاوەکە
باڵەکانم دەکەمەوە



لە دڵی خۆدا شتێک دەڵێم
نوقڵێک دەنێمە دەمم و
ئیتر خۆت بگرە
ئەی عیشقی ئەبەدی
ئاوا دێم!

لەم گەڕەکی گوێزە شاردراوانەی
مناڵییەوە باز دەدەم
بۆ ئەو گەڕەکی
سمۆرە دارەوانانەی مناڵی
لەسەربانی ئەم حەکایەتە
سەر و باڵ شکاوانەوە
کە دادم نادەن
کە دادی لاساری و دادی تەماع و
دادی تینوێتیم نادەن
بازێک دەدەمە ئەو حەوشە بەردینانەی
کە خەزنە شاهانەکانی خەیاڵی لێن
مەرحەبایەک دەکەم لە مەرجان
لە کیسەڵێکی پیری نوستوو
کە جارناجار
پەڕێک
لە باڵی مانگ دەوەرێت و
دەکەوێتە سەر ڕوخساری ئەو
دادەنەومەوە و
زۆر بەئەسپایی
مەرحەبایەکی تریش دەکەم
لە ڕژانی

ڕەنگی چاوی کونەپەپوو!
قاچ هەڵدەکەم
فێنکاییەک بەڕۆحما دەگەڕێ
جۆگەیەک لێدەدەم
لە پەلکە ڕەنگینەوە
بۆ دوورترین گوندی هەرمێ
تەڕ دەبم
بە پرژەی بزێوی ڕەنگ و
بە خوڕەی ناکاوی شەبەنگ و
تا دەگەم
وەک چۆلەکەیەکی بەختەوەری
ژێر فووارەیەک هەتاو
دەخوسێم... دەخنکێم
دەمرم و
پەلەمە بەرلەوەی
تاریک دابێ
بەرلەوەی دێوی سپی بمخوا
بێمەوە دێ
دەڵێی لە زەریاوە هاتووم
کە ئاوها گەمارۆ دراوم بەڕووناکی
بە ئەرز... بەعیشق و
بە هەور
دەڵێی لە زەریاوە هاتووم
کە ئاوا ڕوانینم شەلاڵە
لە سێبەر... لە ڕەنگ
لە لێزمە و
لە بەفر



مناڵ دەبمەوە... مناڵ دەبمەوە
مناڵتریش لە تەڵێک گیا
مناڵتر لە قومێک ئاو
مناڵتر لە فڕین بەناو سێبەر و
کوت و پڕ
پا هەڵنوتان لە پای هەتاو!
مناڵتر لە خواردنی سێوێکی مزر
لە تفکردنەوەی قاشێ ترۆزی تاڵ
مناڵتر لە نەنووسینەوەی وەزیفە
لە دڕاندنی پەڕەیەکی سپی
مناڵتر لە کردنەوەی دەفتەری ڕەسم و
بە دەمدا ڕاکشان و
وێنەکێشانی بەلەمێکی ڕاستی!
مناڵ دەبمەوە، مناڵ دەبمەوە
هێند مناڵ دەبمەوە
کە ئەوەندەی گوندێکی دڵخۆشم
لێ دەمێنێتەوە
ئەوەندەی دەنکێک زیخ
ئەوەندەی تەپۆڵکەیەکی غەمگین
ئەوەندەی سەنگەرێکی ڕەشبین
ئەوەندەی دەنکێک گۆێژ
لە بنی شێداری حەکایەتێکدا
ئەوەندەی قەبری مناڵێکی شەرمن
ئەوەندەی پرژەی تۆزقاڵێک بەفر
لە شووشەی چاویلکەی
شەهیدێکی گەشبین !
مناڵ دەبمەوە... مناڵ دەبمەوە
هێند مناڵ دەبمەوە

کە بەشی سەفەرێکم لێ دەمێنێتەوە
سەفەرێک
لە هەرێمی هەنارەوە بۆ ماڵی یار
بەشی داوای لێبوردنێک و خۆکوشتنێک
بەشی خواحافیزی کردنێک
لە دراوسێیەکی نیگەران
لە چەکدارێکی هار
بەشی کوژرانێک بەقسەیەکی سارد
بەشی پەڕاندنەوەی حافیزێک
لەمبەری کوفرەوە
بۆ ئەوبەری ئیمان!
مناڵ دەبمەوە... مناڵ دەبمەوە
ئەوەندە مناڵ دەبمەوە
کە حەز دەکەم
دوای خواردنی دەنکە شاتوویەک
لە پڕا
دیارنەمێنم و بمرم
کە حەزدەکەم
لەناو دڵۆپێک شەونمدا ڕاکشێم و
بزر بم
هێند مناڵ کە بتوانم
هەناسە بدەم
کە بتوانم هەڵگژێمە سەر دارێک
کە بتوانم هێند ڕاکەم
تا بۆ خۆم
کوت و مت دەبمە تۆز
دەبمە سوورایییەکی تەنک
دەبمە سێ چوار حەرفی یەکەمی



سەرەتای کاغەزێکی ڕاڕا
هێند مناڵ
کە بتوانم لە پێشی کۆلارەیەکدا
دانیشم و
خەریک بم بەهەموو هێزم بنۆڕم
خەریک بم تێپەڕم بەناو
وەردەکانی باراندا
تێپەڕم بەلای ئەو ماڵە سپییانەدا
کە ساپیتەکانیان لە هەورە و
دیوارەکانیشیان لە دوعا
تێپەڕم بەبەردەم ئەو ژوورانەدا
کە سەراپا نوقمی چاوەڕوانین
خەریک بم تێپەڕم
بەلای ئەو باخانەدا
کە نائومێدی
هێندەی ئینجانەی ماڵە هەژارێکی
لێ هێشتوونەتەوە
هێندەی بۆڵێک بینین
هێندەی ئاوێنەیەکی چۆڵ و هۆڵ و
هێندەی قەفەسێکی
پڕ لە فڕین !
دەڵێی لە زەریاوە هاتووم
کە ئاوها سەراپا
نوقمم لە ئێوارە
شەلاڵم لە ڕێگە... لە خورپەی هاتن
دەستتم بدەرێ
دەستە بچکۆلە و گەرمەکانت.. ئەی میهرەبان
ئەی میهرەبان دەستتم بدەرێ

که لەوەوبەر
ئاوها بەکوژراوی نەتدیوم
ئاوها بەمناڵی
ئاوها بەنوستوویی
ئاوها بەمیوانی
لەسەر قەڵاندۆشکانی باران
ئاوها پەرش و بڵاو
لە ڕاڕەوە نسرم و پێچاوپێچەکانی
سەفەر
ئاوها بەدبین... ئاوها ئارام
ئاوها فەوزا
ئاوها خەیاڵپڵاو و بەختەوەر
ئاوها تووڕە
ئاوها عاشق
ئاوها قەرەباڵخ... ئاوها ڕاڕا
ئاوها حەسود و پیر
ئاوها خۆپەرست
ئاوها شەڕانگێز، ئاوها تەنیا
ئاوها مناڵ و
ئاوها یەک نەخت شاعیر!
دەستتم بدەرێ ئەی میهرەبان
ئەی میهرەبان دەستم بدەرێ
دەستە بچکۆلە و گەرمەکانت
تۆ کە ئاوها بەم جلکە باراناوییانەی
جەنگەوە نەتدیوم
تۆ کە هەمیشە لە زەریاوە دەگەیت
تۆ کە هەمیشە
لە ڕەنگەوە هەڵدەکەیت



لە تەنیاییەوە دێی
هەڵبژێرە
لەنێوان ئاو و ئەڵماسدا
هەردووکیان کۆڵانی خۆتن
هەڵبژێرە
لەنێوان خەیاڵ و چرادا
هەردووکیان شاری خۆتن
هەڵبژێرە
لەنێوان مردن و یاریدا
هەردووکیان سەفەری خۆتن
ئەی میهرەبان دەستتم بدەرێ
تۆ کە هەمیشە
لە زەریاوە دەگەیت
تۆ کە هەمیشە
لە ڕووناکییەوە دێی
تۆ کە هەمیشە لە ڕەنگەوە
لە مناڵییەوە
هەڵدەکەیت!

سەرەتای ٢٠٠٢

# سەفەری فاتیمە

من ئەوم
ئەم ئێوارەیە سەفەرم هەیە،
بە ڕوخسەتی ئێوە، من ئەم ئێوارەیە دەچمە سەما
بیرم ناچێ بلوسە پرتەقاڵییەکەم بپۆشم
بیرم ناچێ چاوانم بڕێژم بەهەتاو
بیرم ناچێ دوو گوارە لە گوێم کەم بەڕەنگی کچێنی
بیرم ناچێ بەگاڵتەوە خۆم لە چۆلەکە خەواڵووەکان
تووڕەکەم و بڵێم:
کچینە دەی چیتان کرد با بڕۆین
گورجکەن!
من ئەوم.. ئەوێک کە بیری ناچێ
ئەم ئێوارەیە لە سەفەردایە و
دەشزانێ کە مرۆڤ لە سەفەردا بوو.. دەبێ
وەک بەرد بێدەنگی بەڵەد بێ
دەبێ هێند بەمشور و وریا بێ
کە چۆن بەدرێژایی ڕێگە لە خاڵێک بنۆڕێ
دەبێ بزانێ لە کوێدا وچانێک دەدا و
لە کوێدا نوکتەیەک دەگێڕێتەوە و
لە کوێدا عەشق دەکا و
لە کوێدا خۆی دەکوژێ و



لە کوێدا دەکوژرێ و
لە کوێدا لەبەر خۆوە دەڵێ: ئۆف.. خودایە
چەند بێتاقەت و شەکەت و تەنیام!
من ئەوم و
دڵنیام کە تەنها عاشقان دەچنە سەفەر
ئەوەی عاشق نەبێ ئەو لە کوێ و
فڕین لە کوێ؟
تەنها عاشقانن کە بەتەما نین چ کەسێک
لە دوا وێستگە چاوەڕێیان کات
تەنها عاشقانن کە هەمیشە لە سەفەردا
نەختێک ئاسمانیان پێیە بۆ موفەڕک
ئاخر ئەوان لەوەتەی هەن
دوو ماڵیان هەبووە... ماڵێک لە بیابان و
ئەوی دیشیان لە تەنیشت باران
ببوورە کە بەم هەموو برینەوە ماتڵم کردیت
بەم هەموو ژانەوە و بەم هەموو خوێنەوە
کە قوڵپ قوڵپ دەڕوا لە کچێنی
لە شەوی بکوژان
لە مێژووم!
بە ڕادەیەک ئێشم زۆرە کە گەرەکمە
هێند توند بزریکێنم
هەموو ئەم وڵاتە ساردەتان بهێنمە سەیر
هەموو ئەم عالەمە ساردە!
دوو باخی وەک خۆم خوێناوی دێنە ژێر باڵم
هێند دڵم پڕە کە نازانم بۆ مردن دەچم
یاخود دەمەوێ هەر بدوێم و شت بگێڕمەوە و
تا بەیانی هەر خۆش نەکەمەوە و ببارم

من ئەوم
ئەوێک کە ئیدی لە چارەی نووسرا
دەبێ تا ماوە لە سەفەردا بێ
دەبێ تا ماوە لەودیو پەنجەرەوە و لەژێر باراندا
سڵاو بکا لەو ژنانەی کە بەخەمباری لە دایک بوون و
بە خەمباری مردن
سڵاو بکا
لەو ژنانەی کە لەوەتی هەن قژ دەڕننەوە
لەوەتی هەن بەژانەوەن
لەوەتی هەن سەردەبڕدرێن و هەتک دەکرێن و
لەوەتی هەن لێوانلێون لە تووڕەیی
لە زریکە
لە چاوەڕوانی و تەقەی دەرگا
من ئەوم
ئەوێک کە ئیدی لە چارەی نووسرا
دەبێ ببێتە هاوڕێی گیانی بەگیانی ئەو ژنانەی
کە چاوانیان پڕە لە زەریای کوژراو
کە گوێیان پڕە لە چپەی خنکاو
کە گەروویان پڕە لە کۆتری گریاو
کە دڵیان پڕە لە نامەی تەرەکراو
من ئەوم
عاشقێک کە ئیدی هەتا ماوم
هەمیشە لە سەفەردام!

گۆتینبێرگ – سەرەتای ٢٠٠٢



## مەلەک ڕێحان

هەتاو بانگم دەکا
بەدەم هەڵقوڕاندنی چایەک و
داخرماندنی کلۆیەک شەکرەوە
بێ باکانە بەگوێمدا دەچرپێنێ:
ماڵەکەم لێرەوەیە
پێ هەڵگرە بابڕۆین
خەمت نەبێ
خۆر هێندەی ڕمێکی
بۆ ئاوابوون مابێ
لەوێین
بەدرێژایی ئەو مشتومڕە
خوێناوییەی ژێر تۆفان
لەو سەحرا وەنەوشەییەی خودادا
من دڵێکم هەر لە مەلەک ڕێحان بوو
بێ ئەوەی کەس گوێی لێی بێ
یان خۆی حەز بکا
کەس بزانێ
دایکم بەدەم کردنەوەی
بەلوعەی حەوشەوە
لەبەرخۆوە دەپاڕایەوە:

خودایە
ئەی خودای ڕەبولعالەمین
ڕێحان داوای دڵ و
داوای تاجەکانی لێ نەکاتەوە
یەک بەخۆم خەمی ئەوەم بوو
کە نەبا لەوپەڕی سەمادا
شاڵە یاقوتییەکەی بێتەوە بەبیردا
یان هەر بۆ تەریقکردنەوەم
ئەو تۆزە سوورایییە
بداتەوە بەڕوومدا
کە مەغریبیێکیان لە خۆرنشین جێما و
پیاوە پیرەکانی گەڕەک
لە خۆشییا بۆ بەرچایی
بەشی هەموومانیان
لێدا
بەوەشەوە
بەو هەموو مردنەشەوە
هێشتا مەزەندەم دەکرد
شتێک مابێتەوە لەو قسانەی
کە تەرمەکان
بەدرێژایی سەفەر نووسیبوویان
شتێکی زیاتر مابێتەوە لەو بەفرەی
کە نەدەچووە ئەقڵەوە
ئاوها لە نزیکەوە بباریێ و
بەو پیرییە
فڕینیشی بەڵەد بێ
بەوەدا کە مەرگ



سێ شەوان بوو چ سرەوتی نەبوو
دەبوو بەخۆمی بسەلمێنم و
چاوەڕێش بم
تا ئەو بیابانە بەرینە
لە بنی تەنیاییدا بنیشێ
دەبوو چاوەڕێ بم و
جارجارەش بەلاچاو
بنۆڕم:
لە جەدەلی سەربازێکی خوێناوی
بەرباران لەگەڵ خودا
بنۆڕم لە چاک و چۆنی
نەهەنگێک و ماسییەکی نایلۆن
بنۆڕم لە جێگۆڕکێی نێوان
شمشێرەکان
لە جحێڵبوونەوەی (با ) کان
دەبوو هێند گوڕی چاوەڕوانی
لەخۆدا ڕاببینم
ئامادەبم بۆ لەحزەیێ
کە هۆن هۆن
خوێن لە ڕوانینمەوە دەپژێ
لەخۆوە نەبوو
کە زۆرمان پێمان وابوو
سێ شەوە خودا جێی هێشتووین
دەمانگوت :
گەر وا نییە.. ئەدی بۆ سێ شەوە
مەرگ سرەوتی نییە و
ئەم بەفرەش بێ وچان

کەوتۆتە ڕەنگکردنی ماڵەکان!
تا ئەو کاتەی مناڵترینمان
گۆمی گومانی شڵەقاند و
لە دوورەوە وەک حەکیمێک
ئاماژەی بۆ کردین
کتێبەکان داخەن
بابچینەوە ناو خەون
گەر شتێ مابێتەوە لە عەشق
حەیفە... حەیفە
با لەژێر سێبەری ئەبەدییەتدا
هەڵیکێشین لە نوور!
هەر ئەو مناڵترینەمان
کە تێکەڵەیەک بوو
لە ئەفسانە و غروور
زوو زوو بەدەم ڕێوە
سەری بادەدا و
لەبەرخۆیەوە دەیگوت:
نا... نەدەبوو
جێمان بهێڵێت
نا... نا
نەدەبوو!
هەر ئەو خۆی
یەکەم جار چووە پێشێ
تا ترسی لە میهرەبانترین
بتیان بشکێ
وەک بیرم بێ
بەفر دانەوێوە و



پەیتا پەیتا منیشی بردە ژوورێ
تا دوایەمین قسە بردمی
تا دوایەمین نەفەس
لەگەڵ ئەوەشدا
وەک زاهیدێکی بوخارایی
دەدوام:
" سڵاو
ئەی ئەوەی کە هەمیشە
ئێوارانێ
لە زەریاوە دەگەیت!"
چما تا ئێستا
چ شتێکت بینیوە
زولاڵتر لە بەیانییە
باراناوییەکانی نەیشاپوور؟
چ جوانییەکت شک بردووە
کە ئاوها تۆفاناوی
بەبێ چ سڵەمینەوەیەک
درابێتە بۆشایی؟
نەیشاپوور
دڵم بدەرەوە
وەک چۆن ڕۆژێک لە ڕۆژان
دڵی ئەو کوژراوە
سەمەرقەندییە دڵتەنگانەت
دایەوە
نەیشاپوور
بۆم تەفسیرکە
وەک چۆن ڕۆژێک لە ڕۆژان

خودات بەچوار دێر
بۆ حافزە تفەنگ لە شانەکانی
سەر سنوور تەفسیر کرد
بگەڕێ... بگەڕێ
لەگەڵمدا بگەڕێ بۆ شتێک
منالّی بمداتەوە
سالاّنی گۆشەگیرییە گەورەکان
ڕۆژانی جەنجالّییە سەیرەکان
بۆ شتێک
عیشقە دارینەکان
بە شەرمەوە بمدەنەوە
من دەگەڕێم
دەگەڕێم و سوور دەزانم
تازە دوای ئەم هەموو
خێوە خەونی چی؟
دەگەڕێم و لێم مەعلوومە
تازە لەگەڵ ئەم هەموو
تەرمەدا
سەفەری چی؟
دەگەڕێم و
دەبێ پێ هەڵگرم
دەزانم
خۆر ڕمێکی بۆ ئاوابوون
بمێنێ
دەبێ من
لە مەلەک ڕێحان بم!

کۆتایی ١٩٩٩ – ستۆکهۆڵم



# باوکە پەنجەرەکە بکەوە
# قسەیەک لە دڵمدا ماوە
# دەیڵێم...!

*بۆ دامون*

ئێوارەیەک دادێ
یەکێک لە زەنگی دەرگاکە دەدا
بەلێدانی دڵیدا
مەزەندە دەکەم کوڕەکەم بێ
ئێوارەیەک دادێ
یەکێک لە زەنگی دەرگاکە دەدا
بەگاڵتەوە دەڵێم،
کێیت ئەی هاوڕێی ئازیز... کێ؟
ئەو بەخەمێکی قووڵەوە
بە ئەسپایی
زۆر زۆر بەئەسپایی
دەڵێ:
باوکە بیکەرەوە
منم... منم
من...!

به خەمێکی قووڵترەوە
دەڵێ:
منم... منم... یەکێ
من... میوانێ
موسافیرێ،
ع...
ا
ش...
قێ...
ئێوارەیەک دادێ
کوڕەکەم دێتەوە و... بۆتە عاشق
پاڵتۆکەی دادەکەنێ و
دەڵێ:
وای باوکە
چ بارانێکی قاییمە لە دەرێ
وای باوکە... خەریکبوو
ڕەهێڵە بمخوا
وای باوکە... هێندەی نەمابوو
چەترەکەم
بۆ دوور... دوور بمڕفێنێ و
هەر بمبا
وای باوکە... وای باوکە
تا گەیشتمەوە ماڵەوە
هەزاران کەڕەت دڵم شکا
هەزاران جۆر تام لێهات
هەزاران قەزەم هاتنە سەر ڕێم
وای باوکە



چەند دڵم تەنگە
چ ترسێکم لێ نیشت
چ لەرزێکم تێ ڕژا
وای باوکە
چەند حەزدەکەم بگریم
چەند حەز دەکەم بکەومە سەما
باوکە... ئەدی کوا مۆسیقای
پیانۆکەی خۆت
هی پیاوە کوێرەکە دەڵێم
ئەوەی ڕەسمی زەریایەکی لەسەرەو
دڵێک
ئادەی شریتی گۆرانی
ئەو پیاوە کورتەباڵا قاجارییە
دڵتەنگەی بخەسەر
کە تۆ و
هەموو ئەو نەسلە باراناوییەی
ئێوەی پیر کرد
باوکە... دەدەی شیعرێکی ناسک
شیعرێک،
لە هەڵکردنی ناکاوی بایەک بچێ
بەناو شەوی دارستانێکی نوستوودا
لە دانیشتنی عەیارانەی دوو هەرمێ بچێ
بۆ ڕەسمگرتن
لە ئێوارەی ئەو زستانە بچێ
کە هەمدیس شەقام
تۆی بەدڵی شکاوەوە
هێنایەوە ماڵ و

تۆ بۆ شەوەکەی نەنووستیت،
هەتا من درەنگانێ پێم گرت!
باوکە بۆنم کە... باوکە
بزانە بۆنی چیم لێ دێ
بۆنی قوڵپی عەشق.. یاخود بۆنی
تەشتێک ڕەشەڕێحان؟
وای چەند گەرم داهاتووم
باوکە...دەستم لێوە بدە
خۆت بڵێ:
بزانە من گەرمترم
یاخود باوەشی نیشتیمان
بزانە من دڵم خۆشترە
یان هەنار
بزانە من قەرەباڵخترم
یان ئەو مناڵییانەم
کە بەجێم هێشتوون لە کۆڵان!
باوکە خۆت بڵێ
بزانە
من تەنیاترم یان عەشق
بزانە من خەمگینترم یان چواڵە
بزانە من پەلەترم یان مەرگ
بزانە من دڵم خێراتر لێدەدا
یان دەف!
باوکە دەزانیت
زرنگەیەک لە گەرووومدایە
خەریکە بێ هۆ
دەمخاتە سەر لەرەی شیعر



خەریکە بێ هۆ
دەمخاتە خوڕەی گریان
خەریکە بێ هۆ
دەمخاتە نێڵەی زیکر
خەریکە بێ هۆ
دەمخاتە سەر هەوای
درکاندنی شتی سەیر!
باوکە دەزانیت
هاژەیەک لە گوێمدایە
لە زەریایەک دەچێ
لە دوورەوە بانگم کا
لە بانگی کەسێک دەچێ
ئازایەتیم بداتە بەر
بۆ ڕیسکی سەفەر
لە نەڕەی ڕەقیبێک دەچێ
هانم بدا
بۆ فێربوونی خووی خەراپ
لە چپەچپی ناحەزێک دەچێ
بیەوێ سەرم پڕکا لە وەسوەسە
بیەوێ لەگەڵیدا بچم بۆ ئەو شوێنەی
کە ڕەنگی لێوە هەڵدەکا
لە ورتەورتی ئەغیارێک دەچێ
بیەوێ بەمەیلی خۆی
دەستم بۆ بخوێنێتەوە
بیەوێ بەکەیفی خۆی
ئاوەڕۆی مناڵیم بۆ حونجەکا
لە نەغمەی نەیارێک دەچێ

بیەوێ لە کۆڵانی خەیاڵدا
لەبەردەم ماڵی خۆیاندا
شەرم پێ بفرۆشێ
گەلەکۆمەم لێ کا،
بیەوێ لەبەردەم مەرجاندا
تەریقم کاتەوە
بیەوێ لە چوارڕاکانی ئەفسانەدا
فریوم دا!
باوکە... باوکە
پەردەکە دابەرەوە
یارمەتیمدە بگریم
یارمەتیمدە گەرم ببمەوە
هانمدە... شتێک بگێڕمەوە،
پڕبێ لە بەفر و لە بێدەنگی و
لە دڵەکوتە
بۆم باسکە
کوێی ئەم حەکایەتە سەرەتایە و
کوێی کۆتایی؟
بۆم باسکە... باوکە
بە ئاراستەی کام بادا
دەچمەوە ژێر ڕێژنەی ونبوون
پێم بڵێ
ئەم کۆڵانانە دەچنەوە
سەرلێواری کام خەرەندی
تێداچوون؟
پێم بڵێ:
چۆن چۆنی



بۆشایی گەردوونی
نێوان یەکەمین
دوو بەیانی باش،
نێوان یەکەمین
دوو پێکەوە دانیشتن لە پاسدا،
نێوان یەکەمین
دوو قاوەخواردنەوە
پڕکەمەوە؟
بۆم باسکە
کاتێک بڕیار دەدەم
ئەوەی لە دڵمدایە بیڵێم
چۆن چۆنی دان بەخۆدا بگرم
کە ناکاو نەشکێم و
نەڕووخێم و ورد نەبم؟
بۆم باسکە
چۆن چۆنی بتوانم
بە لەت و پەتی هەستمەوە
چۆن چۆنی بتوانم
نەبمە گڵ
چۆن چۆنی بتوانم
نەبمە تەم
چۆن چۆنی بتوانم
با نەمبا
چۆن چۆنی بتوانم
باوکە
سەدەیەک،
لە ژێر باراندا هەڵکەم

بەتەنیا ؟
ئێوارەیەک دادێ
یەکێک لە زەنگی دەرگاکە دەدا
بەلێدانی دڵێدا
دڵنیام کوڕەکەمە
بە گاڵتەوە دەڵێم
کێیت ئەی هاوڕێی ئازیز
کێ ؟
ئەو بەخەمێکی قووڵەوە
دەڵێ:
باوکە منم
کوڕەکەی تۆم
باوکە پەلەمە
پەلەمە... پەلە
یەکێک لە دەرەوە
لەبەر بارانەکەدا
چاوەڕێمە
هاتووم
خواحافیزییەکت لێ بکەم و
یەکسەر بڕۆم!

گۆتینبێرگ – کۆتایی حوزەیرانی ٢٠٠٢



## ڕەنگێک کە نیشتیمان نەیبوو...!

*بۆ هونەرمەند ئازاد شەوقی*

خولیام بوو جارێکی تر بتبینمەوە
جارێکی تر لەژێر گوێسوانەی ماڵە دوور دوورەکەتا بنیشمەوە
ئەمجارەیان جگە لە شێرزاد حەسەن
ئیسماعیل و تەیرەکانی گوتیان:
" بمانبە! ئەمجارە ئێمەیش دێین...!"
ئەمجارەشیان وەکی جارەکانی تر هەر تۆ دەدوێیت و
ئێمەش هەر باڵێن و هەر بارانێن و هەر بینێن!
ئەمجارەشیان هەر تۆ دەڕژێیت و
ئێمەیش وەک گەڕەکێک مناڵی لاسار
لێکدا لێکدا بەژوور و پێپلیکانە و
هەیوان و ژێرزەمێن و
سەربان و بانیژە و حەوشە و کون و کەلەبەری
ئاسمانی تابلۆکانتا
ڕادەکەین و دەنۆڕین و دەفڕین و
پێدەکەنێن و دەبارین.
بەشێرزاد دەڵێم:
مامۆستا چۆن چۆنی لە زەنگی دەرگاکە بدەین
کە دڵی ئەو ڕەنگە ئازیزە ڕانەچڵەکێ و
لەخۆڕا قەترەیەکی نەپرژێ!

چما بلّێی ماڵەکەی هێند جێگا و ڕێگای هەبێ
کە بەش بکا بۆ شاندایانی حوزنی ئێمە و
بۆ قریوەی پێکەنینەکەی تۆ و
بۆ لە باوەش گرتنی فڕینی هەڵفڕین؟
خولیام بوو جارێکی دی بتبینمەوە
ئەی ڕەنگێک هەمیشە ئامێزت والآ
بتبینمەوە لە شار.. لەژێر هەتاودا
خولیام بوو جارێکی تر
لە قەرەباڵخی لای سەعات شەش و نیوەکانی
بەردەم کتێبخانەی سلێمانیدا بتبینمەوە
کە دونیا بۆنی ئەڤین و بۆنی چاکانی کاک عومەری شەعب و
بۆنی ڕەنگەکانی جەزا بەکر دەگرێ
خولیام بوو جارێکی تر بتبینمەوە
ئەی قەدیسێک هەمیشە ئامێزت والآ
بتبینمەوە لەبەر باراندا
بتبینمەوە لە بەیانییەکدا کەهەردووکمان لە پاسێکدا
تۆ تەڕ بەڕەنگی گەش و من تەڕ بەشیعری شەرمن
لای فولکەی سێوە مزرەکانەوە دادەبەزین و کە دێینە خوار
کیژێک بەلاماندا تێدەپەڕێ و
لە دڵی خۆیدا دەڵێ:
خودایە...چ بوو واکوت و پڕ
سینگم بەبۆنی بەهەشت تژی بوو؟
خولیام بوو جارێکی دی بتبینمەوە
ئەی ڕەنگێک هەڵکردوو لە شیعری مندا
ئەی خەمێک ڕاکشاو
لەسەر مسۆدەی یەکەمین نامەی دڵداری
ئەی منالێک هەمیشە سەرسوڕماو



لەودیو پەنجەرەکانەوە
ئەی پیاوێک هەمیشە ئامێزت والآ!
من نیگەرانم کە بێمەوە و ببینم لەوێ نیت
کە بێمەوە و ببینم باوەشێکی ترم لێ کەم بۆتەوە
کە بێمەوە و ببینم ڕەنگێکی ترم سەفەری کردووە
کە بێمەوە و ببینم شیعرێکی ترم دیارنەماوە
کە بێمەوە و ببینم
کۆڵانێکی ترم چووە بۆ پیاسەی دوور
ئەی ڕەنگێک هەمیشە باوەشت والآ
ئەمجارەش دێین
ئەمجارە جگە لە شێرزاد حەسەن
ئیسماعیل و تەیرەکانیشیم لەگەڵ دێن
ئەمجارەیان خەمگین ترین لە جاران
ئەمجارەیان دڵمان گەلێک ناسکتر و سەر و ڕیش و باڵمان
شەلاڵتره بەجێگەپێی بەفر و بەجێگەباڵی خەون و
بە جێ زامی باران
ئەمجارەیان تووڕەتر و ئارامتر و
قەرەباڵخ تر و بێدەنگترین لە جاران
لە ترومبێلەکەدا بەشێرزاد دەڵێم:
مامۆستا... با زۆر بەئەسپایی
وەک نیشتنەوەی پەڕەسێلکەیەک
لە دەرگای ماڵەکەی کاک ئازاد بدەین
ئەو پێدەکەنێ و وەڵامم دەداتەوە:
باشە چاوەکەم.... وادەکەین!

سەرەتای ٢٠٠٣

## وەک
## ترپەی گەیینی قۆخێک
## وەک خەیاڵکرنەوەی چۆلەکەیەک
## لە فڕین!

تۆ کە ئیتر ئازادیت
چ دەکەیت لێرە... باڵەکانت ئاسۆیی بکەوە و
مناڵەکانت بپێچەوە و بفڕە
بفڕە تۆ کە ئیدی دوعای کۆترە خوێناوییەکانت
گیرابوو
بفڕە تۆ کە ئیدی
خەونی باخچە سەربڕاوەکانت هاتەدی
ببیە... لە هەر زەریایەک و قومێک ئاو
لە هەر کانییەک و دەنکێک زیخ
لە هەر حەکایەتێک و موروویەک
لە هەر وەرزێک و چلێک هەور
لە هەر چرایەک و تنۆکێک شەوق
لە هەر ئینجانەیەک و بستێک خەیاڵ
لە هەر بارانێک و
هێندەی ژێر چەتری پەمەیی ژنێک
بۆنی عەتر
بفڕە تۆ کە ئیتر



شەوێکیان خەونت بەهاوینەوە بینی و
بەیانی کە خەبەرت بۆوە
ڕووتوقووت
زەنگۆڵ زەنگۆڵ شیلەی هەتاوت لێ دەتکا و
کوت و پڕ یەکێک چرپاندی بەگوێتا
چاوەکەم بفڕە.... ئاخر ئەم ڕووتییە
مانای ئەوەیە ئیتر تۆ ئازادیت.. بفڕە!
بفڕە... کە ئازادی واتە فڕین
بفڕە کە تۆ ئیدی ئازادیت
بفڕە... کە فڕین هەمیشە
ئازادبوونێکی ئەبەدییە
لە ئازادی!
بفڕە... بەرز بەرز
بەرزتر لە خانووە لمینەکانی مناڵی
بەرزتر لە مەودای ڕوانینی تەیرێک
بەرزتر لە بانیژەی خەیاڵی شیعرێک
بەرزتر... گەلێک بەرزتر لە پژانی
نائومێدانەی ڕەنگێک
بفڕە... هێند بەرز بفڕە
تا ئێوارەیەک لە چاوان ون دەبیت
وەک ئەستێرەیەک
لە دوورایییەکی شین شیندا
دەکوژێیتەوە و دەکشێیت و
بیردەچییەوە و ئاوا دەبیت
بفڕە بەرز... بەرز
بەرزتر لە نووزەی هاوارێک
بەرزتر لە زیقەی دەنگێک گڕ
بەرزتر لە باڵای گرووپ

بفرە... بفرە
بەرزتر لە ئاڵای قسە!
بفرە... بێدەنگ بفرە
وەک دیارنەمانێکی لەناکاو
قورس وەک هەنگاونانی فیل
سوکەڵە وەک واگۆنی مردنێک
کە بارەکەی جمەی بێ لە شیعر و
لە پەشمەک و لە پێکەنین
بفرە... تەنهاتر لە تەنیایی
بفرە.. چۆڵتر لە چۆڵەوانی
بفرە.. ئازادتر لە ئازادی
بفرە بێدەنگ
وەک لە ناکاوێکرا هاتن و نائومێدبوونی
تیشکێک غەریب
وەک پچڕانی ناکاوی گەردانەکەی ملی مانگ و
هەڵڕژانی چنگێک تریفە
بۆ ناو جۆگەلەیەک ئاوی شین
بفرە بێدەنگ
وەک ترپەی گەیینی قۆخێک
بفرە وەک
خەیاڵکردنەوەی چۆلەکەیەک لە فڕین
بفرە کە تۆ ئیدی ئازادیت
بفرە کە فڕین هەمیشە
ئازادبوونێکی ئەبەدییە
لە ئازادی!

یولیی ۲۰۰۳



## سیفری کورد
## کتێبی جەژن

(کە دێیت شارێک دێتە ڕێگەت. لە هەرچوار لاوە
" با "یەک بەسەرتا هەڵدەکات، بایەک لە خۆرهەڵاتەوە،
" با "یەک لە خۆرئاواوە، بایەک لە باشوورەوە و "با"یەک
لە باکور
لەوێدا خۆت دەتەکێنیت، ئاوێنە چکۆڵەکەی گیرفانت
دەردەهێنیت و لە خۆت دەنۆڕیت
هێشتا هەر لەبەر دەروازەی شاردا ڕاوەستاویت و
لە ئاوێنەکەدا دەبینیت:
دەبینیت سەراپا تەنیایی خواردووتیت،
دەبینیت:
سەراپا جەستەت شەڵاڵە لە خوێنێکی پەمەیی
لە خوێنێکی ڕەنگاوڕەنگ
لەوێدا دەست ڕایەڵ دەکەیت
وەک بڵێی بتەوێ بفڕیت،
باڵ ڕادەوەشێنیت و
چتاقیان بەرەکەت دەدەیت)

*ئەهدی نوێ – سیفری کورد*
*کتێبی جەژن*
*دەروازەی تەنیایی*

شار دیارە... شار خۆی دەشوات بەو بەیانییە
بەو بەیانییە زووە
شار تا ئەژنۆ خۆی هەڵکردووە
پێدەکەنێ... شاری میهرەبان
شاری دڵپاک
شاری پیر
لەنێو ئەستێرکێک نوور
شار دیارە... مەولا
مەولا... شارە دوورەکەی خۆت
شارە لەبیرکراوەکەی خۆت
شارە دڵ ئێشاوەکەی خۆت
شارێک کە گەر ڕۆژێک ئەسپەکانت دیار نەمان
ئەوا بزانە چتاقیان بەتاسەی ئەوێوە فڕیون و
هەنووکە هەر هەموویان لەوێن
شارێک کە گەر ڕۆژێک پەپوولەکانت
سەری خۆیان هەڵگرت
ئەوا دڵنیابە مەولا... چتاقیان
لە باخچەکانی ئەوێن!
شار دیارە... شار... مەولا شارەکەی خۆت
شارێک هەمیشە ڕاوەستاو
لەسەر بەرماڵەکانی دۆعا
شارێک هەمیشە ڕاماو لەودیو پەرژینەکانی
بەهەشتەوە
شارێک هەمیشە دانیشتوو بەبەیازێکەوە
لەسەر سەکۆکانی ئینتیزار
شار دیارە.... شار خۆی دەشوات بەو بەیانییە
لەژێر قەڵبەزەیەک نوور
شار لەبەرخۆیەوە گۆرانی دبێژێ... مەولا



گۆرانییەکی دوور... هەی لێ لێ... هەی لۆلۆیەکی خەمین
گۆرانییەک هی زەمەنەکانی تەنیایی
گۆرانییەک هی زەمەنەکانی سکوت
گۆرانییەک هی زەمەنی گەڕانەوەی ئەسپە دڵشکاوەکان
گۆرانییەک هی زەمەنی گریان!
شار دیارە
شار... لێو دەکرۆژێ شار
شار پێ دەنێ بەجەرگی خۆدا
شار لە دڵەوە دەیەوێ بگری
کەچی شار
عیززەتی نەفسی شاربوونی
ڕێگەی نادا
مەولا... گوێ ڕادێرە
گوێ ڕادێرە... مەولا
شار خوڕ خوڕ
لە ناوەوەیڕا وروژاوە بەگریان
وررووژاوە بە ژان
مەولا گوێ ڕادێرە... شار خوڕ خوڕ
بەدەم ئاودانی ئینجانەکانییەوە دەگری
بەدەم خۆراکدانی کۆترەکانییەوە
بەدەم داپۆشینی مناڵەکانییەوە
بەدەم سڵاوکردن لە هاوسێ قەڵەو و میهرەبانەکانییەوە
بەدەم لێکردنەوەی بۆڵێک ترێ لە مێوەکەیەوە
بەدەم جووڵاندنی ئارێلی تەلەفیزۆنەکەیەوە
بەدەم کڕینی قووتوویەک چوکلێتەوە
بەدەم پێچانەوەی سیگارێکەوە
بەدەم هەڵگرتنەوەی گوڵە یەخەیەکەوە
بە دەم نووسینی نامە دڵدارییەکانییەوە

بەدەم پیاسەی ئێوارانییەوە لەگەڵ هاورێ شاعیرە بوهیمییەکانیدا
بەدەم عاشقبوونە ناکاوەکانییەوە
بەدەم خواردنی نوقڵەکانی جێژنییەوە
بەدەم کوتوپڕ بڕیاردانی سەفەر و
دیارنەمانە مناڵانەکانییەوە!
شار.. دیارە مەولا
مەولا... دەگری شار
شار مناڵترە لە جاران... مەولا
مەولا.... شار دڵ ناسکترە لە جاران
شار بەدەمی پڕ لە نوقڵەوە دەگری
شار بەجلکی نوێی جێژنەوە دەگری
شار بەپێڵاوە تازەکانییەوە دەگری
شار وێنەیەک لەپاڵ ئەسپە دارینەیەکی جێژندا
بۆ یادگار دەگرێ و دەگری
شار سواری جۆلانە دەبێ و دەگری
شار تەوقە لەگەڵ کەس ناکات
شار... هەرتک دەستی لە گیرفانی دایە و دەگری
شار لە کاتی بینینی فیلمی تەڕەزاندا دەگری
شار بەلای دەرابەی داخراوی دوکانەکانا
تێدەپەڕێ و دەگری
شار بەدەم خەوەوە دەگری
شار بەدەم گریانەوە دەگری
مەولا... گوێ ڕادێرە
شار دەگری!
شار دێ... مەولا
شار بەتەنیاییەکانییەوە دێ
شار بەخەیاڵەکانییەوە دێ کە پڕن لە مەرجان
شار بەئەفسانەکانییەوە دێ



کە هەرهەمووی لە جینسی (با)ن
شار بەخەونەکانییەوە دێ
کە ئارنگ دەدەنەوە بەژیان!
شار دێ
شار بەحاجی لەقلەقە حەکیمەکانییەوە دێ
بە حەیرانبێژە پیرەکانییەوە
شار بەخەڵوەتەکانییەوە دێ و بەشەهیدەکانییەوە
شار بەتەوقەی خوێناویی جێژنەکانییەوە دێ
بەو ژن و پیاوە ونبووانەیەوە دێ
کە هەزاران ساڵە بەرەهوتەکانیان لە دوو دەگەڕێ!
مەولا... ژوورێک لە ماڵەکەت بۆ شار دانێ
بانیژەیەک لە بەهەشت
جێگایەکی بۆ دانێ مەولا
نێزیکی خۆت
وا شار دێ
جێگایەکی بۆ دانێ کە بنۆڕێ بەسەر حەوشەکەتا
بنۆڕێ بەسەر چیمەنەکانتا
بنۆڕێ بەسەر هێلانەی کۆترەکانتا
بنۆڕێ بەسەر مناڵییەکانتا
بنۆڕێ بەسەر خوێندنی کەنارییەکانتا
جێگایەک بۆ شار دانێ مەولا
جێگایەک دوور لە دەرودراوسێ بەخیلەکانی
دوور لە دوژمنە هارەکانی
دوور لەو سیحربازانەی لەوەتی هەن
جادووی ڕەشی لێ دەکەن
دوور لەو بازرگانانەی لەوەتی هەن
شتی بەگران پێ دەفرۆشن
فێڵی لێ دەکەن

دۆعای خەراپی لێ دەکەن
حەکایەتەکانی دەبەن
مووررووەکانی دەبەن
وەهمەکانی دەبەن
خەیاڵەکانی دەبەن
کە دەچێ بۆ سەفەر
کە شتێکی تازە دەکڕێ
هەر هەموو سەریان دەکەن بەیەکدا و
حەسوودی پێ دەبەن!
شار دێ... مەولا
مەولا... شار دێ
جێگایەکی بۆ دانێ لە نێزیک خۆت
جێگایەک لە تەنیشت خەونێکی خۆت
کورسییەک بەرامبەر کورسییەکەی خۆت
جێگایەکی بۆ دانێ
لە حەوشەی دواوەی
بەهەشت
کورسییەکی بۆ دانێ لە چیمەنەکە
ڕێک... مەولا
بەرامبەر خۆت!

شوباتی ٢٠٠٤ – گۆتینبێرگ



# کۆڵان

دەڵێی خەون دەبینم
دەڵێی ئەو ساتەیە بەفر دەبارێ و
شەلاڵم بەخوێندنەوەی
یەکەمین نامەی تۆ
دەڵێی ئەو ساتەیە
کە ئێوارە بەچراکانییەوە دێ
لە سەر ڕەفەیەک تەنیایی
شان دادەدا و سیغارێک پێدەکا و
بەدەم سەیرکردنی کۆڵانەوە
وەنەوز دەیباتەوە و دەنوێ
دڵم خۆشە
مناڵی خستومیەتییە فڕین
دەڵێی وام لەژێر یەکەمین باراندا و
لە یەکەمین پیاسەم و
تەڕ تەڕم بەلێزمەی ناکاوی
یەکەم ئەوین!
دەڵێی خەون دەبینم
دەڵێی ئەو ساتەیە کە گوێ ڕادەدێرم
بۆ داخستنی دەرگا و
بۆ کردنەوەی پەنجەرە و

بۆ قوڵپی پێکردنی چرا
دەڵێی ئەو ساتەیە
گوێ ڕادەدێرم
بۆ دەنگی گەورەبوونی گوڵە سۆسەنێک
لە ئینجانەی سوچێکی باخ
بۆ خش و هوڕی
هاتنەخوارەوەی تاریکی
بە پەیژەدا
بۆ دەنگی باوێشکدانی مەرگ
لەسەر کولانەی مریشکەکان
دەڵێی ئەو ساتەیە گوێ ڕادەدێرم
بۆ مشتومڕی هەمیشەیی نەنە
لەگەڵ پیری
بۆ دڵۆپ دڵۆپ ڕژانی شەرم
بەبەلوعەی حەوشەدا
بۆ گوێڕادێران
لە ڕژانی ڕەنگی چاوی
پەپوویەکی تەنیا!
دەڵێی خەون دەبینم
دەڵێی ئەو ساتەیە... لەوێی
دەڵێی ئەو ساتەیە
دڵم پەلەپەل لێ دەدا
دەست لەسەر نێوچەوانم
دەکەمە چەتر و
دەتبینم
بە ئاستەم دەتبینم
کە دوور دوور



لەوسەری کۆڵانەوە دێی!
دەڵێی خەون دەبینم
دەڵێی ئەو ساتەیە بەفر دەبارێ
کتێبەکە دادەخەم و
پێڵوو لێکدەنێم و
نزیک... نزیک
لەپاڵ نوێژێکی دایەدا
دادەنیشم
گوێ ڕادەدێرم بۆ چپەچپی دایە
کە هەمیشە لە نوێژدا
باڵای بەرز دەنوێنێ و
هەمیشەش بەزوبانێک دەئاخڤێ
جگە لە چەند وشەیەک
جگە لەو وشانەی کە یەکەمین
حەرفیان
بە گوڵ دەسپێدەکا
لە هیچی تری تێناگەم
بەڵام دەزانم ئەو دووانە
لە مێژە جەدەلیان
لەسەر خۆشترین ناوی گوڵ هەیە و
لەسەر کردنەوەی بەیانیانی
پەنجەرە
لە ڕووی (با)
جەدەلیان لەسەر تەعریفکردنی
خۆشترین بۆنی گوڵ هەیە و
لەسەر بەکرێدانی ژوورەکەی سەرەوە
بەخودا!

دەڵێی خەون دەبینم
وەک سمۆرەیەک دڵم خۆشە
بەو هەموو ڕەنگەوە
لەمسەری کۆڵانەوە ڕادەکەم
بۆ ئەوسەر
بازێک بەسەر پەلکەزێڕنەدا دەدەم
بەو هەموو ڕەنگەوە دەچمە سەربان
حاجی ڕەشیدی عارەبانچی
لەژێر دارتووەکەی حەوشەدا
ڕاکشاوە و
قووڵ گوێی ناوە بەڕادیۆکەیەوە و
زوو زوو بەمناڵەکانی و
بە کۆترەکانی و
بە ئەسپەکەی دەڵێ:
وس بن با گوێم لێ بێ
بزانین ئەم دونیا خەڕەکە شکاوە
گەییوەتە کوێ!
بە درێژایی ئەو ماوەیەی کە ئەسپەکەی
نەخۆش کەوت
حاجی چاوانی لێک نەنا و
نەنووست
گوێم لێبوو شەوێکیان
پێی گوت :
ئامۆزا ئەدی چۆن
دڵم بێ بنووم؟
ئاخر نەخۆش زۆر لەوە ناسکتر دەبێتەوە
کە بونیام بلوێ چاوی لێ خافڵکا



مردن دەتوانێ
لە چاوترووکانێکا
بە دوو قسەی خۆش
بە بووکەشووشەیەکی تووڕەهات
بە سێ چوار دەنک نوقڵی مینۆ
بە زەرفێکی چکۆڵە گۆێژ
بە عارەبانەیەکی باغە
بە بنێشتێکی سەهم
بە دوو سێ پسکیتی زەرد
فریوی بدا و
لەگەڵ خۆیدا بیبا!
دەڵێی خەون دەبینم
دەڵێی ئەو ساتەیە
کە کۆڵان جێگەی یەک دونیا شتی تیادەبۆوە
جێگەی خودا بەو گەورەییە
لە ژوورەکەی سەرێ و
جێگەی ئاسمان
بەو شینییە
لەسەر تاقی پەنجەرەکەی ژووری میوان
جێگەی هەور
بەو هەموو باران و باڵ و
هەتاوەوە
جێگەی ئەو هەموو مناڵییە و
جێگەی ئەو هەموو کەروێشکەی
ماڵەکەی ئەوبەر
جێگەی شاعیرە ڕۆب لەبەرەکە و
جێگەی دوکانی سەرسوچەکە و

جێگەی مەکتەبێک و
جێگەی مزگەوتێک و جێی کلێسایەک و
جێی قەبرسان
ئای خودایە چ گەورە بوو کۆڵان
جێگەی ئەو هەموو نامەیە و
جێی ئەو هەموو ئەڤینەی
تێدا دەبۆوە و
جێگەی قاچ ڕاکێشانی گەورەبوونمان
جێگەی شاندایانی پیری و جێی
حەمامەکە و جێی چەرخ و فەلەقەکە و
جێی هەتاو
جێگەی ئەو هەموو خەون بینینە و
جێگەی دڵشکان و جێگەی
نائومێدی و
جێگەی شەڕە شیعر و
شەڕە بەرد و شەڕە جوێن و
شەڕە تۆپەڵ و
شەڕە ئاو
جێگەی ژیان و جێی دوانزە مانگ و
جێی چوار وەرز و جێگەی سەفەر و
جێی مردن
جێگەی تووڕەبوون و
جێگەی لە هەموو شتێ تۆران و
جێگەی لە چاوترووکانێکا دیارنەمان و
وەک (با) لە شەقەی باڵدان و
هەتا هەتایە
تەرەبوون!



ئای خودایە
چ گەورە بوو کۆڵان
جێگەی ئەو هەمووەی لێ دەبۆوە و
هێشتاکەش
هۆدە و هەیوانێکی عەلاحەدەی
بە خۆڕایی دابووە
(شۆڕش) بۆ خۆی
گەر پێویستیشی کردبا
لە ڕۆژانی با و بۆراندا
تا لە گوندەوە دەگەیشت
بەناو ئەو هەموو جەیش و جاشەدا
نیوەی کتێب و دەفتەر و
مەلزەمەکانی
لێ وەردەگرت و
لەژێر مراخانییەکەیدا بۆی هەڵدەگرت
گەر لێگەڕابا نەدەڕۆیشت
تا تەباخەکەی دادەگیرسان و
شۆربایەکی گەرمی بۆ لێدەنا و
بە کەوچک دەرمانەکەشی
دەکرد بەدەمەوە
ئەوسا دەچۆوە ماڵەوە و
لێی دەنووست!
دەڵێی خەون دەبینم
دڵم پەلەپەل لێدەدا
لەسەر پردەکەی ئەوسا ڕادەوەستم
ئەو پردەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان
لێیەوە دەپەڕینەوە

کۆلان

ئەو پردە کوت و پڕ ئێوارەیەکیان
لافاو و عومر ڕایانماڵی و
ئیدی هەستمان کرد
شتێک لە ناوەوەمانڕا
زرمەی هات و
ڕما
ئێستا لەبری ئەو پردە
ئێستا لە جێی ئەو پردەی
کە پیایدا دەپەڕینەوە
گەورەبوون و
پیایدا دەپەڕینەوە
مردن و لێیەوە
دەچووینەوە بۆ ماڵ
پەلکەڕەنگینەیەکی لێیە
پەلکەڕەنگینەیەکی زۆر بەرز
کە هەنووکە بەسەریدا باز دەدەین
کە هەنووکە بەسەریدا دەفڕین
هەست دەکەین
شتێک لە ناوەوەمانڕا
وژەی دێ و
بەرەو قوولایی
بۆ سەرەوە دەدا لە شەقەی باڵ
حەیفێک ئیدی
هەر بەفەزاوە دەبین
لەنێوان ئاسمان و
ئەرزدا



لەنێوان مناڵی و
پیربووندا
لەنێوان لەدایکبوون و
مردندا
لەنێوان ئەڤین و
تیاچووندا
حەیفێک
ئیدی هەر بەفەزاوە دەبین
وەک باڵندەیەکی پیر
وەک سەماکەرێکی خەمگین
وەک کۆلارەیەکی دوور دووری
ناو یادەوەری
حەیفێک
هەر بەفەزاوە دەبین
وەک پەپوولە پایزەیەکی شەرمن
کاڵ... کاڵ
وەک تەمێکی تەنک
کاڵ... کاڵ
وەک هەورێکی سپی
حەیفێک تا ماوین
هەر
بە
فەزا
وە
دە
بی
ن

دەڵێی خەون دەبینم
دەڵێی ئەو ساتەیە بەفر دەبارێ
دڵم خۆشە
مناڵی خستوومیەتییە فڕین
دەڵێی وام لەژێر یەکەمین باراندا و
لە یەکەمین پیاسەم و
تەڕ تەڕم
بە لێزمەی ناکاوی
یەکەم ئەوین!

گۆتینبێرگ - زستانی ٢٠٠٣



## ڕاکردن بەناو سێبەردا

*بۆیە*
*ئەو تەڵە گیایە دەشنێتەوە*
*چونکە ئاسمانی لەسەر*
*نیشتۆتەوە!*

بو سێتێرلیند

بانگم دەکەیت
بە دەنگێک هی ئینسان
تۆ دەزانیت
کە دەبێ هەمیشە یەکێک هەبێ
جارناجار لە دڵەوە
بەویتر بڵێ:
"چۆنیت ئەی دۆست!"
ئەگینا ڕۆژێک دێ
ژیان دەمانکوژێ
ئەگینا ڕۆژێک دێ
تەنیایی دەمانکرۆژێ
تۆ بانگم دەکەیت
بە دەنگێک کە شەپۆل دەدا
لە ڕەنگ

که قوڵپ دەدا لە وشە
لە بلێسە
بە دەنگێک ڕووناک
وەکو باران
تەڕ تەڕ بەتەنیاییبیەک
کە لە ژوورەکانەوە هوروژم دەبا و
سەراپا شووشەی پەنجەرەکان
دەکاتە فرمێسک
کوت و پڕ تژیمان دەکا
لە خورپە
کوتوپڕ تۆفانێکمان تێدا هەڵدەکا
ڕۆحمان دەکاتەوە بەبەرا
هەڵماندەگرێ و دەمانبا
پیت بەپیت
دەمانهێنێتە قسە
قسەیەکی دێرین
قسەیەکی شیرین
قسەیەک کە منالێکی شەرمین
(منالێک کە هەمیشە لە دەرسی ماڵداریدا
نوقلێکی ترش و شیرینی
وا لە دەمدا)
بە کاڵی... بەپچڕپچڕی
لە سوچی دەفتەرێکدا نووسیویەتی
قسەیەک هێند دێرین
قسەیەک هێند شیرین
کە ئیدی بۆتە یادەوەری
بە دەنگێکی خۆش وەک هاتنی عارەبانەیەک



بۆ کۆڵان
لە باخچەکانا گوڵمان پێ دەکاتە چەپک
دڕکمان لە لەپی یاسەمینێکدا پێ دەردێنێ
کە دەکەوینە جۆگەلەیەکەوە
دەمانکاتە باوەش
کە لە سەربانێکەوە دەکەوینە خوارەوە
دەمانگرێتەوە
کە ورد دەبین کۆمان دەکاتەوە
کە دەپچڕێین دەمانهۆنێتەوە
کە سەفەر دەکەین
تا گەراج لەگەڵمان دێ
لەوێ چایەکمان لەگەڵ دەخواتەوە و
جگەرەیەکمان لەگەڵ دەکێشێ
سەرو لایەکی جانتاکانمان لەگەڵ هەڵدەگرێ
تا لە چاوان ون دەبین
دەست ڕادەوەشێنێ
فرمێسک لە چاوانی دەزێ
تا باران دادەکا
نمە نمە
هەر لەوێدا
هەر لەوێدا ڕادەوەستێ!
بانگم دەکەیت
بانگێک بەدەنگێکی دی
بانگێک جیاواز لە هەموو بانگکردنەکانی دی
بانگێک جیاواز لەو دەنگەی
کە دایکێک منالەکەی
پێ بانگ دەکاتەوە لە کۆڵان

بانگێک جیاواز لەو دەنگەی
کە مامۆستایەک
قوتابییەکەی پێ بانگ دەکاتە
بەردەم تەختەڕەش
بۆ حەلکردنی هاوکێشەیەکی قوڕ
بۆ ئیعرابکردنی پیاوێکی شەڕانگێز
بۆ پرسینی ناوی پایتەخت و ڕووبەر و
ژمارەی دانیشتوانی
ولاتێکی بێ ئاسمان و بێ باران و
بێ خۆر
بانگێک جیاواز لەو دەنگەی
کە شۆفێری پاسێک بەتەوسەوە
ڕێبوارێکی خەیاڵ پلاوی
پێ ئاگادار دەکاتەوە
بانگێک جیاواز لەو دەنگەی
کە هانمان دەدا:
وەک بێچووەشێر بچین بۆ شەڕ
کە هەڕەشەمان لێ دەکا:
گەر گلاین وەک ئەسپ بگلێین
کە ئاگادارمان دەکاتەوە:
مەنعی تەجەولە
نەچینە دەرەوە
کە وریامان دەکاتەوە:
گۆشتمان بۆ مردنە و
ئێسقانمان بۆ دوژمن!
بانگێک جیاواز لەو دەنگە ساردە عەبوسەی
کە هەمیشە لە تەلەفۆندا



بە درۆوە دەڵێ:
"هەلەو... جارێ لێرە نیم
ناو و ژمارەی تەلەفۆن و قسەکانتم
بۆ دانێ
کە هاتمەوە خۆم پەیوەندیت پێوە دەگرم!"
بانگێک جیاواز لەو دەنگەی
کە هەمیشە لە کاتی کڕینی
گێلاسدا
لە کاتی سەواکردنی قەفەسێکی
پڕ لە بولبوولدا
لە کاتی چڕینی سروودەکانا
لە کاتی گوێڕادێران بۆ پیاوێکی
هەر لە ئەزەڵەوە چوارشانە
لە تەلەفیزۆندا
تەریقمان دەکاتەوە، دڵمان دەیەشێنێ و
تەفرەمان دەدا!
بانگم دەکەیت
بەدەنگێکی دی بانگم دەکەیت
بانگێک جیاواز لە هەموو
بانگکردنەکانی دی
بانگێک هەر لە دوورەوە
بە ئەسپایی گوێچکەم پڕ دەکا
لە نەرمەغار
لە ڕژانی ئاو
لە فڕینی پەپوولە
لە نیشتنەوەی ڕیشۆڵە
لە بارینی بەفر

لە هالاوی گۆپکەی هەڵتۆقیوی نانێکی گەرم
بانگێک کە هەر لە دوورەوە دەزانم
ئیدی ئەوە پەنجەرەیەکە و
دەکرێتەوە
ئیدی ئەو قوفڵی زیندانێکە و دەشکێ
ئیدی ئەوە مناڵییە و
شنەشن لە مەکتەب ئیزن دەبێ
بانگێک ڕەنگاوڕەنگ
کوتومت
وەک وێنەکێشانی تەنیایی
وەک ژەنینی حوزن
وەک هێنانی کەروێشکێکی پەمەیی
بۆ ناو ڕستەیەکی پڕ لە گێژەر
بانگێک جیاواز لە هەموو بانگکردنەکانی دی
بانگێک کە نێزیک دەبەوە
ڕۆحم پڕدەبێ لە وژەی با
لە گرمەی هەور
لە نێڵەی ئاگر
پڕ دەبێ لە تەقوهۆڕی پاژنەی پێڵاوی
جەنگاوەرانێکی نائومێد
کە بۆنی باروت لە هەناسەیانەوە دێ و
لە ڕۆحیشیانەوە بۆنی خەرەند
پڕ لە گڤەی تەنیایی
جەنگاوەرانێکی نائومێد
کە هەر ئێستا
لەوسەری ئومێدەوە هاتوونەوە و
هەنووکەش



لە ڕاڕەوە مەڕمەڕییەکانی قەڵادا
بێدەنگ سەر بادەدەن و
بێ باک... نائومێد... ئازاد
لە سەربانی بەرزی قەڵادا
دێن و دەچن!
بانگم دەکەیت
بە دەنگێک هی ئینسان
تۆ دڵنیایت
ڕۆژێک دێ
ژیان دەمانکوژێ
ڕۆژێک دێ
تەنیایی دەمانخوا
گەر هەمیشە
یەکێک نەبێ
جاروبار لە دڵەوە بەئەسپایی
بەویتر بڵێ:
توو خودا... چۆنیت
هاوڕێ!

پاییزی ٢٠٠٣

# سۆلۆیەک
# بەچەلۆ

*بۆ کەژاڵ ئەحمەدی هاورێ و شاعیر*

بمبەرەوە ماڵەوە
بەو ڕێگەیەدا بمبەرەوە
کە جاران لێیەوە دەچوویت
بۆ ئەڤین
بمبەرەوە ماڵەوە
بەو ڕێگەیەدا بمبەرەوە کە جاران
کە جارانی بەر باران
لێیەوە دەگەڕامەوە لە مردن
بمبەرەوە ماڵەوە
خۆمانە باوەشم پێداکە
باوەشێک کە هێشتا شەلاڵە
بە بۆنی ژێربالّی پەڕەسێلکە
شەلاڵە بەزوقمێکی تەنک لە حوزن
بمبەرەوە ماڵەوە
بە هەتاودا بمبە
ناو بەناو دامنیشێنە



لەسەر لێواری ئەستێرکێک زوهد
چلّێک بەفر بدە لە یەخەم
کاسکێتێک منالّیم بکە سەر
جووتێک دەسکێش
مۆر بەڕەنگی تەنیایی
ملپێچێکی ڕەنگاوڕەنگم
چنراو بەخوریی با
بکەرە مل!
بمبەرەوە ماڵەوە
لای پەنجەرەکەوە
تۆ لای پەنجەرەکەوە دانیشە
لای پەنجەرەی فڕین
لای پەنجەرەی شیعر
لای پەنجەرەی ڕوانین
لەوێدا دانیشە و پەیتا پەیتا
شارانم پیشاندە... کۆلانەکانم
بۆ شەرح کە
بۆم باس کە: چۆنییە ڕەنگی خۆر
لەحزەیەک بەر لە پژان
بۆم باس کە چۆنییە ڕەنگی فڕین
لەحزەیەک بەر لە پێکران
منالّیم بۆ باس کە... منالّییەک
هەرچوار وەرزە
ڕێگە لێ ون
کە بەسەر پەتێکی باریک خەیالّدا
لەمبەری هەلّدێرێکی هەزار بەهەزارەوە
خەریکە

دەپەڕێتەوە ئەوبەری ورد و خاشبوون
دانیشە... لەوێدا دانیشە
تا دەگەین
بەردەم هەموو
پەنجەرەکان بۆ تۆ
تا دەگەین
هەموو گێڕانەوەکان بۆ تۆ
تا پیربوون
تا ئەوپەڕی وەڕسبوون
تا پڕ بەگەرووی کۆلانێکی شەرمنی
لێوڕێژ لە کیژی عازەب
لێوڕێژ لە ژنانی زیرەکردووی
ناو لۆرییەک ئەنفال
لێوڕێژ لە بێوەژنانی
قژی خۆ ڕنیوی
دوای جەولەیەک شەڕ
زریکاندن!
بەردەم پەنجەرەکان بۆ تۆ
تا دەست ڕاوەشاندن بۆ ڕێبوارێکی
کوژراو و بەختەوەر و
بێ باکی
لەگەڵ بادا ڕۆیشتوو
هەموو گێڕانەوەکان بۆ تۆ
هەموو پێکەنینەکان بۆ تۆ
تا ئەوپەڕی تووڕەبوون
تا کێشانی فەخفورییەکی سپی
بە ئەرزدا و



تا بەبەرد نیشانە گرتنەوە
لە سەرێک
کە پڕە لە ئیهانەتکردن
بە شەمشەمەکوێرە و کونەپەپوو
بەردەم پەنجەرەکان بۆ تۆ
هەموو گێڕانەوەکان بۆ تۆ
تا ئەوپەڕی وەڕزبوون
تا لێدانی قاقای پێکەنینێکی
بێ ئەندازە بەرز
لەسەر کورسییەکانی پێشەوەی
ئاهەنگێکی چۆڵ و هۆڵ
هەموو گێڕانەوەکان بۆ تۆ
تا ئەوپەڕی عاشقبوون
تا پوچەڵکردنەوەی پیلانێک
لە بولبول
تا نەخشەدانان بۆ کردنی سلاوێک
لە یار
تا تێکدانەوەی ناکاوی کۆشکێک
لە لم
تا دەگەین
بەردەم پەنجەرەکان بۆ تۆ
تا ئەوپەڕی ونبوون
تا ئەوپەڕی ژێوانبوونەوە
تا ئەوپەڕی هەپروون بوون!
ببەرەوە ماڵەوە
خۆمانە بدوێنە نەبا بشکێم
خۆمانە

سەری قسەم لەگەڵدا دامەزرێنە
لە بارەی بەختەوەرییە سادەکان
لە بارەی ئەو باخچانەی
کە پڕن لە عیشقی باغە
لە بارەی ئەو ژوورانەی
کە جمەیان دێ
لە بۆشایی
لە بارەی شەقامگەلێک بەتاڵ
لە بارەی دونیایەک کاکی بەکاکی
لە بارەی بانیژەیەک ڕووەو هیچ
خۆمانە دامنێ
خۆمانە وەک چەپکێک بەفر
دامنێ لە نێو گوڵدانێک شین
لەسەر تاقی پەنجەرەیەک
بە ئەسپایی دامنێ
ڕووەو کۆڵان
خۆمانە بمدە بەر خۆر
لەسەر تاقی پەنجەرەیەکی خۆمانە
دامنێ
لێگەڕێ خۆمانە بمرم
لەبەر هەتاو!
بمبەرەوە ماڵەوە
ڕزگارم کە... خۆمانە ڕزگارم کە
لە قەدەری شیعر
لە قەدەری مناڵبوونەوە
لە قەدەری بێهوودە بارین
ڕزگارم کە



خۆمانە ڕزگارم کە لە قەدەری
پەیتا پەیتا
لە خۆڕا خۆکوشتن
ڕزگارم کە
لە نەزیفی بێهوودە ڕۆح پژان
ڕزگارم کە لە قەدەری
شیعر
لە قەدەری ناسینی خەڵکی بەد
ڕزگارم کە... لە قەدەری تێشکان
ڕزگارم کە
لە ئێوارانی
لە خۆوە بازڕەبوون و
لە پایزانی لە ناکاوێکرا
دیار نەمان!

ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢

# سەعات کرێوەی عەسرێک

لێرە نیم
حەیفێک... سبەینێ ڕۆژ دەبێتەوە و
ئیدی من لێرە نیم
حەیفێک لێرە نابم
کە کەسێک سبەینێ
پەنجەرەکە دەکاتەوە
کە کەسێک سبەینێ ناوێک لەسەر
هەڵمی شووشەکە دەنووسێ
کە کەسێک سبەینێ ئینجانەکان ئاو دەدا و
بە چاوانێک ... پڕاوپڕی ڕووانین
لە دوودڵی چۆلەکە وەریوەکان ڕادەمێنێ!
لێرە نیم
حەیفێک لێرە نابم
کە کەسێک سبەینێ
شەلاڵ لە خەونێکی شین
لۆژ لۆژ دەچێتە بەر ئاوێنە
بەلوعەی دەست شۆرییەکە دەکاتەوە و
بە پیاوی تەنیای ناو ئاوێنەکە
بەو پیاوەی کە ئیدی بۆتە تەپ و نم
کە ئیدی بۆتە دەنکێک لم



کە بۆتە دڵۆپێک شەونم
دەڵێ: وای مەیموون
چ خەونێکی سەیرم پێوە بینیت
سوێند دەخۆم.... تۆ ئەمشەو زیاتر لە سەد کەڕەت
هاتییە خەونم!
لێرە نیم
حەیفێک لێرە نابم
کە سەعات پروشەی بەیانییەک
کەسێک
لەخۆوە دڵی دەکەوێتە مەراقەوە
لەخۆوە دڵی هەزار شت دەکات
لەخۆوە خەیاڵی بۆ هەزار شت دەچێ
لەخۆوە حەز دەکات کەسێک
کەسێک کە ئیتر بەڕێگاکاندا ناڕوات
کەسێک کە ئیتر لە دەرگاکانەوە نایەتە دەرێ
کەسێک کە ئیتر لە پەنجەرەکانەوە
ناڕوانێ،
بەلایدا تێپەڕێ و
پێی بڵێ:
ئەدی ئەوە دیارنیت هاوڕێ!
لێرە نیم
حەیفێک لێرە نابم
کە کەسێک سبەینێ
لەنێو قیتارێکی تیژڕۆدا
بەلای گەواڵەیەکی چکۆڵە هەوری
ڕاماو لەبەر وێستگەیەکی خەمگیندا،

تێدەپەڕێ و
کوت و پڕ دڵی وەخورپە دەکەوێ و
کوت و پڕ بانگی دەکا و
کوت و پڕ دەستی بۆ هەڵدەبڕێ و
کوت و پڕ تا دوورترین خاڵی دونیا
ئاوڕی بۆ دەداتەوە و
کوت و پڕ لەبەرخۆوە دەڵێ:
ئەدی بڵێی خۆی بێ؟
ئەدی بڵێی کەسێک بێ
کە نییە،
کەسێک بێ کە ئیدی
لە هیچ وێستگەیەکی دونیادا
ڕاناوەستێ!
لێرە نیم
حەیفێک لێرە نابم
کە سەعات نمەی بەیانییەک
لە کتێبخانەیەکدا،
کتێبخانەیەک بۆیباخ لە مل و
سیدارە بەسەر و
بۆن خۆش بەئارەقەی کتێب
شیعرێک مەلوول... دانیشتوو لەنێو بانیژەی
تەنیایی خۆیدا
شیعرێک کە هێشتا دەنۆڕێ و
کە هێشتا
ڕوون وەکو ئاوێنە دەپەیڤێ،
کەسێک... میهرەبانترین کەسی دونیا



دەچێتە ژێر باڵی و
لەسەر ڕەفەکە دایدەگرێ
پێکەوە دەچنە دەرێ
پێکەوە لە چاخانەکەی پاڵ کتێبخانە
لەژێر هەتاودا دادەنیشن
پێکەوە لەبەر باراندا پێدەکەنن
پێکەوە دەست دەنێنە گیرفان و
لەژێر بەفردا فیکە دەکێشن
پێکەوە دەنۆڕن و هێڵ بەژێر ژیاندا دەهێنن
هێڵ بەژێر
هەرهەموو ئەو شتانەدا
کە گرینگن
کە سادەن
کە تازەن
هێڵ بەژێر هەر هەموو ئەو شتانەدا
کە گەمارۆ دراون
کە دیار نەماون
کە لە پەراوێز نراون
هێڵ بەژێر شیعرێکدا
کە گەورە نەبووە
هێڵ بەژێر ساوایەکی لە پەتۆیەکی پڕ
لە پەپوولەوە پێچراو
هێڵ بەژێر بەقاڵێکی پرتەقاڵی
هێڵ بەژێر کۆلارەیەکدا گرێدراو
لە پەتی مناڵی
هێڵ بەژێر بەیانیانی چایەکی شیرین

هێڵ بەژێر تەڵێک گیا
هێڵ بەژێر چۆلەکەیەکی تازەدا
کە بەتەمایە
بۆ یەکەمین جار
بەنێو باراندا بفڕێ
هێڵ بەژێر قوتوویەکی قووپاودا
کە لە نیوەڕوانی هاوینی جۆگەیەکدا
ستران دەچڕێ!
لێرە نیم
حەیفێک لێرە نابم
کە دەرگایەک دەکەوێتە سەر پشت و
کەسی لێ نایەتە دەرێ
کە پەنجەرەیەک دەکرێتەوە و
هیچ پەپوولە پایزەیەک
پیاسەیەک بەئێوارەیدا ناکا
کە پەیژەیەک چاوەڕوانی دەیکوژێ و
کەس بەدوو بۆڵ ترێوە
بۆ هاوینانی سەر هەیڤ
پیایدا هەڵناگژێ
کە کۆڵانێک لە تەنیاییدا سوێی دەبێتەوە و
کەس توند توند بەخۆیەوە نایگوشێ
کە درەختێک دەڕووخێ و
کەس ڕەنگێکی بۆ خۆی نابات
کە باخچەیەک پیر دەبێ و
کەس گوڵێکی لە یەخەی خۆی نادات!
لێرە نیم



حەیفێک لێرە نابم
کە ئێوارەیەک دێیتە حەوشە و
ئەوە من نابم
کە پەنجەم لەسەر زەنگە و
دوو دڵ وەک بەرسیلە
لەودیو دەرگاوە ڕاوەستاوم
لێرە نیم
حەیفێک لێرە نابم
کە سەعات زستانی عەسرێک
شپرزە دێیتە دەرێ و
ئەوە من نابم
کە مناڵانە... لە بەرایی (با) و
لە درێژبوونەوەی باران ڕاماوم
لێرە نیم
حەیفێک لێرە نابم
کە سەعات ڕەهێڵەی عەسرێک
شارم بەدوادا تەی دەکەیت
ژێرباڵی پەڕەسێلکەیەکی تەڕم
بۆ دەگەڕێی
لە دەرگای ماڵی مێروولەیەکی ڕەفیقم
دەدەیت
شپرزە دەڵێیت : ئەرێ نەتان دیوە؟
دەست لە پیکابی سمۆرەیەکی مەست ڕادەگریت
خۆت بەدوکانی پەپوویەکی گوڵ فرۆشدا
دەکەیت
لەگەڵ کۆترێکی ڕەشبیندا

دەکەویتە گمەگم
لە باخێکی خزمم لادەدەیت
نێو مستی نوقاوی گوڵێکی ژێوانم
بۆ دەگەڕێی
ژێر پووشێک لە بەرهەیوانی ماڵی لەقلەق
نێوان دەنووکی زەڕنەقووتەیەک
ژێر نینۆکی ژیژکێک
قووڵایی قەترەیەک ئاوم بۆ دەگەڕێی
ژێر پێی خاڵخاڵۆکەیەک
بن دەنکێک گڵ
ناو لەپی گەرمی گوڵەگەنم
نێو مزرایی دەنکێک گوێژ
بن لاسکی ڕەشەڕێحانەیەکی زیز
ژێر زوبانی زیکزیکەیەکی لاڵ
بن گیرفانی خوساوی حەکایەتێک
بیلبیلەی چاوانی مورووییەک
نێو فەقیانەی تەڵێک ڕێواس
سەر سەربانی بۆنێک مناڵ
نێو بوخچەیەک پڕ لە خەیاڵ
ژێر توێژاڵی کلووە بەفرێک
ترپەی دڵی دەنکێک هەنار
هەر هەمووی
هەر هەمووی دەگەڕێی
حەیفێک لەو سەعات وەیشومەی
عەسرەدا
تۆ بەدوامدا دەگەڕێی و



کەچی من لێرە نیم
حەیفێک لەو سەعات کرێوەی عەسرەدا
ئیدی
م
ن
نی
م!

زستانی ٢٠٠٤

## له چواله عاشقتر...!

لە تۆدا دێم
لە تۆدا دەبارم
لە تۆدا دەنۆڕم
لە تۆدا تووڕە دەبم
لە تۆدا دەنووسم
لە تۆدا دەڕەومەوە و
لە تۆدا ون دەبم!
هەر تۆ بەدەرەوەیت و بەفر
هەر تۆ بەدەرەوەیت و من
هەر من بەدەرەوەم و کۆتایی
هەر ئێمە بەدەرەوەین و مردن
دێم بۆ لات
لەگەڵ بارینی یەکەمین بەفردا دێم
لەگەڵ هەڵکردنی یەکەمین کرێوەی پیریدا
کاتێک دێم
کە دڵتەنگی دەمتەنێ
کاتێک دێم
کە خەیاڵێک لە مردن تەنکتر
دێتە ژێر باڵم
وەسوەسەم دەکا و بەچرپە



ناوی تۆم پێدەڵێ!
لە دڵما هەڵتدەگرم
لە چاوما دەتشارمەوە
لەسەر لەپی دەستم ڕۆت دەکەم
بە هەتاو دەتشۆم
دەتخەمە ڕستەیەکەوە نیهادی فڕین و گوزارەی فڕین
دەتنێمە زمانێکەوە ئەوەڵی ئەوین و کۆتایی ئەوین
بە گەورەیی لەسەر کۆلارەیەک دەتنووسم
نەختێکت بەشی پەپوو
بەشی حاجی لەقلەق
بەشی فیل
بەشی مێرووله و شتە گچکە جوانەکان دەدەم
لە پەڕی هەڵاڵەیەکتەوە دەپێچم
لە لێواری کتێبێکدا دەترووێنم
لەژێر باڵی خاڵخاڵۆکەیەکدا داتدەنێم
لە گوڵدانێک فرمێسکدا
ئێوارەیەک بەزەریات دەسپێرم!
هەموویان لە یەک دەچن
قسەیان هەمان قسە
ڕوخساریان هەمان ڕوخسار
سەفەریان هەمان سەفەر
ئەوینیان هەمان ئەوین
شەڕیان هەمان شەڕ
مردنیان هەمان مردن
بارانیان هەمان باران
شیعریان هەمان شیعر و
نیشتیمانیان هەمان نیشتیمان

تۆ جیاوازترین قسە
تۆ جیاوازترین ڕوخسار
تۆ جیاوازترین سەفەر
تۆ جیاوازترین ئەوین
تۆ جیاوازترین شەڕ
تۆ جیاوازترین مردن
تۆ جیاوازترین باران
تۆ جیاوازترین شیعر و
تۆ جیاوازترین نیشتیمان!

ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤



# مێرگێک
## مین ڕێژکراو بەدڵ

*بۆ هونەرمەند سەروەت ئەنوەر سەوز*
*هەڵگرەوەی مین و هەڵگرەوەی دڵە*
*ئاسنەکانی ئێمە!*

تۆ لە سێبەردایت
تۆ لە باراندایت
تۆ لە ڕووناکیدایت
تۆ لە هەتاودایت
تۆ لە هەموو شوێنێکدایت
تۆ لە مناڵێکدایت
ڕاوەستاو لە چاوەڕوانی قیتارێکدا
کە ڕەنگبێ یەک دەقیقەی تر پەیدابێ و
ڕەنگیشە تا ئەبەد نەیەت
تۆ لە زەینی شینی کۆترێکدایت
تۆ لە هەڵفڕینێک
لە کەوتنەخوارەوەی گەڵایەک و
لە جیرەی کردنەوەی دەرگایەکدایت
تۆ لەوێدایت
تۆ لە هەموو شوێنێکدایت!
تۆ لە نائومێدییەکدایت کە بەیانیان بوومە لێڵ

دەست دەنێتە گیرفانی و
پاڵ بەعامودەکەی کۆڵانەوە دەدات
تۆ لە هاوارکردن لە شەقامێکی چۆڵدایت
تۆ لە لێزمەی سپێتی ژێر چەترێکی ڕەشدایت
تۆ لە گەڕانەوەی ئێوارانێکی زوودایت
تۆ لە سکوتدایت
تۆ لە هەموو شوێنێکدایت
تۆ لە ژمارەی تەلەفۆنێکدایت
کە کەسێک
لە قەرەباڵخی بازاڕێکدا
بە پەلەپروزکێ
لەسەر لەپی دەستی دەینووسێ
تۆ لە ناونیشانێکدایت... هاسان
بە هەموو کەس دەدۆزرێتەوە
تۆ بەشەقامێکەوەیت.... عاشق
هەموو کەس ڕێی تێ دەکەوێ
تۆ بەلێواری خەرەندێکەوەیت.... قووڵ
هەموو کەس نایگاتێ!
تۆ لە هەڵگرتنەوەی دڵماندایت
کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لێمان دەکەون
تۆ لە هەڵگرتنەوەی چاوانماندایت
کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەسەر ڕەفەکان بیرمان دەچن
تۆ لە هەڵگرتنەوەی پەنجەکانماندایت
کە ڕۆژێک لە ڕۆژان
بە دەرگا دڵڕەقەکانەوە دەبن و دەوەرن
کەس نایبینێ
ئەوەی کە تۆ هەڵی دەگریتەوە مین نییە



کەس نایبینێ
ئەوەی تۆ هەڵی دەگریتەوە
باڵە خۆڵاوییەکانی ئێمەیە
کە لە ترسا بەژێر گڵمانەوە کردوون
نەبا ڕۆژێک لە ڕۆژان
بەخەیاڵیاندا بێت و بۆ هەتا هەتایە بفڕن!
کەس نایبینێ
ئەوەی تۆ هەڵی دەگریتەوە دڵێکە
کە ئێمە هەمیشە لێمان دەکەوێ
ئەوەی تۆ بیرمانی دێنیتەوە
چاوێکە کە ئێمە هەمیشە لێمان ون دەبێ
ئەوەی تۆ دەماندەیتەوە
باڵێکە کە ئێمە هەمیشە لێمان دەوەرێ
ئەوەی تۆ بۆمانی دەنێریتەوە
مناڵییەکە کە ئێمە هەمیشە لێمان جێ دەمێنێ!
تۆ لە ماڵێکدایت... پڕ لە ئێوارە
تۆ لەبەر پەنجەرەیەکدایت... شەلاڵ لە کرانەوە
تۆ لە ئاوێنەیەکدایت... تەنراو بەچاوەڕوانی
تۆ لە شەوێکدایت.... تژی لە ڕۆژبوونەوە
تۆ لە جەستەیەکدایت.... چێنراو بەدڵ
تۆ بەرێگەیەکەوەیت.... سیخناخ بەمین
تۆ بەعەشقێکەوە گیرۆدەیت
لێوانلێو لە تەنیایی!
تۆ لە چ ئێستایەکدا نیت
تۆ لە ئەبەدییەتێکدایت
تۆ لە هیچ کەسێکدا نیت
تۆ لە هەموو شوێنێکدایت!

# من لە باخچەدا پیر دەبم

*بۆ د. ڕەوشەت... هەمدیس بەیادی*
*باخچەکانی ئازاد و سوعاد*

من لە باخچەدا پیر دەبم
من لەسەر درەختەکانی باخچە زمان دەگرم
من لە ئەفسانەکانی باخچەوە
دەرباز دەبم
بەیانیانێک باخچە وەک بەیانیانی عومرێک لە منالّیی ئێمە
غەرق دەبێ لە تەنیایی
سەراپا تەڕ دەبێ بە سەرگوزەشتە
ئەو هەموو ڕووبەرە لە پیاسە دەبێتە هی خۆی
وەئاگا بەقسەیەک کە با دەیلّێ
وەئاگا بەگلەیییەک کە با دەیکا
ژێوان لە نامەیەک کە نەینووسی
ژێوان لە ئەشقێک کە نەیکوشت
باخچە بەیانییەک لەوبەری زەریاکانەوە
تا ئەژنۆ
خۆی هەلّدەکا
تا ئەوسەری دلّتەنگی دەڕوا
تا کۆلّانێک ئەودیو مەزەندە
باخچە بەیانییەک وەک بەیانیانێک عومری ئێمە



لە واهیمە
بە جانتایەکەوە بەلاماندا تێدەپەڕێ
تا ئەبەد جێماندێلّێ و دەڕوا
وەک کەسێک دەڕوا کە ئیتر پێناچێ بگەڕێتەوە
وەک کەسێک دەڕوا کە دلّی لە شتێک شکابێ
وەک کەسێک دەڕوا کە لەبەرخۆیەوە لەگەلّ کەسێکی گەورەدا بدوێت
گەورە بەقەد ترس
وەک کەسێک چنراو بەدرەخت و ئەفسانە
رایەلّ بە پەیوەندیگەلی تەنک
گرێدراو بەئەوینی لۆکەیی
قەرەبالّخ بەشوێن پێی فڕین
پڕ لە دەنگە دەنگ و لە هامشۆی پەپوولە
ڕووناک بەتێپەڕینی ڕەنگ بەشاخوێنبەری وەنەوشەدا
واقوڕماو بەبۆشاییەک کە لەناکاوێکڕا دەکەوێتە مەودای بینینەوە
زەندەقچوو لە کەلێنێک کە کوت و پڕ
دەکەوێتە نێوان بێدەنگی و قسەوە
خانە گومان لە دەلاقەیەک کە لە ناکاوێکڕا
دەکەوێتە نێوان ژیان و مردنەوە
باخچە بۆ جێگایەکی دوور دەڕوا
باخچە بەیانییەک
وەک بەیانیانێک لە منالّی ئێمە
ئاو دەیبا!
هێشتا دلّێک لە باخچەدا لێدەدا
هێشتا دەستێک لە باخچەدا هەیە دلّڕەق
هێشتا پەنجەیەک لە باخچەدا هەیە ڕق دەژەنێ
هێشتا پیاوێک هەیە بەئەفسانەکانی باخچەدا دەرباز دەبێ
هەمیشە ڕەنگێک هەیە لە وجودی باخچەدا نییە
هەمیشە پیتێک هەیە لە ئەلفو بێی باخچەدا نییە

هەمیشە نهێنییەک هەیە لە ئەدەبیاتی باخچەدا نییە
هەمیشە وشەیەک لە قاموسی باخچەدا هەیە، گۆ ناکرێ
هەمیشە مەتەڵێک لە فۆلکلۆری باخچەدا هەیە، هەڵنایە
هەمیشە وێنەیەک هەیە
کە لە ئێوارەیەکی باخچەدا دەگیرێ
لە قسەیەکی کەمە
قسەیەک کە عەهدێک لە زەینی پەپوولە
بە لەحزەیەک لە ئێستای ڕووناکییەوە ڕایەڵ دەکا
هێشتا دەستێک هەیە بەخوێنی
سەری باخچە تینوو
هێشتا ڕێگەیەک لە باخچەدا هەیە
کە نامانباتەوە هیچ کوێ
هێشتا ئەشقێک لە باخچەدا هەیە
هەمیشە هەر تەفرەمان دەدا
دەمانباتەوە بەرایی گومان
دەمانباتەوە ناو حەکایەتێک
نە سەرەتای هەیە و نە پایان
ناچارمان دەکات سوێندێک بخۆین
سوێندێکی شووشەیی
ناچارمان دەکات وەک پیاوێکی سیحرلێکراو
بێباکانە شەڕ بنێینەوە
منالآنە شۆڕش هەڵگیرسێنین
شەڕانگێزانە خۆمان هەڵدەینە ئاگرەوە و
غەنیمەتە زۆر و زەوەندەکانی جەنگ
بۆ باخچە بێنینەوە
هێشتا ئاشتییەک لە باخچەدا هەیە،
ئەی دۆست
دڵڕەقانە تالآنمان دەکا!



باخچە بۆ جێگایەکی دوور دەڕوا
بۆ گەڕەکێکی دوور
بۆ پیاسەیەکی دوور
بۆ گوندێک لە بناری هەتاو
باخچە دەڕوا و
شتێک نییە لێی جێ بمێنێ و ئێمە بتوانین هەڵی گرینەوە
شتێک وەک ئاوێنە کە بشێ خۆمانی تێدا سەیرکەین
شتێک وەک کتێب کە بکرێ بیخوێنینەوە
شتێک وەک نامە کە بتوانرێ بینووسین
شتێک وەک حەکایەت کە بوار هەبێ بیگێڕینەوە
شتێک وەک وێنە کە بلوێ خۆمان بەسەیرکردنییەوە بخلافێنین
شتێک وەک منالّ کە بتوانین لە باوەشی بگرین
شتێک وەک ئەسپ کە بتوانین غاری پێ بدەین
شتێک وەک مەتەڵ کە بتوانین لاف بەهەڵهێنانییەوە لێدەین
شتێک وەک چاویلکە کە بتوانین لە چاوی کەین
شتێک وەک تەیر کە لە حەژمەت تەنیایی خۆمان
بیخەینە قەفەسەوە
شتێک وەک پەنجەرە کە بتوانین بەڕووی خۆماندا بیکەینەوە
شتێک وەک کۆلارە کە بتوانین هەڵیدەین
شتێک وەک دەرگا کە بتوانین لەسەر خۆمانی کلۆم دەین
شتێک وەک دروشم کە بتوانین
لە تەنگەتاوییە گەورەکانا بەرزی کەینەوە
باخچە دەڕوا و
جگە لە ئێمە
هیچ شتێک لە دوای خۆیەوە جێ ناهێڵێ
بەیانییەک وەک بەیانیانی منالّیی ئێمە
باخچە دڵڕەقانە دەڕوا
ئەی دۆست

باخچە شتەکانی ئێمە لەگەڵ خۆیدا دەبا و
با دەیبیا!
من لە باخچەدا پیر دەبم
من لە چارەم نووسراوە
دەبێ عومرێک گوێ لە باخچە بگرم
من لە چارەم نووسراوە
دەبێ عومرێک
نامەی دڵداری بۆ کچەکانی بنووسم
دەبێ عومرێک کوژراوەکانی بۆ پیاسە بەرم
من لە باخچەدا پیر دەبم
ڕۆژێک دێ
من بەدیار خەیاڵەکانییەوە وێران دەبم
بەدیار واهیمەکانییەوە
بەدیار ترسە ناکاوەکانییەوە
بەدیار ئافەرینکردنی شاعیر و فەیلەسوف و
گۆرانی بێژەکانییەوە
بەدیار ستایشکردنی کوڕە ئازاکانییەوە
بەدیار سەرسامبوون بەسەنەمەکانییەوە
بەدیار دڵڕاگرتنی دوکاندارەکانییەوە
بەدیار هەڵگرتنی جانتای ڕەوەکانییەوە
بەدیار ئیمزاکردنی ناڕەزایەتی نامەکانییەوە
بەدیار گوێزانەوەی شارە مێروولەکانییەوە
بەدیار ئاشتکردنەوەی زەلامەکانییەوە
من لە باخچەدا پیر دەبم
ئەی دۆست ... دەبینی ڕۆژێک
من بەدیار گوڵەکانی باخچەوە وێران دەبم
ڕۆژێک دێ... ئەی دۆست دەبینی
من دەبم بەژێر دار و پەردووی باخچەوە



دەبم بەژێر خەفەتەکانییەوە
دەبم بەژێر سێبەرەکانییەوە
دەبم بەژێر شانازییەکانییەوە
دەبم بەژێر دەسکەوتەکانییەوە
دەبم بەژێر نسکۆکانییەوە
دەبینی ئەی دۆست... دەبینیت
لە شەوێکی باخچەدا دەڕۆم و
ئیدی کەس نامبینێتەوە
دەبینی لە عەشقێکیا دەکوژرێم و
پێچراو لە هەورێکەوە دەمهێننەوە بەر دەرگای ماڵەکەی
دەبینی لە حەکایەتێکیدا ڕێ بزر دەکەم و
ئیدی گورگ لە بیابانەکانیا دەمخوا
دەبینی لە شۆڕشێکیا ژەهرخواردوو دەکرێم و
ئیدی کەس لە شاخەکانیا بەهانامدا ناگا
ڕۆژێک دێ ئەی دۆست دەبینی
ئەوە منم
کە لەژێر دار و پەردووی باخچەدا وێران بووم
ڕۆژێک دێ ئەی دۆست دەبینی
ئەوە منم
کە بەر نەفرەتی گوڵەکانی کەوتووم
ڕۆژێک دێ ئەی دۆست... دەبینیت
ئەوە منم
کە لە سەفەرێکی باخچەدا
مناڵانە پیر بووم!

ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤

## نەختێک ئاسمان و
## کەمێک درەخت...!

له ڕۆژێکی ئاساییدا دەگەڕێمەوە
له بەیانییەکی ئاشنادا
بەئاسمانێکەوە دەگەڕێمەوە شەلاڵ له تەیر و
بەباخێکەوە چنراو بەپەپوولە و
بەدارستانێکەوە تەنراو بەحەکایەتی هەمەجی
له ڕۆژێکی ئاساییدا دەگەڕێمەوە
له بەیانییەکی تەمبەڵدا
بەیانییەکی پیر
له بەیانییەکی خاو و خلیچکدا دەگەڕێمەوە و
له بەیانی نووسینی یەکەم شیعر
له ڕۆژێکدا دەگەڕێمەوە
له بەیانییەکی ئاسایی
له یەکەمین بەیانی چوون بۆ قوتابخانە و
بەیانی خۆکردن بەهۆڵی یەکەمین تاقیکردنەوەدا و
له یەکەمین بەیانیانی عاشقبوون
له ڕۆژێکی خۆشدا دەگەڕێمەوە
له بەیانییەکی هەتاودا



له یەکەمین بەیانی زویربوون و یەکەمین بەیانی سەرسامبوون
له یەکەمین بەیانی زمان تەتەڵەکردن و
له یەکەمین بەیانی شکستهێنان و دەرنەچوون
له بەیانییەکدا دەگەڕێمەوە... له بەیانی خەنیبوون
بەیانیی سەربانە و سەربان فڕین و
خۆکردن بە شەکرەخەونی شارێک پەپوولەدا
له بەیانی شوێنپێ هەڵگرتنی پەرێک تا ئەوسەری بوون
له بەیانییەکدا دەگەڕێمەوە
بەیانی نوشتانەوە بۆ عەرد و
هەڵگرتنەوەی بەردێکی تەڕ و
سلاوکردن له کرمێکی خەواڵوو
له ڕۆژێکی خۆشدا دەگەڕێمەوە
له بەیانی... بەیانی باشکردن له دونیا
له بەیانی کردنەوەی یەکەم دەرگا
له بەیانی یەکەمین باوێشکدان و
بەیانی کڕینی یەکەم سەمون و
له یەکەمین بەیانیانی سەرسامبوون
له بەیانییەکدا دەگەڕێمەوە
له بەیانی تا سەرئێسقان تەڕبوون
له بەیانی تا قووڵایی ڕۆح هۆگربوون
له بەیانی خواردنەوەی چایەکی شیرین و
خۆسپاردن بەڕیتمی دڵ
خۆسپاردن بەهارمۆنیای گەردوون
بەیانی کۆککردنی ژێی عاتیفە
لەسەر لەرەی دەنگی کوکوختی

لەسەر وژەی باڵی عیشق
بەیانی میقاتکردنی کاتژمێر
لەسەر چرکە ئەبەدییەکانی شیعر و
لەسەر دەقیقە پەشمەکییەکانی
هەمیشە هەر بەمناڵی مانەوە و
گەورەنەبوون
لە ڕۆژێکی ئاشنادا دەگەڕێمەوە
لە بەیانییەکدا شەلاڵ لە یەکەمین بینین
تەڕ بەیەکەمین تام و بەیەکەمین بۆن و بەیەکەمین ناونان و
پڕ لە یەکەمین دەستدان لە شت
بەیانی بینینی چۆلەکە بۆ یەکەمین جار
بەیانی کردنەوەی پەنجەرە بۆ یەکەمین جار
بەیانی هەڵمژتنی بۆنی ژیان بۆ یەکەم جار
بەیانی لەباوەش گرتنی مناڵ بۆ یەکەم جار
بەیانی جوینی بنێشتی سەهم بۆ یەکەم جار
بەیانی تەوقەکردن بۆ یەکەم جار
بەیانی ڕەوانەکردنی نامە بۆ یەکەم جار
بەیانی سواربوونی پاس بۆ یەکەم جار
بەیانی هەڵقوڕاندنی پەرداخێک ئاوی سارد بۆ یەکەم جار
بەیانی خۆبینین لە ئاوێنەدا بۆ یەکەم جار
لە ڕۆژێکدا دەگەڕێمەوە
لە بەیانییەکی ئاسایی
بەیانی سەندنەوەی سڵاوی دوو دڵانەی هاوڕێییەک
لەمدیو جامخانەی تەڵخی سەرتاشێکی دڵ تەڕەوە
بەیانی تێپەڕین بەلای نانەوایەکی کونجدا



بەیانی بازدان بەسەر جۆگەیەکی گورجدا
بەیانی هەڵگرتنەوەی گوڵە یەخەیەک لەسەر شۆستە
بەیانی هەستکردن بەگەرمایی دەستی کوێرێک
بەیانی بیستنی ترپەی دڵی سێوێک
بەیانی ڕاوەستان لەبەر هەتاو لەگەڵ تەنیایی
بەیانی شەلاڵبوون لە ئارەقە و
دامەزراندنی سەری قسە
بەیانی ژێوانبوونەوە و
هەڵدانی کۆلارە بزێوەکانی مناڵی
لە ڕۆژێکی هەتاودا دەگەڕێمەوە
لە بەیانییەکدا لێوڕێژ لە دوودڵیی
لێوڕێژ لە وەسوەسە و خەیاڵ
لێواولێو لە هەڵکردنەوەی بای سەفەر و
تووش بوونەوە بەپەتای جێگە بەخۆنەگرتن و
هەمدیس دانەوە لە شەققەی باڵ
لە بەیانییەکدا دەگەڕێمەوە
بەیانیی ترس
بەیانی بەجیددی وەرگرتنی مانشێتی ناقۆڵای ڕۆژنامەیەک
بەیانی تەسلیم بوون بەهەڵەی ئیملایی ژیان
بەیانی سیوابوونەوە لەگەڵ قسەی دووبارە
لەگەڵ شەڕی دووبارە
لەگەڵ پیاوی دووبارە
بەیانی داگیرکردن
بەیانی وێرانبوون
بەیانی گەلەکۆمەی بوغز

بەیانی تەنگەنەفەس بوون
بەیانی بیابان و
بەیانی شەلەشەل ڕەوکردن
لە بەیانییەکدا دەگەڕێمەوە... ئەفسووس
بەیانی وەرینی باڵەکانی فڕین و
بەیانی گەمارۆدران بەمردن !

گۆتینبێرگ – سەرەتای ٢٠٠٥

# پێرست


شیعری کۆڵان! ..... 5
لە بری پێشەکی ..... 7
ئەو گوندە ..... 9
تا هەناسە بڕکا قووڵایی ..... 12
مناڵێ کە لەوێ هاتەوە وایگوت ..... 17
مەرحەباتان لێ بێ گوڵەکان ..... 20
وەحشەت ..... 25
چەند زوو بوو بۆ عەشق.. چەند زوو بوو بۆ پیری ..... 32
ناخودا ..... 36
پەیکەرێک لە باران ..... 46
شەڕ و ئاشتی ..... 51
مناڵییەک باریو.. تەنیاییەک تەزیو ..... 55
وژەی باڵی با ..... 58
داد گوڵێ.. لە باخانم نەماوی! ..... 64
وەک ئاو ڕووت و قووت ..... 68
باخێک باروت ..... 75
تەیرەکانی ئیسماعیل ..... 79
چڵە سێبەرێک شکاو... شکاو! ..... 94
لە چاوترووکانێکا سەری وڵاتم سپی بوو ..... 110
فێرمینا داسا ..... 115
لە دایکم ڕەشبینتر ..... 120
ماڵێک لەناو زەریا... ماڵێک لە تەنیشت بیابان ..... 123
ئەو دارشەقانەی... کە ڕۆژانێک باڵ بوون ..... 128
لە گرگاشە دابەزین هەیە..! ..... 137
چۆرێک مناڵیی بنی مەرکانەیەک ..... 141





هەورماڵ ..... 146
پیاوێکی ڕژاوی ژێر چەتر ..... 149
شینترین تامی بەرسیلە ..... 151
غەدر ..... 159
بەلەمێکی کاغەزیی تەڕ... بە هەتاو ..... 166
بۆنی هەتاو ..... 170
بۆنی بخوور... لە ماڵەکەتەوە دێ ..... 178
لای فولکەی سێوە مزرەکانەوە ..... 186
سەما لەگەڵ جەنگیز... هودنە لەگەڵ مەغۆل ..... 195
قسەیەک بەبۆیەی پاستیل ..... 203
باخچەی پادشا ..... 216
بەم جلکە باراناوییانەی جەنگەوە ..... 223
سەفەری فاتیمە ..... 231
مەلەک ڕێحان ..... 234
باوکە پەنجەرەکە بکەوە قسەیەک لە دڵمدا ماوە دەیڵێم...! ..... 240
ڕەنگێک کە نیشتیمان نەیبوو...! ..... 248
وەک ترپەی گەیینی قۆخێک وەک خەیاڵکرنەوەی چۆلەکەیەک لە فڕین! ..... 251
سیفری کورد... کتێبی جەژن ..... 254
کۆڵان ..... 260
ڕاکردن بەناو سێبەردا ..... 270
سۆڵۆیەک... بەچەلۆ ..... 277
سەعات کرێوەی عەسرێک ..... 283
لە چواله عاشقتر...! ..... 291
مێرگێک... مین ڕێژکراو بەدڵ ..... 294
من لە باخچەدا پیر دەبم ..... 297
نەختێک ئاسمان و کەمێک درەخت...! ..... 303